
# ئیسلامییەکان و قەومچیانی عەرەب لە کونی دەرزییەوە سەیری ڕووداوەکان دەکەن



عەدنان حوسێن

تایبەت بۆ گوڵان دەینووسێت

لە ڕۆژی حەوتی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ هێرشێکی تیرۆریستی کرایە سەر ڕۆژنامەی (چارلی ئیبدۆ)ی فەرەنسی کە لە پاریسی پایتەختی فەرەنسا دەردەچێت، بۆ ڕۆژی یازدەی هەمان مانگ، لە پایتەختی فەرەنسا گەورەترین خۆپیشاندان لە مێژوودا سازکرا کە لە مێژووی خۆپیشاندا بەم شێوەیە نەبووە، ملیۆنان کەس ڕژانە سەر شەقامەکان بۆ بەڕێخستنی قوربانییەکان و پرۆتستۆکردنی ئەو تاوانە قێزەوەنەی کە ڕووی دا و لە ئەنجامی ئەو تاوانە و زنجیرە ڕووداوەکانی دواتر زیاتر لە ١٥ کەس کوژران و ژمارەیەکی دیکەی برینداریشی لێکەوتەوە.

لەو خۆپیشاندانە فراوانەی پاریس٥٠ سەرۆك و گەورە بەرپرس لە زۆربەی دەوڵەتانی جیهان بەشدارییان کرد، لەنێوانیاندا بەرپرسانی موسڵمان و عەرەب هەبوون، کە سووربوون لەسەر بەشداریکردن بە مەبەستی دووپاتکردنەوەی وەستانی دەوڵەت و حکومەت و گەلەکانیان دژ بە تیرۆر کە ڕۆژانە گیانی بێگوناهی دەیان کەس دەکاتە قوربانی، زۆربەی ئەو قوربانییانەش لە دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامین، ئەم خۆپیشاندانەی پاریس زیاتر پەرەی سەند، تاکو سەرجەم شارەکانی فەرەنسای گرتەوە و دواتریش گەیشتە زۆربەی پایتەخت و گەورە شارەکانی ئەورووپا.

دوای هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر ڕۆژنامەی (چارلی ئیبدۆ) نەمانبینی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا هیچ خۆپیشاندانێك سازبکرێت، مەگەر دوای دە ڕۆژ نەبێت، ئەویش لەو خۆپیشاندانانەدا پرۆتستۆی هێرشە تیرۆریستییەکە و تەنانەت تیرۆر و تیرۆریستانیش نەکرا، ئەو خۆپیشاندانانە بۆ ئەوە سازکران تاکو نارەزایی دەربڕن بەرامبەر دەرچوونی ژمارە تازەکەی ڕۆژنامە فەرەنسییەکە کە وێنەیەکی تێدا بوو و هەندێ کەس بە سووکایەتی پێکردن بەرامبەر پێغەمبەر محەمەد(د خ)یان لەقەڵەم دا، هەر بۆ ئەم مەبەستە ئەم خۆپیشاندانانە فراوانتر بوون لە ئەندەنوسیاوە بەرەو مۆریتانیا و دواتر پاکستان و ئێران و چیچان و ئەردەن و غەزەو جەزائیریشی گرتەوە. خۆپیشاندان لە نەیجەر شێوازێکی زۆر توندی بەخۆوە بینی، لەوێ خۆپیشاندەران دە کڵێساو ژمارەیەك هۆتێل و کۆگا و قوتابخانە و خانەی بێ سەرپەرشتانیان سووتاند کە لە ئاکامدا پێنج کەس کوژران و ١٢٨ی دیکەش لە هاووڵاتیانی سڤیل و پۆلیس برینداربوون، لە ڕاستیدا ئەم خۆپیشاندانە تەنیا بۆ پشتیوانی بوو لە کردەوە تیرۆریستییەکە کە پاریس و سەرجەم شارەکانی جیهانی هەژاند.

لە ڕووی سیاسیشەوە هەر چییەك کە ڕووی داوە، بگرە هەر لە ئەنجامدانی هێرشە تیرۆریستییەکە بۆسەر ڕۆژنامە فەرەنسییەکە تا دەگاتە ئەو خۆپیشاندانانەی کە پایتەختەکانی عەرەبی و ئیسلامی گرتەوە، هیچیان سوودیان بە مەسەلەی داکۆکیکردن لە پێغەمبەر

محەمەد(دخ) نەگەیاند کە تیرۆریستانی هێرشبەر بەم پاساوە ئەم تاوانەیان دەرحەق رۆژنامەکە ئەنجام دابوو، تەنانەت ئەوانەیشی کە خۆپیشاندانیشیان لە ئەندەنوسیا و مۆریتانیا و وڵاتانی دیکە سازکرد. ئەو رۆژنامەیە لە دەرەوەی فەرەنسا ئەوەندە ناوبانگی نەبوو، تەنانەت لەناو خودی فەرەنساش هەر بەم شێوەیە، رۆژانە دەیان هەزار دانەی لێ چاپدەکرێت و تووشی قەیرانی داراییش بووە، بەڵام یەکەم ژمارەی کە دوای ئەو هێرشە تیرۆریستییە دەرچوو، سێ ملیۆن دانەی بە ١٦ زمان لێ چاپکراو لە ٢٠ دەوڵەت زیاتر دابەشکراو لە ماوەی چەند سەعاتێکدا لە بازاڕ نەما، هەروەها چاپخانەکانیش بە خۆڕایی و لەسەر حیسابی خۆیان وەك هەماهەنگییەك لەگەڵ قوربانیانی کردەوە تیرۆریستییەکە بەشداریی چاپکردنیان کرد، بەواتایەکی دیکە ئەو هێرشە وایکرد کە ئەم رۆژنامەیە ناوبانگی زیاتر بێت لەو رۆژنامە گرنگانەی کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکان و بەریتانیا و ژاپۆنەوە دەردەچن، لەکاتێکدا ئەو هێرشە تیرۆیستییە و ئەوەی دواتریش رووی دا جۆرە بۆچوون و وێنایەکی لە جیهاندا هێنایە ئاراوە کە گوایە پەیوەندیی لە نێوان ئایینی ئیسلام و تیرۆردا هەیە، ئەم هێرشە لە ژێر ناوی (الله اكبر) ئەنجامدرا، کە دواتر دوو رێکخراو کە بە ئیسلامی دەناسرێن (داعش و ئەلقاعیدە لە یەمەن) بەرپرسیارێتیی ئەم هێرشەیان گرتە ئەستۆی خۆیان.

ئەو دەمەقاڵێ و کێشمەکێشەی دوای رووداوەکانی پاریس لە جیهانی عەرەب و ئیسلامدا هاتنە ئاراوە زیاتر لەلایەن ئیسلامییەکانەوە بوو، بەتایبەتیش لەلای توندڕۆکانیانەوە، کە پێیانوابوو ئەو رۆژنامەیە دەستدرێژیی کردۆتە سەر پێگەی پێغەمبەر محەمەد (دخ) و پەلاماری بیروباوەڕی پیرۆزی موسڵمانانی داوە، بێ ئەوەی سەرنجی خەڵکیانی بۆ مەترسیی لایەنە تیرۆریستییەکەی ئەم کێشەیە راکێشابێت بە مەرجێ کە دەوڵەتانی عەرەبی و ئیسلامی لە هەموو وڵاتانی جیهان زیاتر رووبەڕووی چالاکییەکانی تیرۆریستان دەبنەوە، ئەو کردەوە تیرۆریستییانەی لە دەوڵەتانی ئەوروپا و هەردوو ئەمریکا روودەدەن ناگەنە ١٠٪ی ئەوانەی کە لە ئەفغانستان و پاکستان و عێراق و سوریاو میسر و یەمەن و تونس و شوێنی دیکە روودەدەن.

هێرشەکەی سەر رۆژنامە فەرەنسییەکەو ئەوانەی کە دواتر روویاندا، بە هەموو پێوەرێك کردەوەی تیرۆریستین، چونکە هەموو قوربانییەکانیان لە خەڵکی بێ گوناە بوون واتا (پاسەوان و پۆلیس و سڤیل) بوون، ئەمە ئەگەر گوناهبار هەبووبن وەکو نیگارکێش و سەرنووسەری رۆژنامەکە.

سەیرکردنی کردەوەکەی پاریس تەنیا لە گۆشەی وێنەی سووکایەتیکردن بە بیروباوەڕی ئیسلامی و چاوپۆشین لە لایەنی تیرۆریستیی سەرجەم کردەوەکە، ئەوا بە سەیرکردنێکی تا بڵێی کەمتەرخەم دادەنرێت، چونکە لە رووی بابەتییەوە خزمەتێکی بێ بەرامبەر و خۆڕاییی پێشکەش بە رێکخراوە تیرۆریستییەکان دەکات کە هەوڵدەدەن پاساو وپاکانە بۆ کردەوەکانیان بدۆزنەوە.

ئەمە شتێکم بیر دێنێتەوە کە لە کۆتایی هەشتاکان و سەرجەم ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوو دووچاری بووبووین، لەو کاتانەدا دەیان هەزار هاووڵاتی عێراقی لەسەرجەم نەتەوەکان لە دەوڵەتانی عەرەبی و ئەوروپا دوور لە وڵات ژیانیان بەسەردەبرد، کاتێکیش رژێمی سەدام حوسێن شاری هەڵەبجە و ناوچەکانی دیکەی کوردستانی عێراقی (بالیسان و شێخ وەسانان)ی کیمیاباران کرد، هەندێ لە قەومچییانی عەرەب، ئەوانەی پشتیوانییان لە رژێم دەکرد و هاوسۆزی بوون، هەندێ پاساویان بۆ رژێم دەهێنایەوە کە گوایە دەستی لە تۆمەتی کیمیاباران دژی هاووڵاتیاندا نییە و ئەوەی هەڵەبجەی کیمیاباران کرد ئێران بوو، هەندێ جار پێمان دەگوتن: وەرن با بەیەکەوە قسە بکەین، گریمان رژێمی سەدام بەڕاستی دەستی لەوەدا نییە هەرچەندە بەڵگەی زۆر و شاهید هەن کە بەو کردەوەیە تاوانباری دەکەن، با وا دایبنێین، بەڵام ئایا هەستتان ناهەژێت و ویژدانتان ناجووڵێت کاتێ دەبینن بە هەزاران سڤیل لە منداڵ و ژن و پیر و پەککەوتە بە هێرشەکانی چەکی کیمیاوی گیانیان لە دەست دا؟ بۆچی لەگەڵ ئێمە ئەم تاوانە دژ بە مرۆڤایەتییە پرۆتستۆ ناکەن؟ بۆچی بەیاننامەی ناڕەزایی بەرامبەر ئەو تاوانە دەرناکەن و لەگەڵ قوربانیانی گەلی کورد هاوکار نابن؟

ئەم قسەیە لای ئەو قەومچییانەی عەرەب کە لایەنگری سەدام بوون، هیچ سوود و کاریگەری و دەنگدانەوەیەکی نەبوو، هەروەکو چۆن لەئێستادا هیچ قسەیەك لەگەڵ ئیسلامییەکان سوودی نییە کە پێویستە لەسەریان ناڕەزایی دەربڕن بەرامبەر هەموو شێوەو جۆرەکانی تیرۆر، جا ئەو پاساوانەی پاکانەی بۆ دەکەن هەر چۆنێك بن، ئیسلامییە توندڕەوەکان وەك قەومچییە توندڕۆکانی عەرەب لە کونی دەرزییەوە سەیری شتەکان دەکەن، هەروەك چۆن ئەو قەومچییانە یارمەتی سەدامیان دا لە زیانگەیاندن بە کێشەکانی نەتەوەی عەرەبی، ئاواش هەر بەم شێوەیە ئیسلامییە توندڕۆکان هەمان زیان بە ئیسلام و پرسەکانی دەگەیەنن کاتێ لە پاڵ تیرۆردا دەوەستن و پشتگیریی لێدەکەن.

**ئیسلامییە توندڕەوەکان وەک قەومچییە توندڕۆکانی عەرەب لە کونی دەرزییەوە سەیری شتەکان دەکەن، وەک چۆن ئەو قەومچییانە یارمەتی سەدامیان دا لە زیانگەیاندن بە کێشەکانی نەتەوەی عەرەبی، هەر بەم شێوەیە ئەوانیش هەمان زیان بە ئیسلام و پرسەکانی دەگەیەنن**

**دوای هێرشی تیرۆریستی بۆ سەر رۆژنامەی (چارلی ئیبدۆ) نەمانبینی لە جیهانی عەرەبی و ئیسلامیدا هیچ خۆپیشاندانێک سازبکرێت، مەگەر دوای دە رۆژ نەبێت، ئەویش لەو خۆپیشاندانانەدا پرۆتستۆی هێرشە تیرۆریستییەکە و تەنانەت تیرۆر و تیرۆریستانیش نەکرا**



## ڕەهەندەکانی شەڕی دژ بە داعش

# نامەیەک بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان



ڕێبوار سیوەیلی*

**ئەوەی پێشمەرگە و شەڕڤانان کردیان و دەیکەن لە مەودای مێژوویی خۆیدا کاریگەرییەکەی هیچی کەمتر نابێت لە کاریگەری شۆڕشە مەزنەکانی مرۆڤایەتی لە دژی سەرکوتکاری، وەک بۆ نموونە شۆڕشی فەرەنسی، کە هەتا ئێستاش سەرمەشقی هەر شۆڕشێکی مەزنی مرۆڤایەتییە کە لە قۆناغێکەوە شارستانییەتی گواستەوە بۆ قۆناغێکیتر. ئەوەی شۆڕشی فەرەنسی وەک نموونەی شۆڕشی مرۆیی لە مێژوودا نەمر دەکات.**

* تایبەت بە گوڵان دەینووسێت



ماندوونەبیت بۆ تۆمارکردنی سەرکەوتنێکی مەزن بەسەر داعش و داعشییەکاندا کە ئێوە و هەڤاڵانتان لە پێشمەرگە و شەڕڤان بەرجەستەتان کرد. لە کاتێکدا ئەم وشانەت بۆ دەنووسم، کە هێشتا خوێن لەسەری بڕاوی پێشمەرگە دەچۆڕێت و تازە لە بەخاکسپاردنی ئەو پێشمەرگانە دێینەوە کە پەنجا ساڵ زیاترە چەکیان لە پێناوی دۆزێکی ڕەوادا بە شانەوەیە لەدژی دوژمنەکان و هێشتا کچ و ژنانێکی زۆری ئێمە بێ چارەنووس ماونەتەوە و ئاوارەیەکی زۆر بە ناشوێندا بڵاو. لەگەڵ ئەوەشدا ئەم سەرکەوتنە هەر تەنیا سەرکەوتنێکی چەندایەتیی نییە، هێندەی ئەوەی سەرکەوتنێکی نەوعی و ڕەمزییشە بۆ کورد کە نییەت و ویستی پێشمەرگە و شەڕڤانانی یەکخست. ئەمە هەر تەنیا دەستکەوتێکیش نییە بۆ سەردەمی ئێستا، بەڵکو دەستکەوتێکیشە بۆ دوارۆژ و ڕەواندنەوەی هەر نائومێدییەك کە بۆی هەیە لە لای نەوەکانی دوارۆژ سەرهەڵبدات.

لێرەوە بۆمن هێنانەخوارەوە لە بەهای تێکۆشان و خەتی ڕاست و چەپهێنان بە سەر خەبات و قوربانیدانی پێشمەرگەدا، بە هەر بەڵگە و پاساوێك خەتێکی سوورە. لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بەبیری هەمووان بخرێتەوە کە

تاكو ئێستا تەماشاكردنی ئێمە بۆ پێشمەرگە و شەڕڤان، لە ئاستی پێویستدا نەبووە و بە هەمان نیگاوە نارِوانینە پێشمەرگە و شەڕڤانان كە میللەتانی هووشیاری جیهان لێیان دەڕوانن. پێویستە ئەم جیاوازییە بسڕینەوە و نیگای ئێمە ببێتە پێوەر بۆ بینینی مرۆڤایەتی لە ئاست تێكۆشەرانماندا.

ئەوەی پێشمەرگە و شەڕڤانان كردیان و دەیكەن لە مەودای مێژوویی خۆیدا كاریگەرییەكەی هیچی كەمتر نابێت لە كاریگەریی شۆڕشە مەزنەكانی مرۆڤایەتی لە دژی سەركوتكاری، وەك بۆ نموونە شۆڕشی فەرەنسی، كە هەتا ئێستاش سەرمەشقی هەر شۆڕشێكی مەزنی مرۆڤایەتییە كە لە قۆناغێكەوە شارستانییەتی گواستەوە بۆ قۆناغێكیتر. ئەوەی شۆڕشی فەرەنسی وەك نموونەی شۆڕشی مرۆیی لە مێژوودا نەمر دەكات، ئەو هووشیارییە بەرزەی مرۆڤایەتی و فەرەنسییەكانە، كە لێوەی دەڕوانێتە خەباتی مرۆڤ و دەستكەوتەكانی دەكاتە دەستكەوتی گەردوونی. ئێمە پێویستیمان بە وەها هووشیارییەكە كە بتوانێت خەباتی پێشمەرگە، لەو تەماشا لۆكاڵییە بەكەمزان و دوژمنكارییە سایكۆلۆژییە حیزبییە، بەرز بكاتەوە بۆ نیگا و بینینێكی مرۆییانەی باڵا كە شایانی پێشمەرگەیە..بەتایبەتی لەدوای ئەم سەركەوتن و دەستكەوتە مەزنەیانەوە. هەرچەندە زۆر خۆشە مرۆڤ ئەندامی كۆمەڵگە و نەتەوەیەك بێت كە پێشمەرگە و شەڕڤانەكانی پێكەوە لە كاتی خەوتنی هاووڵاتیاندا، دوژمنی بۆ دەبەزێنن و پێكرا سروودی ئەی ڕەقیب دەڵێنەوە، وەلێ جەخارە لەناو ئەم میللەتەدا هێشتا خاوەنی ئەو كەسانە بیت كە دوژمنانە دەڕواننە ئەم قارەمانێتییە. لێرەوە دوای پیرۆزبایی لە یەكبەیەكی داعشبەزێنان، هیوادارم هیچ پێشمەرگە و شەڕڤان و هیچ ئەندامێكی بنەماڵەی پێشمەرگە و شەڕڤانان، لە ئاست هەر كەمتەرخەمییەكدا كە لێرە و لەوێ دەیبینن، دڵیان سارد نەبێتەوە، چونكە هەر ئەوەی لەم وڵاتەدا ژیان بەردەوامە نیشانەی ئەو ڕووناكاییەیە ئەوان خستوویانەتە هەموو ماڵێكەوە. لێرەشەوە بە توندیی سەركۆنەی ئەو كەسانە دەكەم كە بەچاوی سووكەوە دەڕواننە چراكانی نیشتمان، دیارە ئەوان تاریكپەرستن..

بەڕێز سەرۆكی هەرێمی كوردستان:

هەرچەندە لە ئێستادا زووە بۆ گەڵاڵەكردنی بۆچوونێكی گشتی لەسەر ڕەهەندەكانی شەڕی داعش، بەڵام لەو ڕوانگەیەوە كە هەمیشە بواری خستنەڕووی تایبەت لە هەڵەو كەموكوڕی بەدەر نییە، پێویستە دەستپێشخەری لەوەها گەڵاڵەكردنێكدا بكەین. ئەو ڕاستییەش نابێت لەبیر بكرێ كەبەشێكی ئەم جۆرە شەڕانەش لە مەیدانەكانی جەنگەوە و بە هەمان كاتی واقیعی و مەودای جوگرافیانەوە دەگوازرێنەوە بۆ ناو شاشەكان و لەوێش شەڕێكی تر دەستپێدەكات.

لەگەڵ ئەوەی كە شەڕەكە پێشبینیكراو بوو، بەڵام كەس ئەوەندە دڵنیا نەبوو شەرفرۆشتنی داعش بەم زووانە و بەو ڕاستەوخۆییە، یەخەی ئێمە بگرێتەوە. كەسیش دڵنیا نەبوو لەوەی ئاخۆ كۆمەڵگەی باشووری كوردستان، دوای ئەوەی لە ژێر زەبری ململانێ و كۆنەقینە ناوخۆیی و ئەو كێشانەی لە ئەنجامی دروستبوونی ئۆپۆزیسۆن و دەسەڵاتەوە دروستبوون، كە هەموویان پێكەوە وایانكردبوو كۆمەڵگەی كوردی بۆنی هەڵوەشانەوەی لێبێت، ئەوەندە یەكهەستییانە و یەكدەستییانە بچێتە بەرەی بەرگرییەوە. لەگەڵ ئەوەشدا كە ئەمانە هەمووی دڵخۆشكەرن، پێویستە هەندێ شتیتریش باس بكەین و خۆمانی بۆ ئامادە بكەین و لە زۆر بواریشدا، بەخۆشماندا بچینەوە، چ وەك حكومەت و لایەنە سیاسییەكان، چ وەك ئۆپۆزیسیۆنەكان و چ وەك تاكەكەسی ئاسایی..

هەمیشە جەنگ لە دژی داعش بەلای منەوە چەند ڕەهەندی هەیە.

یەكەم: جەنگ لە دژی خراپەی ڕەها، خراپە لە هەر بەرگێكدا، لەبەر ئەوە ئەم جەنگە جەنگێكی دانسقەیە و یەكێكیش لە شێوازەكانی بەشداربوون لەم جەنگەدا سەنگەر و جەبهەیە كە پێشمەرگە دەیكات. شێوازەكانی بەشداربوون لەم جەنگەدا زۆرن كە گرنگترینیان ئەوەیە چۆن مامەڵە و هەڵوێستی خۆمان لە مامەڵە و هەڵوێستێكی سایكۆرۆژنامەوانییەوە بكەینە هەڵوێستێكی مەعریفی. ئەم جەنگە لەسەر خۆمان چیمان فێر دەكات؟ داعش چ هەستێك، چ بیركردنەوەیەك چ كاردانەوەیەك لە ئێمەدا دروستدەكات وەك تاكەكەس؟ پێش ناسینی داعش چۆن بیرم دەكردەوە و ئێستا چۆن بیر دەكەمەوە؟ كوردبوونی من لەبەردەم خراپەی داعشدا دەكەوێتە كوێی ئەو وێنەیەی بۆ خۆمم هەیە وەك مرۆڤ؟ ئایا داعش لە یەكتری نزیكخستینەوە، یان زیاتر دابڕی كردین؟ دووژمنی هاوبەش هەمیشە یەكخەر بووە، ئایا ئەم دوژمن و ترسە هاوبەشە تا چەندە دەستمان پێهەڵدەگرێت لە شوناسە لۆكاڵییەكان، شارچێتی و ناوچەچێتییەكانمان، دابەشبوونە ئایدیۆلۆژییەكانمان، پابەندبوونە كوێرانەكانمان بە ئایدیۆلۆژیا ساواوەكان و میكانیزمەكانی ترسی بەدەروونیكراوەوە. ئایا شیوەن بۆ ئێزیدییەكان چەندە ئەوان و ئێمە لەسەر بازنەی كوردبوون كۆدەكاتەوە و لە شێوەنێكی فەیسبووكیانەوە دەیكەینە چالاكییەك بۆ فراوانبوونی بازنەی كوردستانیبوونمان؟

**جێكردنەوە، حساب بۆكردن و بەرجەستەكردنی سیما و شوناسی ژنانەی پێشمەرگە، ئەم هێزە لە هێزێكی ڕێزلێگیراوی ڕێژەیی و سنووردارەوە دەكاتە سوپایەكی بێسنوور ڕێزلێگیراو**

**ئەگەر (گۆران)ی شاعیر لە ئێستای كۆمەڵگەی كوردستاندا ژیابا، هیچكەس ئەو شیعرەی لێنەدەكری كە تیایدا باسی برایەتی كورد و عەرەب دەكات**

ئەگەر بە چاوێکی وردیش بڕوانییە مرۆڤ لە دۆخی جەنگدا، ئەوە پێویستە تێڕوانینمان بۆ مرۆڤ فراوانتر بکەین لەمەشدا هۆکارە خودی و بابەتییەکانیش لە هەڵوێستوەرگرتندا کاریگەریی خۆیانیان هەیە و پێویستە لەبەرچاویان بگرین.

دووەم: بەرەیەکی تری جەنگ لە دژی داعش، ئاشکرابوونی ئەو داعشییانەیە کە لەناوماندا ئەژین و خۆزگە بە پیادەبوونی دروشمەکانی داعش دەخوازن بەسەر لاشەی ژن و منداڵ و مرۆڤدا. داعش هەر تەنیا تەعبیر نییە لە گرووپێکی ئاشکرای خوێنڕێژ، بەڵکە بەدیارخەری لایە شاراوەکانی نێو کۆمەڵگەی خۆشمانە بە پەردە هەڵدانەوە لەسەر ئەو کەسانەی لە کەنارمانەوە داعشییانە بیر لە ئایین و ئەوەکانیتر دەکەنەوە و ڕۆژانە بەناو زمان و هەستی گەنجەکانماندا زەمینەی هاتنی داعش دەچێنن. بەلای منەوە ئەم داعشییانە زۆر مەترسیدارترن لەوانەی لە بەرەکانی جەنگدا و لە ماڵ و گەڕەکەکاندا سەری خەڵك دەبڕن و وەك دەستکەوتێك بۆ دین و مەرامەکانیان دەیخەنەڕوو. سەربڕینی ڕۆحیی و ئیرادییانەی مرۆڤ هیچی کەمتر نییە لە سەربڕینی جەستەیی. بۆیە ئەم بەرەیەی جەنگ پێویستی بە کەرەستەی تایبەتی خۆی هەیە و پێویستی بە خۆئامادەکردنێکی جددی هەیە بۆ ئەوەی سنوور بۆ هەر کەسێ دابنرێ کە لە ڕوانگە و سایکۆلۆژیا و بە ئامانجی داعشییانە دەنگی خۆی بەسەر کۆمەڵگەدا بەرز دەکاتەوە و مەرامەکانی خۆی بەسەر کەسەکاندا دەسەپێنێت. بەبێ پێداچوونەوە بەم مۆڵگانەدا شەڕێکی سەراپایی دژی داعشییەت کۆتایی پێنایەت، کە زیاتر شەڕێکی زانستی و یاسایی و مافە لەگەڵ داعشیزیمدا نەك شەڕی سەنگەر.

سێیەم: بەبێ بیرکردنەوە لە چەکداماڵینەوە لە کۆمەڵگە سەرکەوتنی ئەم شەڕە مانایەکی نابێت. ئەم شەڕە و ئەو حەماسەتەی لە کۆمەڵگەدا بڵاوی کردۆتەوە، ڕەوایی دایەوە بە هەڵگرتنی چەك لەلایەن ئاپۆرەو خەڵکەوە. ئەزموونی مێژووش ئەوەی دەرخستووە کە چەك بە دەستی خەڵکی غەیرە پڕۆفێشناڵەوە بۆ زۆر مەبەستی تریش بەکار دێت. لە کۆمەڵگەیەکی وەك کوردستاندا زۆرینەی کوشتنەکانی شەرەف، کچ و ژنکوژی، تۆڵەکردنەوە، غەریبەکوژی، چوونەسەر ماڵی یەکتر، دوژمنداری و هتد، بەهۆی چەکەوە ئەنجام دەدرێن و دراون. پرسیاری هەرە گرنگ ئەوەیە، ئایا ئەو چەکهەڵگرتنەی ئەمڕۆ کە بەشێکیشی هەڵگری نیشانەکانی بێشوناسی پیشاندەدەن، لە پاش شەڕی داعش لوولەی تفەنگەکان ڕوو دەکەنە کوێ و لە کوێ هەڵدەگیرێن؟ ئایا بەدیلەکانی ئەو شوناسەی چەك دەیبەخشێت و لە ئەنجامی ئەمەشەوە باڵادەستبوونەوەی نێرایەتی بەسەر سایکۆلۆژیای خەڵکدا دەبێت چی بن؟ ئایا چ میکانیزمێکی هەمەلایەنی و لەلایەن گشت هێزەکانەوە بگیرێتە بەر بۆ ئەوەی چەك تەنیا لە دەستی سوپا و پێشمەرگە و خەڵکی پڕۆفێشناڵدا بێت، نەك عاممەی خەڵك؟

چوارەم: ئەم شەڕ پێفرۆشتن و جینۆسایدە داعشییانەیە تۆوێکی مەترسیداری ڕق و کینەشی تا سنووری ڕەگەزپەرستییەکی مەترسیدار لە کۆمەڵگەی ئێمەدا چاندووە. داعشییەکان بەم تاوانەی لە سەر خاکی برینداری کوردستان و لەسەر جەستەی پێشمەرگە و شەرڤان و ئێزیدییەکان و ناوچە هێشتا دابڕاوەکان ئەنجامیان دا، یادەوەری کوردەکانیشی لە سەر تاوانەکانی بەعس و ئەو گشتاندنەش کە لەم یادەوەرییەوە بۆ عەرەب دەکرێت، زیندوو کردەوە. لەسەروو هەموو ئەمانەشەوە، بەشێکی زۆری کورد هێشتا لە ناوچە عەرەبنشینەکانی عێراق دەژین و هەروەها کورد لە ئێستادا ئامادەییەکی جیهانی هەیە و کێشەکەی تا ئەندازەیەك ڕێزلێگراوە، بەشێکی زۆری ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ هەوڵ و خەباتی جالییەی کوردی لە وڵاتانی تر بە وڵاتە عەرەبیەکانیشەوە، بۆیە هەڵوێستی کیناوی گرووپێکی کوردەکان لە ناوەوە نابێت وەك گورز وەشاندێکیشی لێبێت لە خەباتی کوردی بەشەکانیتر و کوردی وڵاتانیتر و ژیان و پێگەیان بخاتە مەترسییەوە.

پێنجەم: شکستهێنان بەداعش و داعشییەت، وەك فۆرمێکی بیرکردنەوەی ئایینی، دەمانخاتە بەردەم چەندین پرسیاری داناییناسییانە لە سەر ئایین و باوەڕداری. ئایا ئەوەی تا ئێستا بە شێوەیەکی باو لە کۆمەڵگەی ئێمەدا وەك ئاییندراری باو بووە، هەڵەیە و ئایینی ڕاستەقینە ئەوەیە کە داعش ئیدیعای دەکات، یان شتێکیترە؟ لەبەر ئەوە پێدەچێت هەڵوێستی کوردییانە لە ئایین لە دوای داعشەوە خۆی لەم گومانە ڕزگار بکات و تاك و کۆمەڵگەی کوردستانی نەیەوێت ئەم فۆرمە لە ئاییندارییی توندڕەوانە وەك باوەڕدارییی خۆی قەبووڵ بکات. هەرچەندە من بەم لێکدانەوەیە زۆر گەشبین نیم، بەڵام هەستیش دەکەم ئەمە پرسیارێکی شاراوەی ناو ناخی زۆرێك لەو باوەڕدارانە بێت کە هەستی مرۆییان بەهۆی کردەوە تاوانکاریەکانی داعشەوە بریندار بووبێت، چونکە ئامانجی ئەوان لە باوەڕداریدا هەمان ئامانجی توندڕەوانە نییە. کەواتە پێویستیمان بە کرانەوەیەکی ئایینی زۆر دەبێت لەلایەن چالاکوانانی ئایینی و لایەنە ئیسلامییەکانی کوردستانەوە، بۆ گفتوگۆی کراوەتر

**کورد نایەوێت چیتر وەک جاران بێ مەرج و دڵسافانە بچێتە ناو هیچ میساقێکی ئەخلاقی و سیاسییەوە لەگەڵ عەرەب کە ئایین خاڵی کۆکردنەوەیان بێت و داعشییەت دەموچاوەکەی بێت**

**پێویستیمان بە کرانەوەیەکی ئایینی زۆر دەبێت لەلایەن چالاکوانانی ئایینی و لایەنە ئیسلامییەکانی کوردستانەوە، بۆ گفتوگۆی کراوەتر لەسەر ئایین و باوەڕداری لە کوردستاندا، بەتایبەتی کە داعش هەرچییەکی کرد بەناوی ئەم ئایینەوە کردی**

**بەرەیەکی تری جەنگ لە دژی داعش، ئاشکرابوونی ئەو داعشییانەیە کە لەناوماندا ئەژین و خۆزگە بە پیادەبوونی دروشمەکانی داعش دەخوازن بەسەر لاشەی ژن و منداڵ و مرۆڤدا**

**ئایا شیوەن بۆ ئێزیدییەکان چەندە ئەوان و ئێمە لەسەر بازنەی کوردبوون کۆدەکاتەوە و لە شیوەنێکی فەیسبووکیانەوە دەیکەینە چالاکییەک بۆ فراوانبوونی بازنەی کوردستانیبوونمان؟**

لەسەر ئایین و باوەڕداری لە کوردستاندا، بەتایبەتی کە داعش هەرچیەکی کرد بەناوی ئەم ئایینەوە کردی. لەم ڕووە چاوەڕوانییەکـــی زۆرم هەیە لە بیرمەندان و خاوەن بۆچوونە ئایینییەکان بۆ گفتوگۆی کراوە لەسەر ئایینی ئیســـلام، بەتایبەتی کاتێك ئەم ئایینە لە ســـاتەوەختی داعشەوە لە یادوەریی کوردییانەدا خۆی وەك بەدیلێك بۆ داگیرکاری و قەتڵوعام و سێکسگەرایی دەناسێنێ.

شەشەم: شـــەڕ و سەرکەوتن بەسەر داعشدا هەڵگری نامەیەکی ڕوونی کوردییانەشـــە بۆ کۆمەڵگە عەرەبی و ئیســـلامییەکانیش. لەو نامەیەدا نووسراوە، ئەوەی لە سکاڵا و هاواری کوردییانەمان بەدەستی بەعسەییەکان و ڕژێمە داگیرکەرەکانیتری خاکی کوردستان تێینەگەیشتن و خۆتان لێنەکرد بە خاوەن و بێهەڵوێســـتیتان لە ئاستدا پیشـــانداین، بە هۆی شکســـتی داعش لە کوردستان، تێیبگەن. هەروەها ئەم نامەیە هەڵگری ڕەتکردنەوەیەکی ئاشـــکرای ئیســـلامیی توندڕەویشـــە لە کوردستاندا، ئەویـــش نەك هەر لـــە هەرێمی کوردســـتان، بەڵکو لە کۆی پارچەکانیتریش کە نوێنەرانیان لەم شـــەڕە دژ بە داعشـــییەدا بەشـــداربوون ئەویش بە هۆی ئەو هەستە نەتەوەییەوە کە ئەو قەناعەتەی دایە کوردەکان کە : ئەوان لە هەمان کەشتیدان و هێشتا کورد شەڕی مانەوە دەکات. داعش کە بە لووتشـــکاوی دەگەڕێتەوە، ئەو دەستەش لەگەڵ خۆی دەباتـــەوە ئەو کۆمەڵگەیانە کە ئومێد لە ســـەرکەوتنی داعشدا دەبینن. بۆیە دەکرێ لە نامەکەدا ئەو ڕاستییەش بخوێندرێتەوە کە کورد نایەوێت چیتر وەك جاران بێ مەرج و دڵسافانە بچێتە ناو هیچ میساقێکی ئەخلاقی و سیاســـییەوە لەگەڵ عەرەب کە ئایین خاڵی کۆکردنەوەیان بێت و داعشـــییەت دەموچاوەکەی بێت. هەروەها ئەم شەڕە بۆ هەمیشە ئەو دڵسافییەی کوردی بەرامبەر عەرەب لە عێراقدا ڕووشـــاند کە بێمەرج برای چاوڕەشی بێت. ئەگەر (گۆران)ی شاعیر لە ئێستای کۆمەڵگەی کوردستاندا ژیابا، هیچکەس ئەو شیعرەی لێنەدەکـــرِی کە تیایدا باســـی برایەتی کورد و عەرەب دەکات. خودهووشـــیاری نەتەوەیی کوردەکان لە شەڕی دژ بە داعشـــدا، بەرەو پێگەیشتوویەکی بەرزتر دەچێت کە لە مێژووی ترس لە دوژمنی هاوبەشـــدا نەبیندراوە. لەگەڵ ئەوەشدا کورد پێویستی بەوەیە کە ئەم حەماسەتە نەتەوەییە بکەنـــە ئەخلاقێکی بـــەرزی مامەڵەکردنی مرۆیـــی لەگەڵ عەرەب، نەك گشـــتاندنی ئەزموونی تایبەت لەم بەشەی مێژوودا بەسەر گشت ئەو بەشانەی تری مێژوو کە لە داهاتوودا دین.

حەوتەم : کوردەکان ئێســـتا لە دۆخـــی برینداری و بەرگریدان، بەڵام سەرەتاکانی یەکگرتوویی کوردستانی لە هاوشـــانێتی هێـــزە چەکـــدارەکان و لـــە خەباتی هاوئامانجیاندا بـــە ڕوونی دیارە، ئومێدیش ئەوەیە ئەم ئیرادە گشـــتییەی پێشمەرگەی کوردســـتانی گەورە بەرجەستەی دەکات، ببێتە گوشارێك بۆ سەر سیاسییە بیر تەسکەکان تا بەسەر ئیرادەی تاکەکەسی خۆیاندا زاڵ ببن. هەروەها ئەم حەماسەیە لە داهاتووشدا هەروەکچۆن هەلی بەخشـــینەوەی متمانە دەداتەوە گرووپ و هێزە ناکۆکەکانی ناوخۆی هەر پارچەیەکی کوردستان، ئاواش گووشار دەخەنە سەر لایەنە سیاسییەکانی هەر پارچەیەك بۆ یەکگرتوویی پارێزگاریکردن لە شوناســـی کوردبوون بە پشتگوێخستنی ململانێ ئایدیۆلۆژییەکانیان. ئەمە جگە لەوەی پێشبینی دەکرێ ئەو هێزانە بە بەردەوامییان لەسەر لاسارییە ئایدیۆلۆژیەکانیان نەك هەر ڕووبەڕووی نەفرەتـــی هاووڵاتیانی پارچەکانـــی خۆیان بکەون کە تیایدا دەســـەڵاتدارن، بەڵکە کۆدەنگییەك دروستبێت لە دژیان لە ئاســـتی کوردستانی گەورەدا. ئەمەش بواری بەخۆداچوونەوەیەکی باشە بۆ هەموو لایەك..

هەشتەم: هێزی پێشـــمەرگەی کوردستان دوو هەلی گـــەورە و دەگمەنـــی بۆ ڕەخســـاوە کە لـــە ڕێگەی بەکارهێنانیان و سوودلێوەرگرتنیان دەتوانێت شوناسێکی نوێ و جیهانییانە بۆ خۆی دەستبەر بکات، بەتایبەتی لە بواری جەنگاوەری و سەربازیدا تا بۆ داهاتوو بتوانێت متمانەی خۆی لەسەرەوە هەڵچنێ بۆ هەر بارودۆخێك کە پێویســـتی بە یارمەتی دەرەکـــی و تەکنەلۆژیای ســـەربازی دەبێت بەبێ مانەوە لە چاوەڕوانیدا. یەکەم: خۆی لە ئینتیما ئایدیۆلۆژییە حزبیەکان ڕزگار بکات و شوناسێکی نەتەوەیی بەخۆی ببەخشێت و خوێندنەوە و لەخۆتێگەیشـــتنێکی ناحزبییانە، ناناوچەگەرییانەی بۆخـــۆی هەبێت. ئەم لەخۆتێگەیشـــتنەی تا ئێســـتا هێزی پێشـــمەرگە خۆی پێوە دەناسێتەوە و سنوورداری دەکات لەوەی تەنیـــا هێز و چەکداری ئەم حزب و ئەو کەسایەتی و ئەو بەرەو ئەو شار و ناوچە بێت، لە ڕووی مەعنەوییـــەوە ئەم هێزەی لاواز کـــردووە و ناهێڵێت لە ئاســـتی ســـێمبولێکی تەقلیدییەوە بۆ ئەم لایەن و ئەو لایەن، ببیتە نیشانەی ناسینەوەی خەباتی نەتەوەیەکی گەورە کە کێشـــەیەکی نەتەوایەتی هەیە نەك کێشەی ناوخۆیی.

دووەم هەل کە بۆ هێزی پێشـــمەرگە ڕەخساوە ئەوەیە کە شوناســـی خۆی لە شوناسێکی نێرسەنتەرەوە بکاتە شوناســـێکی نەوعیی کـــە تیایدا گەریـــلا و کچانی پێشمەرگە بە کردەیی هونەرە ســـەربازییەکانی خۆیان و توانای بەشـــدارییان لە جەنگدا بۆ کورد و بۆ جیهان ســـەلماند و ئەمـــەش ڕەنگدانـــەوە و کاریگەرییەکی

بەرچاوی هەبوو لە هەموو میدیا جیهانییەکاندا، جێکردنەوە، حساب بۆکردن و بەرجەستەکردنی سیما و شوناسی ژنانەی پێشمەرگە، ئەم هێزە لە هێزێکی ڕێزلێگیراوی ڕێژەیی و سنووردارەوە دەکاتە سوپایەکی بێسنوور ڕێزلێگیراو. هەرچەندە لە ماوەی خەباتی چەکدارانە و ڕزگاریخوازانەی ساڵانی پێشوودا، شوێنی ژن لەو خەباتەدا، چ وەك پێشمەرگە، چ وەك پۆستەبەر و چ وەك نێهنیپارێز و چ وەك نانکەر و جلشۆر و چ وەك هەر چالاکوانێکیتر کە خزمەتی کردووە، شوێنێکی بەرزە، بەڵام بەو هۆیەوە کە ئەم خەباتە شوناسێکی نێرسەنتەرانەی هەبووە، ئەوە ژنانیش ناچاربوون بە وەرگرتنی ئەم شوناسە و دەستهەڵگرتن لە شوناسی خۆیان، درێژە بە خەبات بدەن بەبێ ئەوەی چەوسانەوەی ڕەگەزییان لەسەر کەمبێتەوە و دواجار لە کۆمەڵگەیەکی تەقلیدیدا وەك کەسایەتی دووەم حسابیان بۆ کراوە و یاساکانی نێرسەنتەرییان بەسەردا جێبەجێکراوە تەنانەت لە بواری یاسا و دەستووریشدا. بەڵام ئەمجارەیان و لە شەڕی دژ بە داعشدا، ژنانی گەریلا و پێشمەرگە وەکخۆیان و بە شوناسی خۆیانەوە بەشدارییان کرد، کە پێشتریش ئەم شوناسەیان لە بەشەکانیتری کوردستانی دابەشکراودا بەرجەستە کردبوو، بەتایبەتی لە دەڤەری خۆرئاوای کوردستان. سوودوەرگرتن لەم هەلە و ڕەتکردنەوەی ژنانی پێشمەرگە بۆ چوونە ژێرباری فۆرمە تەقلیدییەکەی نێرسالاری لە بواری سوپادا، پێویستی بەوە هەیە بونیادی لەخۆتێگەیشتنی ئەم هێزە بگۆڕدرێت. ئەمەش دوو هەلی تر دەخاتە بەردەم ژنان لە وڵاتی ئێمەدا کە یەکەمیان ئەوەیە دەبنە هۆی گۆڕانێکی گەورە لە شوناسی نەوعیی هێزی پێشمەرگە و بەدەستهێنانی دانپیانانێکی جیهانیتر بۆی لە دوارۆژدا. دووەمیشیان ئەوەیە کە ژنانی پێشمەرگە هاوکات بە خەبات لە ئاستی نەتەوەییدا خەباتی دێوەگەورەکەی پیاوسالاریش لە بواری سوپادا بکەن و ئەمەش بۆ ئەوان دەستکەوتێکی مەزنە.

نۆیەم: هەرچەندە لێرەدا ناتوانم بە درێژی باسی بکەم، بەڵام چ لەم بارودۆخە و چ لە ساڵانی پێشتریشدا، کوردەکانی دەرەوە بەشێکی گرنگی پشتیوانی و هێزی چالاکوانی و بەرجەستەکەری شوناسی کوردییانە بوون لەو وڵاتانەی تیایاندا ژیاون. ئەم کوردانە چ بە نووسین، چ بە بەشداری و چ بە چالاکییەکانی سەرشەقام توانیویانە لەگەڵ هەر ڕووداوێکدا کە لەبەشێکی کوردستان بەسەر کۆمەڵگەدا دەسەپێندرێت، ویژدانی خەڵکی وڵاتە داڵدەدەرەکانیان بجووڵێنن و لە ئاست بەرپرسیارێتی خۆشیاندا بن. ئەم دۆخەش دووبارە ئەوانی وەك هێزێکی دژە داعشی و پشتیوانیکەر لە خەڵکی کوردستان ناساندەوە و ئەو چالاکییانەی ئەوان لە وڵاتانی جۆربەجۆر ئەنجامیاندا، بۆ خەڵکی ئەو وڵاتانە ڕێزلێگیراو بوون و ئەمەشمان لە هاوهەڵوێستی خەڵکی نەرویژ و ئەڵمانیا لەگەڵ کوردەکان و لە دژی داعشییەکان و ڕەگەزپەرستی و شۆڤێنیزم بینی. بۆیە پێویستە ئەم هێزە مرۆییە گەورەیەش لەلایەن لایەنی بەرپرسیاری هەرێمی کوردستانەوە وەك هێزێکی بەشداربوو لە کۆی پرۆسەکەدا تەماشای بکرێت.

دەیەم: چارەنووسی دیاریکراوی یاسایی و مەعنەوی کەسوکاری پێشمەرگە شەهیدەکان و بریندارەکان چارەنووسی ئەم سەرکەوتنەیە. نابێت داعشبەزێنی ئەو ڕاستییەمان بیر بەرێتەوە کە ئەم سەرکەوتن و دەستکەوتە خۆی لە دابینکردنی ژیانێکی شکۆدارانە بۆ منداڵانی شەهید و کەسوکاریان بە پاراستنی مافی دایکایەتی و هاوسەرێتییەوە، چونکە ئەوان باجی قورسی ئەو دۆخە دەدەن، دەبینێتەوە. ئەم بەشەی سەرکەوتن بەتەنیا گرنگیی خۆی هەیە و ئەوە ئاشکرا دەکات کە هووشیاریی سەرکەوتنی ئازادیخوازانە هەر بەتەنیا سەرکەوتن نییە لە نیگایدا بۆ دوژمن، بەڵکو سەرکەوتنیشە لە تێڕوانینیدا بۆ داهاتووی قوربانی.

بە لەبەر چاوگرتنی هەموو ئەم خاڵانە و چەندانیتریش، وەك دەرئەنجامێکی سەرەتایی ئەوە بەدیدەکرێت، کە چیتر کوردەکان وەکخۆیان نامێنن، کوردبوون و لەخۆتێگەیشتن دەچێتە قۆناغێکیترەوە کە لە ئێستادا مرۆڤ بە گەشبینییەوە لێیدەڕوانێت. مەرجی بەردەوامی ئەم ڕەوتەش یەکلاکردنەوەی ناکۆکییە ناوخۆیی و هۆکارە خودییەکانی ململانێی هێزە کوردستانییەکانە، چونکە تەنیا لەم ڕێگەیەوە دەتوانن بێمتمانەیی شەقام بگۆڕن و متمانەیان بەهێز بکەنەوە، هەروەها کەلتووری پەرتەوازەیی بگێڕنەوە بۆ کەلتووری یەکئامانجی و بەخشینی ئەو هەستەی کە دەبێت کورد لە مێژووی خۆیدا لەدایك ببێت. ئەمەش دوای ئەوەی بە ئەزموونی چەندین سەدە تێگەیشتین کە هۆکارە بابەتییەکانی بەناکام گەیشتنی کوردەکان نەگۆڕاون و هەمیشە ڕیزێك دووژمنی ئامادە و خۆماتداو بۆ ئەوان چوونە پەناوە. لێرەوە شەڕی ئێوە هێشتا تەواو نەبووە و دوای ئەوەی لە بەرەکان دەگەڕێنەوە شەڕی بیناکردنەوەی پەیوەندییە سیاسییەکان و کۆمەڵگەی کوردی چاوەڕێتان دەکات..

---

*** مامۆستا لە بەشی فەلسەفەی زانکۆی سەلاحەدین**

**شێوازەکانی بەشداربوون لەم جەنگەدا زۆرن کە گرنگترینیان ئەوەیە چۆن مامەڵە و هەڵوێستی خۆمان لە مامەڵە و هەڵوێستێکی سایکۆرۆژنامەوانییەوە بکەینە هەڵوێستێکی مەعریفی**

**پێویستە بەبیری هەمووان بخرێتەوە کە تاکو ئێستا تەماشاکردنی ئێمە بۆ پێشمەرگە و شەڕڤان، لە ئاستی پێویستدا نەبووە و بە هەمان نیگاوە ناڕوانینە پێشمەرگە و شەڕڤانان کە میللەتانی هووشیاری جیهان لێیان دەڕوانن. پێویستە ئەم جیاوازییە بسڕینەوە و نیگای ئێمە ببێتە پێوەر بۆ بینینی مرۆڤایەتی لە ئاست تێکۆشەرانماندا**

لە دیمانەیەکی تایبەتی گوڵاندا

# ئالان تۆرین

## بیرمەندی گەورەی فەرەنساو جیهان:

# دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان مافێکی بنەڕەتییەو ناکرێت دانوستاندنی لەسەر بکرێت



■

**یەکێک لەو شتانەی کە پێمخۆشە پێش مردنم بیبینم دروست بوونی دەوڵەتی کوردستانە**

■

**قەسابخانەکەی شارلی ئیبدۆ فەرەنسای مێژوویی گێڕایەوە نێو ڕۆحمان، بێگومان مەبەستم فەرەنسای کۆلۆنیالیست نییە، بەڵکو فەرەنسای خاکی ئازادی و سەرچاوەی ڕۆشنگەری و شۆڕش لەپێناوی ئازادی ڕادەربڕیندایە**



**لە کۆتاییەکانی ساڵی ٢٠١٤ هاوکاری بەڕێزم د.عادل باخەوان ئاگاداری کردمەوە کە لەناوەڕاستی مانگی کانوونی دووەمی ٢٠١٥ لەگەڵ ئالان تۆرین بیرمەندی گەورەی فەرەنسا و جیهان، دیمانەیەکی تایبەت بۆ گوڵان ئەنجام دەدەین، وێڕای ئەوەی د.باخەوان چەندین دیمانەی دیکەی پێشتر بۆ گوڵان لەگەڵ بیرمەندانی گەورەی فەرەنسی وەک (ڕێجیس دۆبریە و مارسیل گۆشێ) و چەند بیرمەندێکی دیکەی فەرەنسی بۆ ئەنجام دابووین، بەڵام ئەم دیمانەیەی تۆرین بۆ ئێمە، وەک گوڵان و بۆ د.باخەوانیش تایبەتمەندیەکی زیاتری هەبوو، بۆ ئێمە وەک گوڵان زیاتر لەبەر ئەوەبوو هەندێک لە کتێبەکانی تۆرین بە تایبەتی کتێبی(دیموکراتی چییە؟) کراون بەکوردی و هەروەها کتێبەکانی دیکەشی بەشی زۆریان کراون بە عەرەبی و خوێنەری کوردستانی باشوور زیاتر پێیان ئاشنایە، دیارە بۆ د.باخەوانیش کە خۆی لەم بابەتە ڕوونی کردۆتەوە، ئەوەی لەم چەند دێڕەدا گرنگە بە خوێنەرانی گوڵانی ڕابگەیەنم، ئەم دیمانە تایبەتانەی گوڵان لەگەڵ بیرمەندانی فەرەنسی پرۆژەیەکە د.باخەوان جێبەجێی دەکات و سەرەنجامیش کۆی ئەو دیمانانە دەکرێتە کتێبی گوڵان و پێشکەشی هەموو خوێنەرانی کوردستانی دەکەین، ئەمەش دەقی دیمانە تایبەتەکەی گوڵانە لەگەڵ ئالان تۆرین.**

**دیمانە: د.عادل باخەوان ـ پاریس**

*** ٧ ی ژەنیوەری ٢٠١٥، کە دەکاتە ڕۆژی چوارشەمە، کاتژمێر ١١ و چارەك، کە چرکەساتی قەسابخانەکەی پاریس بوو، بەڕێزتان لەکوێ بوون؟ چیتان دەکرد؟ بیرتان دێت؟**

- لە ماڵەوەبووم، هێشتا نەگەیشتبومە قوتابخانەی خوێندنی باڵا. سەرگەرمی پیاداچوونەوەی دواکتێبم بووم. کاتژمێر ١٢ و شتێك، کریستێل(کە سکرتێری تایبەتی ئالان تورێنە) تەلەفۆنی بۆکردم و ئاگاداری کردمەوە لەوەی کە چی لە شارلی ئیبدۆ ڕوویداوە. لە ڕۆژی چوارشەمەوە تا ڕۆژی یەکشەمە، ئەوەی لە فەرەنسادا ڕوویدا، شتێکە نزیك لە وەحی ئیلاهیەوە بۆ کۆمەڵگاو نەتەوەی فەرەنسی بەگشتی و بۆ جمهوریەت بەتایبەتی. زیاتر لە چەند ساڵێکە، فەرەنسا لە بێئومێدیەکی بێسنووردا دەژی و پەردەیەك لە ڕەشبینی بەسەر کۆی کۆمەڵگای فەرەنسیدا دراوە. زیاتر لە چەند ساڵێکە، هەموو شتێك لەم کۆمەڵگایەدا هەڵدەوەشێتەوە، هەر لە چینە کۆمەڵایەتیەکانەوە تا دەگاتە خێزان و بوونیەکانی تریش، بەڕادەیەك کە هەستمان بەوە دەکرد کە چیدی هیچ شتێك بە یەکەوەمان نابەستێتەوەو وەك چەند ئەتۆمێك بەرەڵای نێو کۆمەڵگا کراوین. زیاتر لە چەند ساڵێکە کە فەرەنسییەکان وێنەیەکی تەواو ناشیرینی خودی کۆمەڵگای خۆیان هەیە، متمانە بە یەکتری ناکەن، هەموو شتێك بەخراپی دەبینن و تەنیا بۆ ساتەوەختێکیش لە ڕەخنەگرتنی سەلبی ناوەستن. هەموو لێکۆڵینەوە سۆسیۆلۆژیەکان دەمانبەنەوە سەر ئەم واقیعە. لە هەلومەرجێکی ئاوادایە کە قەسابخانەکەی شارلی ئیبدۆ دێت و تەواوی وجودی ئەم کۆمەڵگایە ڕادەوەشێنێت و سەرلەنوێ لە گۆڕ دەریدەهێنێت و زیندووی دەکاتەوە.

لە هەمان ئێوارەی ئەم قەسابخانەیەدا، هەزاران هەزار فەرەنسی، لە لیۆن، لە مارسیلیا، لە تولوز، لە ستراسبورگ، لە پاریس و لە تەواوی شارەکانی دیکەی فەرەنسادا، بەبێ ئەوەی هیچ بانگەوازێکی فەرمی لە ئارادابێت، لە ماڵەکانیان هاتنەدەرەوەو پۆل پۆل ڕێگای مەیدانە گشتیەکانی شاریان گرتەبەرو بەهەزارن هەزار مۆم داگیرساوە، شەپۆلێکی مرۆیانەی وایان دروستکرد کە دنیای تووشی سەرسوڕمان کرد. من یەکێکم لەو کەسانەی کە لە قووڵاییەکانمدا، ئەم شەپۆڵە مرۆییە بەر هەستەکانم کەوت و ڕایچڵەکاندم. ئەو هەزاران هەزار مرۆڤەی کە لە ماڵەکانیان هاتنە دەرەوە و پۆل پۆل و پێکەوە هاواریان دەکرد«ئێمە نیشتمانی ئازادی ڕادەربڕینین، ئێمە نیشتمانی ئازادیین» هاواریان دەکرد«تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس یەکسانە بە

تیرۆرکردنی ڤۆلتێر»، پێیان وتین: ئەمە چرکەساتی خود کەشفکردنە؛ خۆ دۆزینەوەیە، زیندووبونەوەیە. لەم چرکەساتەدا ئێمە سەرلەنوێ تێگەیشتینەوە لەوەی کە فەرەنسا، یەکەم نیشتمانی سەرهەڵدانی فیکری ئازادییە، فیکرێك کە لە کۆتاییدا شۆڕشی فەرەنسی دروستکردو بانگی ئازادی بۆ هەموو جیهان دا. لێرەوە ئەم چرکەساتە، دەبێت بە سەرلەنوێ لەدایکبوونەوەی فەرەنسا.

*** سەرلەنوێ لەدایکبوونەوە! واتە ئێوە ئەم چرکەساتە بەراورد دەکەن بە ساتەوەختی شۆڕشی فەرەنسا لە ساڵی ١٧٨٩ و ساتەوەختی ئازادکردنی فەرەنسا لە ساڵی ١٩٤٥ دا؟ پێموایە، لە مێژووی سیاسی فەرەنسادا، دوو ساتەوەختی دیکەی گرنگتر لەم دووانە ئامادە نین. مناڵەکانی کواشی چ ڕووداوێکیان دروستکرد؟**

- لەڕاستیدا من گوزارشتی نەك هەر سەرلەنوێ لەدایکبوونەوە بەڵکو سەرلەنوێ زیندووبوونەوەشی بۆ بەکاردەهێنم. چوار ڕۆژ پاش ڕووداوەکە، ئیتر ئەوە هەزاران هەزار کەس نین لەسەر جادەکان، بەڵکو ملیۆنان کەسن کە دێن و هاواردەکەن«ئێمە نیشتمانی مافی مرۆڤ و ئازادین» لە ڕۆژی یەکشەمەدا، ئیدی ئەوە هەموو فەرەنسا بوو، بە گەورەو بچوکەوە، بە ژن و پیاوەوە، بە ڕەش و سپییەوە، بە موسوڵمان و مەسیحیەوە، بە باوەڕدارو بێ باوەڕەوە، هاواریان دەکرد: ئێمە لێرەین، ئێمە پێکەوە شتێکین.

هەموو ئەو فەرەنسیانەی کە تا دوێنێ هەستیان بەوە دەکرد کە بەکەڵکی هیچ نایەن و مانایەك لە ژیانیاندا نییە، لەم ساتەوەختەدا خۆیان وەك فەرەنی کەشفکەرەوە و تێگەشتن لەوەی؛ فەرەنسیبوون بەهایەکی یونیڤێرسالی گەورەیەو نابێت بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. تێگەیشتن لەوەی کە فەرەنسای مێژوو گەڕاوەتەوە نێو ڕۆحیان؛ تێگەیشتن لەوەی کە ئەوان یەکەم هەڵگری سەردەمی ڕۆشنگەری بوون و یەکەم نەوەی ئازادی و مافەکانی مرۆڤی یونیڤێرسالبوون. کاتێك دەڵێم فەرەنسای مێژوویی گەڕایەوە نێو ڕۆحیان، بێگومان مەبەستم فەرەنسای کۆلۆنیالیست نییە، فەرەنسای جەزائیر نییە، بەڵکو فەرەنسای خاکی ئازادی و فەرەنسای سەرچاوەی ڕۆشنگەری و فەرەنسا شۆڕش لەپێناوی ئازادی ڕادەربڕیندایە.

لەم ساتەوەختە مێژووییەدا، من چاودێربووم بەسەر گەڕانەوەی ترادیسیۆنێکی بەهێز لە مێژووی فەرەنسادا؛ کە دەکرێت بە میکانیزمی ململانێی نێوان جمهوریەت و دەزگای ئایینی ناوی بەرم. مێژووی فەرەنسا لێوانلێوە لەم ململانێیەو فەرەنسیەکان زۆر هەستیارن بەهەر شتێك کە بۆنی ئایین و ئاینیی لێبێت. هەرچەند من گومانم هەیە لە بەشداریی ئایین لەم ڕووداوەدا، بەڵام تێگەیشتم لەوەی کە ئەم میکانیزمە سەرلەنوێ زیندووکراوەتەوە بۆ دوورخستنەوەی هەر شتێك کە بۆنی ئاین و ئاینیی لێبێت.

*** بێگومان ڕاستە کە مێژووی فەرەنسا، تا ئاستێکی بەرز خۆی لەسەر ململانێی نێوان ئەم دوو بەرامبەرە بیناکردووە. جمهوریەت چەند هەوڵیداوە ئایینەکان دووربخاتەوە، ئەوەندەش خۆی لەسەر وێنەی ئایینەکان دروست کردوە، چەند هەوڵی داوە کە پیاوانی ئایین لە دەسەڵات دووربخاتەوە، هێندەش ڕەهەندی ئاینیی بە پیاوەکانی دەسەڵات بەخشیوە. بەڵام من دەمەوێت گفتوگۆکە بەرمە ڕووبەرێکی دیکە. ئەم فەرەنسایەی کە باسمان کرد، چیدی ئەو گوندە گولوایە نییە (ڕەگوڕیشەی فەرەنسیەکان دەچێتەوە سەر گۆلواکان) کە خۆی بۆخۆی و بەتەنها بژی. فەرەنسا بەشێکە لە جیهانێکی گلۆبالیزەکراو. لەنێو ئەم جیهانەدا، تیرۆریزمی ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی، هەروەك چۆن پەلاماری هەولێر دەدات، ئاواش پەلاماری پاریس دەدات. ئەوەی لە موسڵ ڕوودەدات، ڕاستەوخۆ پێوەندی بە مارسیلیاوە هەیە. ئەو داعشەی کە لە دەشتی کەرکوکدا جەنگ لەگەڵ پێشمەرگەدا دەکات، چەند عەرەب یان چیچانیە، هێندەش فەرەنسی یان ئەڵمانیە؟**

- من بەتەواوی لەم بۆچوونەی ئێوە تێدەگەم و دەزانم باسی چیدەکەن. دڵنیام لەوەی کە ئەم بۆچوونەی ئێوە بایەخی تایبەتی خۆی هەیەو دەکرێت بە وردی قسەی لەسەر بکەین. بەڵام لەئێستادا ئەوەی بۆ منێك کە سۆسیۆلۆگێکی فەرەنسیم گرنگە، چۆنیەتی زیندووبوونەوەی نەتەوەیەکە کە تا دوێنێ هەستی بەوە دەکرد لە دەرەوەی مێژوودایەو لە چاوەڕوانیی مردنداو لەنێو پەراوێزەکاندا دەژی. ئەمە هەستێکە کە چەندین ساڵە هاوڕێیەتیم دەکات و دەمگوشێت. ڕەگوڕیشەکانی ئەم هەستە دەگەڕێنەوە بۆ ئەو چرکەساتەی کە ماریشال پێتا هات و فەرەنسای تەسلیم بە هیتلەر کرد. سپاردنی فەرەنسا بە هیتلەر، ڕۆحێکی تێکشکاوی لای فەرەنسیەکان دروست کرد، ڕۆحێك کە تا قەسابخانەکەی شارلی ئیبدۆ لەلایەن مناڵەکانی کواشیوە بەردەوام بوو. بایەخی ئەم قەسابخانەیە لەوەدایە کە چیدی ئەم ڕۆحە تێکشکاوە لای ئێمە نامێنێت و ئێمە، نەوەی شۆڕش و نەوەی ڕێنیسانس، سەرلەنوێ زیندوو دەبینەوەو دەگەڕێینەوە نێو ژیان و مێژووی بەشەریەت. مناڵەکانی کواشی ئێمەیان زیندووکردەوە!

**لە بۆنەیەکی تایبەتدا کە نوخبەی دەسەڵاتداری فەرەنسی لەوێ بوو، هەر لە کۆشکی ئێلیزێ وە تا دەگاتە وەزارەتی دەرەوە، کە بەشێکی زۆریان خوێندکاری خۆم بوون؛ ڕاشکاوانەو ڕاستەوخۆ پێموتن کە ئێمە لەبەردەم بەرپرسیاریەتیەکی مێژووییداین و پێویستە جمهوریەتی فەرەنسا لەهەموو ئاستەکانداو بێ هیچ سڵەمینەوەیەک پشتیوانی لە گەلی کورد بکات و گەر دەوڵەتی کوردیش دامەزرا یەکەم کەس بین دانی پیادابنێن.**

**زیاتر لە چەند ساڵێک بوو فەرەنسیەکان متمانەیان بەیەکتری نەما بوو، هەموو شتێکیان بە خراپی دەبینی و تەنیا بۆ ساتەوەختێکیش لە ڕەخنەگرتنی سەلبی نەدەوەستان لە هەلومەرجێکی ئاوادایە کە قەسابخانەکەی شارلی ئیبدۆ دێت و تەواوی وجودی ئەم کۆمەڵگایە ڕادەوەشێنێت و سەرلەنوێ لە گۆڕ دەریدەهێنێت و زیندووی دەکاتەوە**

سیانزە ساڵ لەمەوبەر، لە قۆناغی لیسانسی سۆسیۆلۆژیادابووم، لە زانکۆی لیۆن. یەکێك لە مامۆستاکانم داوای لێکردم کە کتێبێك هەڵبژێرم بۆئەوەی وەك هەر خوێندکارێکی دیکە موحازەرەیەکی لەسەر پێشکەش بکەم. پاش سەردانی کتێبخانە گەورەکەی زانکۆو گەڕان و گەڕان بەدوای کتێبێکدا، ناونیشانێك سەرنجی ڕاکێشام:«گەڕانەوەی ئەکتەر»! ئەو سەردەمە وەك پێویست ئالان تورێنم نەدەناسی. پاش خوێندنەوەی کتێبەکە، سەرلەنوێ گەڕامەوە سەری، زیاتر لە چوار جار خوێندمەوەو هەر جارێك ئارەزوویەکی بەهێزتری لادروست دەکردم بۆ ئەوەی سەرلەنوێ بیخوێنمەوە. چەند ساڵێك دواتر تێگەیشتم، لەوەیە کە چەند پیەر بۆردیۆ، لەسەر ئاستی جیهان، بەکتێبی «جیاکاریی»ناسراوە، هێندەش ئالان تورێن بەکتێبی «گەڕانەوەی ئەکتەر» ناسراوە. هەروەها تێگەیشتم لەوەی کە، ململانێی نێوان بۆردیۆ و تورێن بۆ داخڵبوون بە کۆلێژ دو فرانس، کە گەورەترین و مەزنترین دەزگای ئەکادیمیە لە ئەوروپاداو تەنیا پەنجاو دوو پرۆفیسۆری تێدایە، لە ڕێگای ئەم دوو کتێبەوە بوو. واتە بۆردیۆ بە((جیاکاری)) و تورێن بە((گەڕانەوەی ئەکتەر))ەوە دەیانویست ببن بە پرۆفیسۆر لە کۆلێژ دو فرانس.

لەو چرکەساتەوە تا ئەمڕۆ، تورێن هاوڕێیەتیم دەکات.

کاتێك کە لە ٢٠٠٥ دا لیۆن بەجێدەهێڵم و دێمە پاریس و دەبم بە خوێندکاری ماستەر لە قوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستە کۆمەڵایەتیەکانی پاریس، یەکەم سیمینار کە هەڵیدەبژێرم و بەشداری تیادا دەکەم، سیمینارە هەفتانەکەی تورێن بوو. تائێستاش بەبیرم دێت، لە یەکەم ڕۆژدا تورێن ڕووی کردە بەشداربووان و داوای لێکردین ئێمە لە کوێوە دێین : ئەرجەنتین، بەرزیل، ئەمەریکا، مەغریب، میسر، شیللی، بۆلیڤیا، ئەڵمانیا، ....، منیش وتم:کوردستان. تورێن وەستاو بەخەندەیەکی میهرەبانەوە لێپرسیم : کام کوردستان؟ وتم: باشووری کوردستان کە بە کوردستانی عێراق بەناوبانگە.

لە ٢٠٠٥ وە تا ٢٠١٠ کە ساڵی تەواوبوونی دکتۆراکەم بوو، ئالان تورێن وەك باوکێکی سۆسیۆلۆژی هەمیشە لەگەڵمابووە. پاش دکتۆراو تا ئەمڕۆش پێوەندی نێوان ئەو و من بەهێزتربووە. ڕاستە ڕەهەندی تەمەن، چەندین نەوە ئێمە لەیەك جیادەکاتەوە، من باوکم لەدایک نەبووبوو کە ئالان تورێن لە قوتابخانەی سەرەتاییدا بوو! من لە هیچ شوێنێکی وجوددا بوونم نەبوو کە ئەو وەك گەنجێکی پانزە ساڵانە لەڕیزەکانی موقاوەمەی فەرەنسی دژ بە هیتلەردابوو. ڕاستە کاتێك ئەو لە لووتکەی ململانێدابوو لەگەڵ فوکۆ و دێریدا و دۆلوز و لیوتار و بۆردیۆدا، من تازە بە تازە لە گوندێکی دوورە دەستی کوردستانی داگیرکراودا، برا گەورەکەم پێی دەگوتم: دارە دارە،

ئەو هەزاران هەزار مرۆڤەی کە لە ماڵەکانیان هاتنە دەرەوەو پۆل پۆل و پێکەوە هاواریان دەکرد«ئێمە نیشتمانی ئازادی ڕادەربڕینین، ئێمە نیشتمانی ئازادیین» هاواریان دەکرد«تیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس یەکسانە بە تیرۆرکردنی ڤۆلتێر» پێیانوتین: ئەمە چرکەساتی خود کەشکردنە؛ خۆ دۆزینەوەیە، زیندووبوونەوەیە

*** ئەمە هەموو ئەو هەستانەن کە لە ٧ی مانگ، چوارشەمەوە تا ١١ مانگ، یەکشەمەی ژەنیوەری ٢٠١٥، داتاندەپۆشن. بەڵام وەك دەزانن ڕووداوەکان لێرەدا کۆتاییان پێنایەت و دواتر شتەکان ئاڵۆزدەبن، بەتایبەتی کاتێك کە لە قوتابخانەکانی جمهوریەتدا چەندین خوێندکار ڕێز لەو خولەکە ناگرن کە بۆ ماتەمینی و بێدەنگی دەستنیشان کرابوو. بەپێچەوانەوە، چەندین خوێندکار گوتاری جیاواز بەرهەم دەهێنن و ئەو کۆدەنگیە نیشتمانیەی کە باسمان دەکرد، وەك لاپەرەیەکی پڕکراوە دەدڕێنن؟**

- من وەك هەموو فەرەنسیەك ڕۆژی یەکشەمە، ١١ ی ژەنیوەری، بە تەمەنی نەوەد ساڵیەوە، لە نێو ئاپۆرەی جەماوەردابووم و جۆرێك لە مەستبوون بە ململانێی لەپێناو ئازادیدا گرتبوومی. بەڵام کاتێك ڕۆژێك دواتر دەبیستم کە چەندین خوێندکاری فەرەنسی ڕێزیان لەو خولەکە نەگرتووە و تەنانەت ڕەخنەشیان لێگرتووە، یەکەم گورز دیسانەوە بەر هەستم دەکەوێت و یەکەم لێکدژی و یەکەم کۆسپ دێتەوە سەر ڕێگای جمهوریەت.

*** بەڵام دووەم کۆسپ لە ١٤ ی مانگدا کە چوارشەمە دەکات دروست دەبێت؛ کاتێك کە هەفتەنامەی شارلی ئیبدۆ دەردەچێت و لەبەرگی یەکەمدا کاریکاتێری پێغەمبەری ئیسلام دادەنرێت و بەدەم گریانەوە دەڵێت: من شارلیم! ئێوە بۆچوونی من لەسەر چۆنیەتی مامەڵەکردن لەسەر ئایین و سامبۆلەکانی دەزانن، بەڵام پێمخۆشە بزانم ئێوە لەسەر ئەم کاریکاتێرە چی دەڵێن. چۆن پێوەندی نێوان ئازادی ڕادەربڕین و گاڵتەکردن بە سامبۆلە ئاینیەکان دەبینن؟ لە فیکری ئێوەدا، تا کوێ**

هەستە پێبگرە بەهارە. بەڵام ئەوەش ڕاستە، کە ٨٠ ساڵ پاش لەدایکبوونی تورێن و ٣٤ ساڵ پاش لەدایکبوونی من، ئێمە لە قوتابخانەی خوێندنی باڵای زانستە کۆمەڵایەتیەکانی پاریس یەکتری دەناسین و ئێستاش کە ئەو تەمەنی گەیشتوەتە ٩٠ ساڵ و منیش ٤٤، زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە دڵخۆشین بە یەکتر بینین. بەڵام نایشارمەوە، کەمن ئەو ڕۆژانەی کە لە خەو هەڵدەستم و چاوەڕوانی ئەوە ناکەم کە کرستێل، سکرتێرەکەی تورێن، تەلەفۆنم بۆبکات و بڵێت: تەواو، تورێن بەجێی هێشتین.



**ئازادی ڕادەربڕین دەتوانێت بێ مەرج و بێسنوور بێت؟ بێگومان وروژاندنی ئەم باسانەش، بە هیچ شێوەیەك و لە هیچ هەلومەرجێکداو بەهیچ بیانویەك شەرعیەت بە خوێنڕشتن و کوشتنی مرۆڤ نادات. گەر بڕیاربێت، هیچ شتێك لە مرۆڤ موقەدەس تر نەبێت، ئیدی هیچ بیانوویەك ناتوانێت شەرعیەت بە کوشتنی بدات. بەڵام لە دەرەوەی ئەم بنەما یونیڤێرساله، ئێوە ڕووبەری نێوان ئازادی ڕادەربڕین و یاریکردن بە ئاگری سامبۆلە ئاینیەکان چۆن دەبینن؟**

* لە ڕاستیدا ئەو بەرگەی شارلی ئیبدۆ مەسەلەیەکی زۆر ئاڵۆزە. موحەمەد دەگری و دەڵێت: من شارلیم. لەڕاستیدا من یەکێکم لەو کەسانەی کە پێشتر شارلیم نەدەخوێندەوەو تا ئێستاش یەکێکم لەوانەی کە لایەنگری سوکایەتی کردن بە سامبۆلە ئاینیەکان نیم. مەرج نییە پشتیوانیکردن لە ئازادی ڕادەربڕین، یەکسان بێت بە پشتیوانیکردن لە سوکایەتیکردن بە سامبۆلە ئاینیەکان. شتە جددیەکانی وەك ئایین، نەتەوە، چین، هەزاران کەس ئامادەن کە خۆیان لەپێناویاندا بکەن بەقوربانی و ناکرێت ئێمە ڕێگا بەخۆمان بدەین بەم شێوەیە مامەڵەیان لەگەڵدا بکەین. ئایین پرسێکی جددی و هەستیارە، ئێمە نابێت بە ئاسانی دەستی بۆبەرین و کاریکاتێری لەسەر دروستبکەین. هونەرمەندێك نابێت هەر وەك قسە لەسەر شەوە سوورەکانی کەسێك دەکات ئاواش قسە لەسەر پرسێکی جددی وەك ئایین بکات. بەڵام لەهەمانکاتدا هەموو ئەو تێزانەش ڕەد دەکەمەوە کە دێن و وەك ئەنتی شارلی خۆیان دەخەنە سەر شانۆکان و جەنگ دژی شارلی ڕادەگەیەنن.

**هەموو ئەو فەرەنسیانەی کە تا دوێنێ هەستیان بەوە دەکرد کە بەکەڵکی هیچ نایەن و مانایەک لە ژیانیاندا نییە، لەم ساتەوەختەدا تێگەیشتن لەوەی فەرەنسی بوون بەهایەکی یونیڤێرسالی گەورەیەو نابێت بەو شێوەیە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. تێگەیشتن لەوەی کە فەرەنسای مێژوو گەڕاوەتەوە نێو ڕۆحیان**

**تا دوێنێ تاکی فەرەنسی هەستی بەوەدەکرد لە دەرەوەی مێژوودایەو لە چاوەڕوانیی مردنداو لەنێو پەراوێزەکاندا دەژی. ڕەگوڕیشەکانی ئەم هەستە دەگەڕێنەوە، بۆ ئەو چرکەساتەی کە ماریشال پێتا هات و فەرەنسای تەسلیم بە هیتلەر کرد. ئەمەش ڕۆحێکی تێکشکاوی لای فەرەنسیەکان دروست کرد، ڕۆحێک کە تا قەسابخانەکەی شارلی ئیبدۆ لەلایەن مناڵەکانی کواشیوە بەردەوام بوو. بایەخی ئەم قەسابخانە لەوەدایە کە چیدی ئەم ڕۆحە تێکشکاوە لای ئێمە نامێنێت**

**من لەڕێگای شارلیەوە پشتیوانی لە ئازادی ڕادەربڕین دەکەم، بەڵام لەهەمان کاتدا هاوڕانیم لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە کاریکاتێرە لەسەر پێغەمبەری ئیسلام. پێموایە ئەو ملیۆنەها فەرەنسیەی کە لە ١١ ی ژەنیوەریدا ڕژانە سەرجادەکان، هەمان پەیامیان پێبوو**

موسوڵمانان مافی خۆیانە کە باسی ئەوە بکەن شارلی ئیبدۆ سوکایەتی بە پێغەمبەر کردووە. ئەمە تا ئێرە ڕاستە و مافێکی سەرەتاییە. بەڵام ئەمە مافی ئەوەیان پێنادات کە بێن و لە بارەگای شارلی ئیبدۆدا قەسابخانەیەکی لەو جۆرە کە بینیمان دروستبکەن. من پێموایە ئەم دوو شتە لەیەك جیاواز نین. واتە ئێمە دەبێت بە توندی پشتیوانی لە ئازادی ڕادەربڕین بکەین، بەڵام ئەمە یەکسان نییە بەوەی کە هەموو قسەیەکی بێ ماناو بێ ئەسڵ و فەسڵ بەناوی ئازادی ڕادەربڕینەوە بکەین.

بەزمانێکی دیکە، من لەڕێگای شارلیەوە پشتیوانی لە ئازادی ڕادەربڕین دەکەم، بەڵام لە هەمان کاتدا هاوڕانیم لەگەڵ بڵاوکردنەوەی ئەو جۆرە کاریکاتێرە لەسەر پێغەمبەری ئیسلام. پێموایە ئەو ملیۆنەها فەرەنسیەی کە لە ١١ ی ژەنیوەریدا ڕژانە سەرجادەکان، هەمان پەیامیان پێبوو. ڕاستە ئەوان پشتیوانیان لە ئازادی ڕادەربڕین دەکرد، بەڵام ئەمە یەکسان نییە بەوەی کە ئەوان لەگەڵ سوکایەتیکردن بە سامبۆلە ئاینیەکاندا.

*** بەپێی تازەترین لێکۆڵینەوە کە ئەم هەفتەیە بڵاوکرایەوە، ٪٤٠ فەرەنسیەکان لەگەڵ ئەوەدا نەبوون کە هەفتەنامەی شارلی ئیبدۆ کاریکاتێر لەسەر پێغەمبەری ئیسلام بڵاوبکاتەوە. ئەمە ڕێژەیەکی زۆر بەرزە بۆ کۆمەڵگای فەرەنسی کە بە درێژایی مێژوو لە ململانێدا بووە لەگەڵ ئایین و دەسەڵاتی پیاوانی ئاینیدا؟**

- زۆر ڕاستە. ئەمە تەواو ڕاستە. لێرەوە دەڵێم: بکوژەکانی شارلی پێش ئەوەی هەر شتێک بن، پێشئەوەی بە جێبەجێکردنی فەرمانێکی ئاینی هەستن، کردەیەکی سیاسییان ئەنجامداوە. واتە ئەوەی لە پشت ئەم هێرشەوەیە، لۆژیکێکی سیاسیە نەك ئاینی. مناڵەکانی کواشی ئەو ئەکتەرانەن کە بۆ سەلماندنی خۆیان، بۆ دروستکردنی شوناسێك کە مانا بە بوونیان بدات، بۆ چوونە دەرەوە لە زۆنەکانی بێ مانایی، بێ بەهایی، پەنایان بردە بەر ڕێکخراوێکی تیرۆریستی کە باوەشی بۆ کردنەوەو چەند کەرەسەیەکیان دەداتە دەست بۆ ئەوەی لە ڕێگایانەوە خۆیانی پێ بەدی بێنن. ئەمانە بریتین لەو ئەکتەرە کۆمەڵایەتیانەی کە کار لەسەر ڕووخاندن و هەڵوەشانەوە دەکەن نەك کار لەسەر بیناکردن و دروستکردن. من ئەمانە ناودەنێم دژە بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە کات و شوێنی دیکەدا بە درێژی باسم کردووە.

*** بەڵام لە کۆتاییدا ئەم لۆژیکە هەر شتێك بێت کارەسات بۆ مرۆڤایەتی دروستدەکات. ئێوە دەبینن، بۆنمونە لە ڕووبەرێکی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، هێزەکانی پێشمەرگە، چ لە عێراق و چ لە سوریادا تاکە ئەکتەری جددین کە بەتوندی ڕووبەڕووی هێزێکی گڵۆباڵی تیرۆریستی وەك داعش دەبنەوە و لەپێناوی پاراستنی نەك هەر هەولێرو سلێمانیدا، بەڵکو لەپێناوی پاراستنی پاریس و بەرلینیشدا، گیانی خۆیان دەبەخشن، بەڵام فەرەنسا بە دوو فرۆکەی ڕەفالەوە بەشداریدەکات و ئەڵمانیاش بە چەند ڕاوێژکارێکەوە! پاش قەسابخانەکەی پاریس، پێتان وا نییە کە ئیتر کاتی ئەوە هاتووە، فەرەنسا بەهێزترو بە جددیتر لە کوردستان بێتە پێشەوەو لەم جەنگە گڵۆباڵەدا فراوانتر هاوکاری بکات؟ پێتان وانییە ئیتر بە دوو ڕەفالەوە کێشەکە چارەسەر ناکرێت؟**

- لەسەرەتادا دەمەوێت بڵێم، تۆ لە نزیکەوە ئاگات لێیە کە من بەهەموو توانامەوە پشتیوانی لە سەربەخۆیی کوردستان دەکەم و لەگەڵ دامەزراندنی دەوڵەتی کوردیدام و پێموایە ئەمە یەکێکە لەو مافە بنەڕەتیانەی کە ناکرێت دانوستانی لەسەر بکرێت. بەڵام لە دەرەوەی ئەم هەڵوێستە بناغەییە، فەرەنسا لەهەلومەرجێکدا نییە کە بتوانێت بە سوپایەکی فراوانەوە بگاتە کوردستان و جەنگ دژی داعش ڕابگەیەنێت.

*** پێموانییە کوردەکانیش چاوەڕوانی شتێکی لەم جۆرە بکەن. ئەوەی ئەوان دەیانەوێت، ئامادەیی بەهێزی فەرەنسایە لە ئاستی دیکەدا، ئاستی سیاسی، ئاستی پشتیوانیی سەربازیی. بۆنمونە ڕێجیس دوبرێ کە هاوڕێی نزیکی ئێوەو منیشە، دەڵێت با فەرەنسا ڕەفالەکانی بەهێزی پێشمەرگە بفرۆشێت. ئاستی ئابووری، ئاستی کولتوری و دەیان ئاستی دیکە. ئێوە دەزانن داعش تەنیا بە هێزی ئاگر لەناو ناچێت، ئەم جەنگە زۆر فراوانترە لە کلاشینکۆفەکانی دوو کوڕەکەی کواشی؟**

- من دڵنیات دەکەمەوە لەوەی کە هەموو ئەو شتانەی باست کردن لای منیش بایەخی تایبەتیان هەیە. لە ڕۆژانی ڕابردوودا و لە بۆنەیەکی تایبەتدا کە نوخبەی دەسەڵاتداری فەرەنسی لەوێبو، هەر لە کۆشکی ئێلیزێ وە تا دەگاتە وەزارەتی دەرەوە، کە بەشێکی زۆریان خوێندکاری خۆم بوون؛ ڕاشکاوانەو ڕاستەوخۆ پێم وتن کە ئێمە لەبەردەم بەرپرسیاریەتیەکی مێژوویيداین و پێویستە جمهوریەتی فەرەنسا لەهەموو ئاستەکانداو بێ هیچ سڵەمینەوەیەك پشتیوانی





لە گەلی کورد بکات و گەر دەوڵەتی کوردیش دامەزرا، یەکەم کەسبین دانی پیادابنێین. تۆ خۆت ئاگات لێ بوو کە من لەبەردەم زیاتر لە ٢٠٠ کەسدا؛ کە هەر یەکێکیان لە جومگەیەکی دەسەڵاتدایە، هەر لە وەزیرەوە تا سەفیر، کاتێك بەشداری مەدالیای زێڕینی منیان کرد، پێم وتن من سەردانی کوردستانی باشوور دەکەم. لەوەش دوورتر. من تەمەنم ٩٠ساڵە، یەکێك لەو شتانەی کە پێمخۆشە پێش مردنم ببینم دروست بوونی دەوڵەتی کوردیە.

*** ئومێد دەکەم ساڵی ٢٠١٥، ساڵی سەردانی کوردستان بێت و ئەو سەفەرەت کە چەند ساڵێکە ئامادەیی بۆدەکەین، ڕێکبکەوێت.**

- منیش بەڕاستی ئومێد دەکەم. بەداخەوە لە ٢٠١٤ دا حکومەتی فەرەنسی ڤیتۆی خستە سەر سەردانەکەم و هەڵیوەشاندەوە. بەڵام هەڵوەشانەوە مانای کۆتایی نییە، چونکە خواستی من بۆ سەردانی کوردستان تائێستاش هەر لێرەیە.





# بە سیستمە مردووەکەی جیهان مامەڵە لەگەڵ سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە ناکرێت

جۆن کیری لە وتارێکیدا کە هەفتەی رابردوو لە بەردەم کۆڕبەندی ئابووریی داڤۆس پێشکەشی کرد و تایبەت بوو بە ڕووبەڕووبوونەوەی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆریستانی داعش، جەختی لەوە کردوە کە ئەو هاوڕا نییە لەگەڵ ئەو بیرمەندانەی کە پێیانوایە سیستمی جیهانی دوای شەڕی سارد لەبەریەك هەڵوەشاوەو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش بەشی گەورەی ئەم لەبەریەك هەڵوەشانەوەی بەرکەوتووە. کیری لە وتارەکەیدا راشکاوانە وەڵامی دوایین وتاری ریچارد هاسی سەرۆکی ئامۆژگای پەیوەندییەکانی دەرەوەی دایەوە کە لە ژمارەی نۆڤەمبەر و دیسەمبەری کۆتایی ساڵی رابردوو لە فۆرین ئەفێرز بە ناونیشانی: (لەبەریەك هەڵوەشاوە: چۆن وەڵامی ئەم جیهانە بێ سیستمە دەدەنەوە؟ The Unraveling:How to Respond to a Disordered World) بڵاوی کردۆتەوە، سەبارەت بەم پرسیارە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا راشکاوانە و لەسەر بارودۆخی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئاماژەی بەوەکرد کە ئەوانەی پێیانوایە سیستمی جیهانی لەم ناوچەیە لەبەریەك هەڵوەشاوە، بەوجۆرە نییە و ئەو سیستمە لەبەریەك هەڵنەوەشاوە و دەوڵەتانی ئەو ناوچەیە هەموویان بەهێزن و ئەندامی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی تیرۆریستانی داعشن، ئەم وەڵامەی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا تەواو هاوشێوەی وەڵامی ئەو پرسیارەیە کە کریستیان ئامانپور لە کەناڵی CNN لە حوزەیرانی ٢٠١٣ لە وەزیری دەرەوەی عێراقی پرسی: (ئایا سیستمی سیاسیی عێراق لەبەریەك هەڵوەشاوە؟ Is Iraq Unraveling?) لە وەڵامدا وەزیری دەرەوەی عێراق جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە نەخێر سیستمی سیاسی لە عێراق لەبەریەك هەڵنەوشاوەتەوە و عێراق دەوڵەتێکی دیموکراتی و فیدراڵییە. بەڵام پرسیار ئەوەیە لە حوزەیرانی ٢٠١٤ چیمان بینی؟ بێگومان داگیرکردنی موسڵ بوو لەلایەن تیرۆریستانی داعش و راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی بوو لە عێراق و سووریا!

لەوانەیە وەزیری دەرەوەی عێراق لە ساڵی ٢٠١٣ خۆی باوەڕی بەو وەڵامە نەبووبێت، لەبەر هۆکاری سیاسی و دبلۆماتی بەوجۆرە وەڵامی CNNی دابێتەوە، ئەویش بە حوکمی ئەوەی وەزیری دەرەوەی عێراق لەو کاتەدا کورد بووە و لەوانەیە ئەگەر راستییەکانی بە CNN بگوتایە کە بەڵێ سیستمی سیاسی لە عێراقدا لەبەریەك هەڵوەشاوە و کاری پێناکرێت، کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و عێراقی ئاڵۆزتر بکردایە، بۆیە بە شێوەیەکی دیپلۆماتی وەڵامی داوەتەوە. پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە: ئایا جۆن کیری بە چ مەبەستێك ئەو وەڵامەی داوەتەوە کە ئەویش وەك وەزیری پێشووی دەرەوەی عێراق بڕوای بە وەڵامەکەی خۆی نییە؟ وەڵامی ئەم پرسیارەمان نەك تەنها لە توێژینەوە تازەکەی ریچارد هاس، بەڵکو لە چەندین بیرمەند و دیپلۆماتکاری خاوەن ئەزموونی ئەمریکا دەست دەکەوێت لەوانە:

١. لە نۆڤەمبەری ٢٠١٣ دینیس رۆس کە ماوەی زیاتر لە ٢٠ ساڵ لە هەردوو ئیدارەی کۆماری و دیموکراتییەکان یاریدەری وەزیری ئەمریکا بووە و لە هەردوو ئیدارەی سەرۆك بوش و ئیدارەی یەکەمی ئۆبامادا راوێژکار بووە، ئێستاش گەورە توێژەرە لە ئامۆژگای واشنتۆن بۆ سیاسەتی رۆژهەڵاتی نزیك، لە موحازەرەیەکیدا بە ناونیشانی دیپلۆماتی بۆ قوتابیانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لە زانکۆی شیکاگۆ، جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە نەخشەی سایکس بیکۆ چیتر ناتوانێت سەقامگیری بۆ ناوچەکە دابین بکات، ئەو دەڵێت: «لە ساڵی٢٠٠٧ دوای ئەوەی رێکخراوی قاعیدە بەشێکی خۆرئاوای عێراقی داگیرکرد، لێیان پرسیم: ئایا چی دەبێت ئەگەر بۆ سەقامگیری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست واز لە نەخشەی سایکس بیکۆ بهێنین و بگەڕێینەوە بۆ نەخشەکەی لۆرانسی عەرەب؟ بە ئیدارەی جۆرج دەبلیو بوشم گوت: نەخشەی سایکس بیکۆ دەستکاری نەکرێت باشە)، بەڵام لەو کۆڕەدا واتە دوای شەش ساڵ لە وەڵامی هەمان پرسیاردا دەڵێت: «ئەگەر ئێستا (کۆتایی ٢٠١٣) ئیدارەی ئۆباما پرسم پێبکات، ئەوا دەڵێم باشترە واز لە سایکس پیکۆ بهێنین و بگەڕێینەوە بۆ نەخشەکەی لۆرانسی عەرەب».

ئەم موحازەرەیەی رۆس نزیکەی ١٠٠ رۆژ پێش دروستبوونی داعش و نۆ مانگ پێش دامەزراندنی خەلافەتی ئیسلامییە لە عێراق و سووریا.

٢. لە دوای راگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی لەلایەن داعشەوە، هنری کیسنجەر کتێبێکی بە ناونیشانی (سیستمی جیهانی) بڵاوکردۆتەوە، لە کۆڕێکدا کە ریچارد هاس لەسەر ئەم کتێبە لە ئامۆژگای ئەنجوومەنی پەیوەندییەکانی دەرەوە بۆ کیسنجەری رێکخستووە، سەرەتا بە پێکەنینەوە پرسیاری ئەوەی لێدەکات: (بۆچی ناونیشانی کتێبەکەت تەنها سیستمی جیهانییە و هیچ ناونیشانێکی لاوەکیت بۆ دانەناوە؟)، لەم پرسیارە هاس مەبەستی ئەوەیە بۆچی ئاماژەی بەوە نەکردووە کە سیستمی جیهانی دوای شەڕی سارد کۆتایی هاتووە؟ لە وەڵامی ئەم پرسیارەدا کیسنجەر دەڵێت: «کاتێك بەریتانییەکان ئەم کتێبە دەخوێننەوە، خۆیان ناونیشانی لاوەکی بۆ دادەنێن. دیارە بۆ ئەمریکاش دیسان پێویستی بە ناونیشانی لاوەکی نییە، چونکە ئەمریکا خۆی بە خاوەنی سیستمی نوێی جیهان دەزانێت، لەبەر ئەوەی لە سەرەتای نەوەدەکانی سەدەی

**باشترە سیستمێکی نوێ دروستبکرێتەوە و لەو سیستمەدا جۆرێک دەوڵەت بونیاد بنرێتەوە کە سوپاکەی وەک پێشمەرگە بتوانێت تیرۆریستان تێکبشکێنێت و سەرۆکەکەی وەک بارزانی ئەو توانایەی هەبێت بۆ پێکەوەژیان گاندی و ماندێلا و بۆ پاراستنی ئازادیش دیگۆل و جۆرج واشنتۆن پێکەوە کۆبکاتەوە**

**هێزەکانی ناتۆ توانییان رژێمی موعەمەر قەزافی بڕووخێنن، بەڵام نەیانتوانی تەنانەت رژێمێکی هاوشێوەی قەزافی دروست بکەنەوە، بۆیە ئەم سەرکەوتنانەی هێزی پێشمەرگە کە بۆتە کۆدی بردنەوەی شەڕی تیرۆریستان، ئەو سیستمە مردووەی پێ زیندوو ناکرێتەوە**

رابردوو جۆرج بوشی باوك ئەم سیستەمەی راگەیاند».

ئەگـــەر تەنها لەم وەڵامە گاڵتەئامێزەی كیســــنجەرەوە وەڵامی جۆن كیری بدەینەوە، دیارە كیسنجەر لە كتێبەكەیدا راشكاوانە ئاماژەی بەوە كردووە ئەگەر دەوڵەتی هاوچەرخ بەرهەمی رێككەوتننامەی ویستفالیا بێت بۆ كۆتاییهێنان بە شەڕی ٣٠ ساڵە، ئەوا ئەو شەڕی ٣٠ ساڵەی هاوشێوەی ئەوروپا كە ئێســـتا لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵگیرساوە، بەرهەمی ئـــەو دەوڵەتانەیە كـــە دوای رێككەوتننامەی سایكس پیكۆ لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دروستكران، ئەمەش ئەو شەڕەی ئێستا تیرۆریستانی داعش و قاعیدە و شەباب و بۆكۆحەرام لە پاكســـتان تا نەیجیریا هەڵیانگیرساندووە، بە رێككەوتنێكی دیكەی وەك ویســـتفالیا كۆتایی دێت و دەوڵەت بەشـــێوەیەكی دیكە بونیاد دەنرێتەوە و بەجۆرێكی دیكە سیســـتمی جیهانی رێكدەخرێتەوە. ئەمەش مانای ئەوەیە نەك هەر ئەو سیستمە جیهانییە تازەیەی كە جۆرج بوشـــی باوك رایگەیاندبوو، كۆتایـــی هاتووە، بەڵكو ئەو سیستمەش كۆتایی هاتووە كە بەرهەمی رێككەوتننامەی ویستفالیایە.

٣.فرانســـس فۆكۆیاما كە هەر دوای دروســـتبوونی خەلافەتی ئیســـلامی داعش بەرگـــی دووەمی كتێبی (بنەچەكانی سیستمی سیاسی) بە ناونیشانی (سیستمی سیاســـی و هەڵدێـــری سیاســـی) بڵاوكردۆتـــەوە، لـــە موحازەرەیەكدا ســـەبارەت بە بەرگـــی دووەمی ئەم كتێبە ئاماژە بەوە دەكات، ئەو لە دوای ســـاڵی ٢٠٠١ ـەوە كە ئەمریكا ئەفغانستانی داگیركرد و پاشان لە ٢٠٠٣ عێراقی داگیر كرد، خەریكی توێژینەوە بووە لەسەر بونیادنانەوەی دەوڵەت، ئەمەش واتە فۆكۆیاما هەوڵیداوە لە بونیادنانەوەی ئەفغانســـتانی دوای تاڵیبـــان و عێراقـــی دوای رژێمی بەعس هاوكاری دەوڵەتەكەی خۆی بێت. فۆكۆیاما دوای ئەوەی بۆی دەركەوت ئەمریـــكا لە بونیادنانەوەی عێراق و ئەفغانســـتان وەك دەوڵەت، رێگەیەكی هەڵەی گرتووە، كتێبی (بونیادنانەوەی دەوڵەتی لە سەدەی بیست و یەك) بە چاپ گەیاند، لەم كتێبەیدا فۆكۆیاما جەخت لەســـەر ئـــەوە دەكاتەوە كە دەوڵەتی لاواز تەنها هەڕەشـــە نییە بۆ ســـەر گەلەكەی خۆی، بەڵكو دەبێتە هەڕەشـــە بۆ سەر ئاشتی و ســـەقامگیری جیهان لەسەدەی بیست و یەك. لەمیانـــەی هەوڵی بەردەوامی ١٠ ساڵیشـــیدا (٢٠٠١-٢٠١١) گەیشـــتە ئەو قەناعەتەی كـــە جارێكی دیكە بگەڕێتەوە سەر كتێبی هنتنگتن، مامۆستای (سیستمی سیاســـی لە كۆمەڵگەكانی قۆناخی راگواستندا) و ئەم كتێبە فراوان بكات، بـــەڵام وەك خۆی دەڵێت: كاتێك ئەم كتێبەم جارێكی دیكە خوێندەوە، هەســـتمكرد كە تەواوی سیستمی سیاســـیی دەوڵەت لە دروســـتبوونی دەوڵەتی چینەوە ٣٠٠ ساڵ پێش زایین، هەتا دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی لە ئەوروپا، پێویستی بە دووبارە خوێندنەوە هەیە، لەمەش زیاتر پێویستە ئەو كۆدانە بدۆزرێنەوە، كە بۆچی دامەزراوەكانی هەندێك دەوڵەتی وەك دانیمارك و دەوڵەتانی باكووری ئەوروپا زۆر بە باشی كاردەكەن، بەڵام لە سۆماڵ و نەیجیریا وڵاتەكە كاول دەكەن؟ ئەو دەپرسێت: بۆچی ئەو ڤاكســـینەی لە نەخۆشخانەكانی ئەمریكا ڤایرۆسی ئایدز (HIV) رادەگرێت، هەمان ڤاكسین لە نەخۆشخانەكانی نەیجیریا زیاتر ئەم ڤایرۆسە بڵاو دەكاتەوە؟

فۆكۆیاما ســـەبارەت بە ســـەركەوتنی تیرۆریستان و تیرۆریستانی داعش بەتایبەتی، راشكاوانە دەڵێت: داعش و تیرۆریســـتان بەو ئاســـتە بەهێز نیـــن وەك دەردەكەون، بەهێزیـــی داعش و تیرۆریســـتان ئەوەیـــە دەوڵەتەكان لە پاكســـتانەوە تا نەیجیریا لاواز و فاشیلن، بۆیە دەبێت بیر لە بونیادنانی دەوڵەتێكی هاوچەرخی ئەوتۆ بكرێتەوە كە وەڵامی گۆڕانكارییەكانی ئەم قۆناخە بداتەوە.

بێجگە لە بیرمەنـــد و دیپلۆماتـــكاران، میدیاكارانی گـــەورەی ئەمریكاش گرنگییـــان بەم پرســـە داوە وەك (زبینجیۆ برژنســـكی، جۆزیف نـــای، تۆماس فریدمان و چەندانـــی دیكە) هەموویان لەو خاڵـــەدا كۆكن و لەو بڕوایەدان چیدیكە ئەو دەوڵەتانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی ئیسلامی ناتوانن سەقامگیری دروست بكەن. لەسەر ئاستی سەرۆكەكانی ئەم ناوچەیەش، رەجەب تەیب ئەردۆگانی ســـەرۆك كۆماری توركیا، لە كۆتایی ساڵی رابـــردوو، لە كۆڕێكیدا كە لە ئامۆژگای پەیوەندییەكانی دەرەوەی ئەمریـــكا بـــۆی گرێدرا، ئەویـــش لە میانەی شـــانازیكردنی بە مێـــژووی ئیمپراتۆریەتی عوســـمانی ئامـــاژەی بەوە كرد كە چەند ســـەدەیەك ئەو ناوچەیە لە چوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوســـمانی بووە، ناوچەیەكی سەقامگیر بووە و شەڕی بە خۆیەوە نەبینیوە. ئەو دەڵێت: «ئێمە خەڵكی ئـــەو ناوچەیە دەناســـین و مێژووی ئەو ناوچەیە دەزانین و دەشـــزانین ئەو كێشەیە چۆن چارەسەر دەكرێـــت». قســـەكانی ئـــەردۆگان ئاماژەیەكی روونە بۆ دووبـــارە زیندووكردنەوەی ئیمپراتۆریەتی عوســـمانی بەشـــێوەیەكی دیكە، لانیكەم گەڕانەوە بۆ ســـنووری ئەو ویلایەتانـــەی لە ســـەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوســـمانی بوونیان هەبووە.

كەواتە هیچ گومان لـــەوەدا نییە كە دیپلۆماتكارێكی گەورەو ناسراوی وەك جۆن كیری هێندە لەم گۆڕانكارییانە بـــێ ئاگابێت و ئەو هەموو راســـتییانە رەتبكاتەوە. دیارە كیری پێشـــتر ســـەرۆكی لیژنەی پەیوەندییەكانی دەرەوە بووە لە كۆنگرێس و ئـــاگاداری هەموو وردەكارییەكانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەكانی ئەمریكا بووە لەگەڵ تەواوی

**بەپێی ئەو راستییانەی سەرچاوەكانی ئەمریكا ئاشكرایان كردووە، هەتا پێش شەڕی داعش ٥-٦ ترلیۆن دۆلاریان لە شەڕی عێراق و ئەفغانستان خەرجكردووە، ئەنجامەكەشی ئەوە بووە كە دوو دەوڵەتی فاشیلیان دروستكردووە**

**ئەمریكا دەیەوێت پێشمەرگە وەک كۆدی سەركەوتن بە سەر تیرۆریستان و داعشدا لە ناسنامەی عێراقیبووندا بهێڵێتەوە و لە چوارچێوەی عێراق و وەک هێزێكی عێراقی مامەڵەی لەگەڵدا بكات، ئەم جۆرە مامەڵەیە زۆر جار ئەمریكای بە هەڵەدا بردووە و زیانی گەورەشی لە بەرژەوەندییەكانی داوە**

**کوردستان بۆ وڵاتانی جیهانی ئیسلامی و تەواوی سیستمی جیهانی بۆتە کۆدی هاوسەنگی هێز و پاراستنی بەرژەوەندییەکان، ئەم کۆدە ئەگەر ون بێت، ئەوا سیستمی جیهانی قفڵ دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەم کۆدە بمێنێت، ئەوا جیهان دەتوانێت بیر لە سیستمێکی دیکە بکاتەوە**

**بە تێگەیشتنی کورد بۆ ئیسلام، بوون بە تیرۆریست، وەک لادان لە ئایینی ئیسلام سەیر دەکرێت، بۆیە ئەگەر ڕاپرسییەک لە کوردستان بکرێت، ئەنجامەکەی ئەوە دەسەلمێنێت کە هیچ کۆمەڵگەیەک وەک کوردستان تیرۆریستان ڕەتناکاتەوە**

جیهان و هۆکاری سەرەکیش بۆ دانانی بە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا وەك کاتی خۆی ئاماژەی بۆکرا، ئەوە بوو کە جۆن کیری پەیوەندییەکی زۆر فراوانی لەگەڵ هەموو وڵاتانی جیهان هەیە و لە کێشەکان تێدەگات و توانای چارەسەرکردنی کێشەکانی هەیە، بۆیە ئەمانە هەمووی ئەوەمان پێدەڵێن جۆن کیری خۆی بڕوای بە وەڵامەکەی خۆی نییە، بەڵام ئەوە ئیدارەی ئەمریکایە کە نایەوێت لە چوارچێوەی ئەو سیستەمە مردووە بێتە دەرەوە.

### ● بۆچی ئیدارەی ئەمریکا مردنی سیستەمە کۆنەکەی جیهان دەشارێتەوە؟

وینستۆن چەرچل کە لە ماوەی شەڕی جیهانی دووەمدا سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بووە و هاوڕێی نزیکی ڕۆزفەلتی سەرۆکی ئەو کاتی ئەمریکا بووە، پێکەوە هاوپەیمانەکانیان لە شەڕەکە سەرخست و هەر پێکەوەش بناخەی نەتەوە یەکگرتووەکانیان بۆ شەڕی دژی دەوڵەتانی میحوەر ڕێکخست و هەر ئەو نەتەوە یەکگرتووانەش دوای تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهانی، بووە ئەم ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەی ئێستا جێگەی کۆمەڵەی گەلانی گرتەوە. چەرچل سەبارەت بە هەڵوێستی ئەمریکا بەرامبەر بە ڕووداوەکان دەڵێت: «ئەمریکا هەنگاوی باش هەڵدەگرێت، بەڵام دوای ئەوەی کە هەموو ڕێگەخراپەکان تاقی دەکاتەوە)! لەمەش زیاتر فۆکۆیاما دەڵێت: «دانپیدانان بە گۆڕانکارییەکان وەك دیاردەیەکی سروشتی لای دەوڵەتان زۆر قورسە، هەتا ئەگەر ئەو گۆڕانکارییە لە بەرژەوەندی خودی دەوڵەتەکەش بێت، هەر بۆ نموونە کاتێك باڕووت دۆزرایەوە و چەکی لێ دروستکرا و کۆتایی بە شمشیر و تیر و کەوان هێنا، بەشی زۆری ئەو دەوڵەتانەی لەو سەردەمە نەیاندەویست بیسەلمێنن، چەکی ئاگرینی باڕووت وەك شمشیر و تیروکەوان مامەڵەی لەگەڵ ناکرێت، هەتا کار گەیشتە ئەوەی چەکی ئاگرینی باڕووت مەترسی نەمانی خستە سەریان، ئینجا بەئاشکرا دانیان بەوەدا نا کە پێویستە پەنا بۆ چەکی ئاگرینی باڕووت ببرێت و واز لە شمشێر و تیر و کەوان بهێنن».

ئەمە بۆ داگیرکردنی هەرێمی کریما لە ئێستادا لە لایەن ڕووسیاوە و هەروەها شەڕی ناوخۆی سووریا و بارودۆخی ئێستای عێراق و ئەفغانستانیش ڕاستە، لەبەر ئەوەی ئەمریکا دەوڵەتانی ئەورووپی هۆکاری لکاندنی کریما بە ڕووسیاوە دەزانن، ڕووسیا نەك کریما، بەڵکو خۆی بە خاوەنی ئۆکرانیا دەزانێت و (کیێف)ی پایتەختی ئۆکرانیا بە پایتەختی ئایینی کریستیانی ئەرسۆدۆکس دەزانێت، ئەمەش هەمان بیانووی سەدام حوسێن بوو بۆ داگیرکردنی کوەیت لە ساڵی ١٩٩٠، بەڵام بۆچی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە ساڵی ١٩٩٠ بۆ دەرکردنی سەدام لە کوەیت دروست بوو، بەڵام دژی ڕووسیا دروست نابێت؟ دیارە ئەو سیستەمە جیهانییەی لە ١٩٩٠ توانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی لە چوارچێوەی بڕیاری ئەنجوومەنی ئاسایش دروست بکات و هاوپەیمانانی نێودەوڵەتی خۆیان بڕیارەکەی ئەنجوومەنی ئاسایش جێبەجێ بکەن، بەڵام لە ئێستا ئەم سیستەمە مردووە و ناتوانێت وەك ساڵی ٩٩٠ زیندوو بێت!

پرسیاری دیکە ئەوەیە: ئایا دروستنەبوونی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی دژی ڕووسیا لەبەر ئەوەیە ڕووسیا وڵاتێکی بەهێزە؟ دیارە ڕووداوەکان پێمان دەڵێت: نەخێر، لەبەر بەهێزیی ڕووسیا نییە، لەبەر ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە ١٩٩٠ لە ڕووی سەربازییەوە لە ئێستای ڕووسیا بەهێزتر بووە، ئەو کات یەکێتی سۆڤیەت لەبەریەك هەڵنەوەشابووەوە، بەڵام ئەمریکا لە ئێستادا نەك بەرامبەر بە ڕووسیا، بگرە بەرامبەر بە سووریاش نەك هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی پێ دروست ناکرێت، بەڵکو هەموو دەوڵەتانی (ناتۆش)ی پێ کۆنابێتەوە، هەر بۆ نموونە: لە هێرشکردنە سەر لیبیا بۆ ڕووخانی موعەمەر قەزافی، تورکیا وەك ئەندامێکی ناتۆ بەشداری نەکرد، ئێستاش لە شەڕ دژی داعش، ئەحمەد داود ئۆغلۆ مانگێك پێش ئێستا ڕاشکاوانە بە کەناڵی CNNی ڕاگەیاند تورکیا مەرجی خۆی هەیە و ئەو مەرجانەش هەر وەك خۆیەتی و گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە و هەتا ئەو مەرجانەش جێبەجێ نەکرێت، بەشداری شەڕەکە ناکەن، ئەردۆگانیش وەك سەرۆك کۆمار پێش داودئۆغلۆ لە ناو ئەمریکا پێی ڕاگەیاندن: ئێمە دەزانین کێشەکان چارەسەر دەکرێت، لەسەر ئەم هەڵوێستەشمان بەوە تۆمەتبار کراوین هاوکاری داعش دەکەین، بەڵام ئێمە پێشوازیمان لە ١,٦ ملیۆن ئاوارەی سووریا کردووە و چەندین ملیار دۆلارمان بۆ نیشتەجێکردن و دابینکردنی خزمەتگوزاری بۆیان خەرجکردووە، بەڵام هەتا نەگەینە قەناعەت ئێمە بەشداری ناکەین. لایەنێکی دیکە ئەوەی ئێستا سەبارەت بە وتووێژی ڕژێمی بەشار ئەسەد و لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بە سەرپەرشتی ڕووسیا دەیبینین و ئەمریکاش پشتیوانی دەکات، مانای ئەوەیە ئەمریکا بە تەواوەتی دەستبەرداری لادانی بەشار ئەسەد لە دەسەڵات بووە، لە کاتێکدا ساڵێك پێش ئێستا ئەمریکا بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لەلایەن ئەسەدەوە وەك هێڵی سوور لە قەڵەمدا و دەرکەوت ئەسەد هێڵی سووری بەزاند و ئەمریکاش نەیتوانی هیچ بکات. بۆیە ئەم واقیعە بۆتە ڕاستی و چیدیکە ناشاردرێتەوە، گەرچی ئەمریکا نایەوێت دانی پێدا بنێت. پسپۆڕان و بیرمەندانی سیاسی هۆکارەکان دەگێڕنەوە بۆ ئەوەی ئەمریکا وەك سۆپەرپاوەر و ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی وەك دوا مەرجەع بۆ بڕیارەکانی جیهان چیدیکە ناتوانن کێشەکان چارەسەر

بکەن، ئەمریکاش کە لە سیستمی دوای شەڕی سارد خۆی بە خاوەنی سیستمی جیهانییەکە دەزانێت و هەتا پێش رووداوەکانی وڵاتانی عەرەبی داوای سەرکردایەتی ئەو سیستمەی دەکرد و نەخشەی بۆ حوکمڕانیی گلۆباڵی، یان جیهانی دادەڕشت، لە ئێستا نە سیستمەکە بوونی ماوە و نە حوکمڕانیی گلۆباڵیش دروست دەبێت.

## ● پێشمەرگە کۆدی ئەو سیستمە جیهانییەی کە هێشتا لەدایك نەبووە

کێشەی سەرەکی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست مۆدێلی ئەو دەوڵەتانەیە کە وەك خەڵاتی شەڕ بۆ براوەکانی شەڕی یەکەمی جیهانی دروستکراون، ئەم دەوڵەتانە پێش شەڕ وەك دەسکەوتی شەڕ دابەش کراون و رەنگدانەوەی جۆری ئەو دابەشکردنەن کە بەرژەوەندیی دەوڵەتانی براوەی شەڕی پێ رێکخراوە، راشکاوانەتریش لەمە دەکرێ بگوترێ: ئەو دەوڵەتانەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست هاوسەنگیی هێز و بەرژەوەندیی هاوبەش دروستی نەکردوون، بەڵکو دروستکراون بۆ راگرتنی هاوسەنگیی هێز و پاراستنی بەرژەوەندیی ئەو وڵاتانەی کە خۆیان بۆ ئەو مەبەستە دروستیان کردوون، لە دوای شەڕی دووەمی جیهانیشەوە جارێکی دیکە ئەو دەوڵەتانە وەك خەڵاتێکی حازر دووبارە بەسەر براوەکانی شەڕی دووەمی جیهانیدا دابەشکراونەوە. دیارە دوای شەڕی دووەمی جیهانی براوەکان زیاتر بوون و سۆڤیەت و ئەمریکاشی هاتەسەر، ئەوجا لەبەر ئەو چەمکە ئەورووپییە کە بۆ خودی دەوڵەتە، دەوڵەتەکانی خۆیان بە جیاواز دەزانن لەگەڵ ئەو دەوڵەتانەی بۆ خەڵاتی شەڕ دروست دەکرێن، بۆیە ئەو سەقامگیری و ئاشتییەی لە دەوڵەتانی ئەورووپا و باکووری ئەمریکا دروست بووە، ئەوا لە دەوڵەتانی دیکەی ئەمریکای لاتینی، ئەفریقیا و باکووری ئەفریقیا، رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نابینین، تەنانەت لە بەشێکی زۆری ئاسیا کە مۆدێلی دەوڵەتی ئەورووپین، بێجگە لە چین و ژاپۆن، هەست دەکەین ناسەقامگیری و ئاژاوەیەکی گەورە بوونی هەیە، سەبارەت بە چین و ژاپۆنیش، ئەوانیش بەردەوام ناکۆکییان هەیە و شەڕ لە نێوانیان هەبووە، ئەوە مۆدێلێکی دیکەی دەوڵەتە، بەڵام لە دوای شەڕی دووەمی جیهانییەوە ژاپۆنیش هەر لەسەر مۆدێلی دەوڵەتی ئەورووپی بونیاد نرایەوە، بۆیە لە دوای کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی جیا لەوەی بەشی زۆری دەوڵەتەکانیان وەك خۆی بە یەکپارچەیی کرانەوە خەڵاتی شەڕ، لەهەمانکاتدا لەسەر چەندین دەوڵەت رێکنەکەوتن و دابەشیان کردن، بۆ نموونە دابەشکردنی کۆریا بۆ کۆریای باکوور و کۆریای باشوور، هەروەها ئەڵمانیا بۆ ئەڵمانیای رۆژئاوا و ئەڵمانیای رۆژهەڵات، لەمەش زیاتر بەرلین دابەشکرا، ئەوجا لەبەر ئەوەی ئەم دەوڵەتانە بۆ مەبەست و بەرژەوەندیی دەوڵەتانی دیکە درووستکراون، نەك دەوڵەت دروست کرابێت بۆ بەرژوەندی خودی نەتەوەکە و ئامانج ئەوە بێت نەتەوە لەناو ئەو دەوڵەتە خۆی دروست بکات، ئەوا بەردەوام کێشەیان هەیە، ئەوجا لەبەر ئەوەش کە ئەو هێزە گەورانە خۆیان بە خاوەنی ئەو دەوڵەتانە دەزانن، بەردەوام دەستێوەردان دەکەن و دەبنە کێشە بۆ دەوڵەتە گەورەکانیش، دەوڵەتە گەورەکان بۆ ئەوەی ئەو دەوڵەتانە وەك موڵکی خۆیان بمێننەوە، هەموو بەرژەوەندییەکانی ئەو دەوڵەتەیان گرێداوە بە دەستەبژێرێکەوە کە خۆیان پشتگیری لێدەکەن، ئەوجا ئەو دەستەبژێرە باش بن، یان خراپ، بەرگری لێدەکەن! بۆ نموونە بەرگری ئیدارەی ئۆباما لە مالیکی و بەرگری ئێستای ئەمریکا لە حەیدەر عەبادی، بەڵام لەبەرامبەردا جۆن کیری خۆی زۆر باش دەزانێت ئەوەی گۆڕانکاری لەسەر زەوی دروستکردووە، هێزی پێشمەرگەیە، نەك حکومەتە تازەکەی عەبادی، ئەو هەموو سەرکەوتنەی پێشمەرگە لە کۆبانێ تا جەلەولا لە کاتێکدایە هەتا ئێستاش یەك بەندی ئەو رێککەوتنەی تایبەت بە هەرێمی کوردستان کە بریتین لە ناردنی بودجە و مووچەی پێشمەرگە جێبەجی نەکراوە، هەفتەیەك دوای وتارەکەی جۆن کیری لە داڤۆس ئینجا بودجەی عێراق پەسەند کراوە. ئەم شاردنەوەی جۆن کیری کە لە وتارەکەیدا باسی رزگارکردنی تکریت دەکات، کە هێشتا ئازاد نەکراوە لەلایەن سوپای عێراقەوە، کە هەتا ئەگەر ئازادیش بکرێت، سوپای عێراق بە تەنیا نابێت و حەشدی شەعبی و هێزی ئیقلیمیشی لەگەڵ دەبێت، ئەوە ناگەیەنێت کە جۆن کیری وەك هەستانەوەی سوپای عێراق ئاماژەی پێدەکات!

جۆن کیری و ئیدارەی ئەمریکی خۆیان باش دەزانن، سوپای عێراق بە ئاسانی راست نابێتەوە و ئەگەر شەڕیش نەبێت، لانیکەم ٥-٦ساڵی دەوێت هەتا ببێتەوە بە سوپایەك کە لانیکەم پاسەوانیی سنوورەکانی بکات، نەك شەڕی دەوڵەتێك بکات. هۆکاری سەرەکی بۆ ئەم پشتگیرییەی جۆن کیری بۆ حکومەتەکەی عەبادی و باسکردنی سوپای عێراق، لەبەر ئەوە نییە عەبادی و سوپای عێراق سەرکەوتوون، بەڵکو هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەمریکا عێراقی ئێستا وەك خەڵاتی شەڕ سەیر دەکات و دەیەوێت ئەم خەڵاتەی هەر بۆ بمێنێتەوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە: ئایا عێراق وەك خەڵاتی شەڕ بەدەستی ئەمریکاوە دەمێنێتەوە، ئەگەر کوردستان دەوڵەتی سەربەخۆی راگەیاند؟ بێگومان بەدەستیەوە نامێنێتەوە، ئەمەش نەك لەبەر ئەوەی گریمانەی ئەوە هەیە دەوڵەتی کوردستان لە بازنەی هاوپەیمانی ئەمریکا دێتەدەرەوە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە عێراق بە بێ کوردستان لە بازنەی ئەمریکادا نامێنێتەوە.

**رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی، رێژەیەکی زۆری پەنابەرانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لە خۆ دەگرن، ئەگەر راپرسییەک بکرێت، لەوانەیە رێژەیەکی بەرچاو هەبێت کە داعش بە تیرۆریست نەزانن و بە ئاشکرا پشتگیری بکەن و لە مەیدانە گشتییەکاندا گوتار بدەن**

**لە باشوور و پارچەکانی دیکەی کوردستان، ئەگەر چەند کەسێک چوونەتە ناو تیرۆریستانی داعش، ئەوا بێجگە لەوەی خێزان و منداڵەکانیان لەگەڵ خۆیان بردووە، لەهەمانکاتدا کەسوکارەکەشی حاشای لێدەکەن**

**کوردستان تەنها ناوچەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەموو جیهانی ئیسلامیدا کە کەلتوور و بەهامرۆییەکانی هیچ کێشەی لەگەڵ کەلتوور و بەهامرۆییەکانی رۆژئاوادا نییە**

**جۆن کیری و ئیدارەی ئەمریکی خۆیان باش دەزانن، سوپای عێراق بە ئاسانی راست نابێتەوە و ئەگەر شەڕیش نەبێت، لانیکەم ٥-٦ ساڵی دەوێت هەتا ببێتەوە بە سوپایەک کە لانیکەم پاسەوانیی سنوورەکانی بکات، نەک شەڕی دەوڵەتێک بکات**

ئاشکرایە دەستەبژێری حوکمڕانیی عێراق لە بەغدا، یان بەشێوەیەکی گشتی عەرەبی عێراق بە شیعە و سوننەوە، قەت نابنە هاوپەیمانی ئەمریکا، هەردوولایان ئەمریکا بە «داگیرکەر و شەیتانی گەورە» دەزانن، هەروەك ئەو زۆنگاوەی ئەمریکا لە سووریا تێیکەوتووە، لەلایەك رژێمی ئەسەد دژی ئەمریکایە، لەلایەکی دیکەش موعارەزەی سەرەکی کە هەڕەشە بێت بۆ رژێمی ئەسەد، قاعیدە و داعش لە ئەمریکا بە باشتر دەزانن. پرسیاری لەمە گرنگتر ئەوەیە: ئەگەر ئەم سیستمە مردووە هەر وەك خۆی مایەوە و توانی رێگری لە دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان بکات، ئایا بەرژەوەندییەکانی هەموو دەوڵەتە گەورەکان بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی چی بەسەر دێت؟ بێگومان لەگەڵ هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆسەر هەرێمی کوردستان، دەرکەوت پێگەی جیۆسیاسیی کوردستان بۆ هاوسەنگیی هێز و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی دەوڵەتە گەورەکان لە ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقیا چەند گرنگە، دەرکەوت ئەم پێگە جیۆسیاسییە بۆ پاراستنی هێزە گەورە غەیرە دەوڵەتییەکان چەند گرنگە، ئەمەش لەبەر ئەوەیە ئەگەر دەوڵەتە گەورەکان دەوڵەتانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك موڵکی خۆیان سەیر بکەن، ئەوا لەناو دەوڵەتەکانی خۆشیاندا هێزی غەیرەدەوڵەتی خۆی بە خاوەنی ئەو دەوڵەتە دەزانێت و ئەو غەیرە دەوڵەتییانە لەسەر ئاستی جیهان دەبنە هێزی غەیرەدەوڵەتیی نێودەوڵەتی. بۆ نموونە کۆمپانیا گەورەکانی نەوت، کۆمپانیای مایکرۆسۆفت و هەموو کۆمپانیا گەورەکانی دیکە، بۆیە ئەگەر سەرۆك ئۆباما لە رۆژی ٨ی ئابی ٢٠١٤ بڕیاری نەدایە و پاشان هاوپەیمانی نێودەوڵەتی لە دژی داعشییەکان رانەگەیاندایە، ئەوا دەوڵەتی دیکە و هێزی دیکەی غەیرەدەوڵەتی دەهاتنە سەرخەت و ئەوەش لە دوولاوە زیانی لە بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا دەدا، یەکەمیان دەبوو وەك هێزێکی گەورە ماڵئاوایی لە ناوچەکە بکات، دووەم لە ناوخۆی وڵات کاریگەری لەسەر ئیدارەی ئەمریکی دەبوو، لەبەر ئەوەی دەبووە لێدانی بەرژەوەندیی هێزە غەیرەدەوڵەتییەکانی ئەمریکا، هەروەك چۆن لە ٢٠٠٨ هێرشکرایە سەر وۆرد ستریت و پاشانیش دەرکەوت (تی پارتی) خۆی کرد بە خاوەنی ئەو خۆپیشاندانە، ئەمەش مانای ئەوە بوو هیچ هەڕەشەیەك لەسەر ئایندەی کۆماری ئازادی ئەمریکا قبووڵ ناکرێت، هەتا ئەگەر ئەو هەڕەشەیە بەرهەمی لیبراڵ دیموکراتی و پێشکەوتنەکانی ئەمریکاش بێت. لەم روانگەیەوە بایەخی کوردستان بۆ دەوڵەتە گەورەکانی دیکەش بە رووسیاشەوە گرنگە، بۆیە هەموو پسپۆڕان و بیرمەندانی سیاسی راشکاوانە ئاماژە بەوە دەکەن، کوردستان تەنها ناوچەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەموو جیهانی ئیسلامیدا کە کەلتوور و بەهامرۆییەکانی هیچ کێشەی لەگەڵ کەلتوور و بەهامرۆییەکانی رۆژئاوادا نییە، لەمەش زیاتر لەبەر ئەوەی رۆژئاوا بەگشتی و ئەمریکا بەتایبەتی، رێژەیەکی زۆری پەنابەرانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی لە خۆ دەگرن، ئەگەر راپرسییەك بکرێت، لەوانەیە رێژەیەکی بەرچاو هەبێت کە داعش بە تیرۆریست نەزانن و بە ئاشکرا پشتگیری بکەن و لە مەیدانە گشتییەکاندا گوتار



بدەن، بەڵام لە باشوور و پارچەكانی دیكەی كوردستان، ئەگەر چەند كەسێك چوونەتە ناو تیرۆریستانی داعش، ئەوا بێجگە لەوەی خێزان و منداڵەكانیان لەگەڵ خۆیان بردووە، لەهەمانكاتدا كەسوكارەكەشی حاشای لێدەكەن، ئەمەش مانای ئەوەیە بە تێگەیشتنی كورد بۆ ئیسلام، بوون بە تیرۆریست، وەك لادان لە ئایینی ئیسلام سەیر دەكرێت، بۆیە ئەگەر راپرسییەك لە كوردستان بكرێت، ئەنجامەكەی ئەوە دەسەلمێنێت كە هیچ كۆمەڵگەیەك وەك كوردستان تیرۆریستان رەتناكاتەوە. كەواتە كوردستان بۆ وڵاتانی جیهانی ئیسلامی و تەواوی سیستمی جیهانی بۆتە كۆدی هاوسەنگی هێز و پاراستنی بەرژەوەندییەكان، ئەم كۆدە ئەگەر ون بێت، ئەوا سیستمی جیهانی قفڵ دەبێت، بەڵام ئەگەر ئەم كۆدە بمێنێت، ئەوا جیهان دەتوانێت بیر لە سیستمێكی دیكە بكاتەوە.

لە ئێستادا ئەمریكا كە هەر لەو خەیاڵەدایە خۆی سەركردایەتی سیستمی جیهانی دوای شەڕی سارد بكات، لەمەش زیاتر نەیشاردۆتەوە كە خۆی بە خاوەنی عێراق دەزانێت و سیاسەتەكەشی ئاشكرایە و هەتا پێش شەڕی داعش بەوجۆرە بووە، كە لە رێگەی بەغداوە مامەڵە لەگەڵ هەولێر بكات، لەم چەند مانگەی دواییی ناچار بوو بە شێوازێكی دیكە مامەڵە لەگەڵ كوردستان بكات و ناچار بوو بڕیار بدات ٣ لیوای سەربازی بۆ پێشمەرگە پڕچەك بكات و مەشق و راهێنانیان پێ بكات، بەڵام دوای سەركەوتنەكانی پێشمەرگە لە شنگال تا جەلەولا و هەروەها ئازادكردنی كۆبانێ دوای چوونی پێشمەرگە، ئەمە وایكردووە، وەك لە گوتارەكەی جۆن كیری لە داڤۆس گوێمان لێبوو، هەروەها بانگهێشتنەكردنی نوێنەری كوردستان بۆ كۆبوونەوەی لەندەن بۆ هاوپەیمانانی دژی تیرۆریستانی داعش، دەریخست گەر بۆیان بچێتە سەر بۆ كۆبوونەوەی ١٨ی شوباتیش نوێنەری كورد بانگ ناكەن! ئەمانە مانای ئەوەن ئەمریكا دەیەوێت پێشمەرگە وەك كۆدی سەركەوتن بە سەر تیرۆریستان و داعشدا لە ناسنامەی عێراقیبووندا بهێڵێتەوە و لە چوارچێوەی عێراق و وەك هێزێكی عێراقی مامەڵەی لەگەڵدا بكات، ئەم جۆرە مامەڵەیە زۆر جار ئەمریكای بە هەڵەدا بردووە و زیانی گەورەشی لە بەرژەوەندییەكانی داوە، لەبەر ئەوەی ئەگەر سەیری ماوەی ١٤ ساڵی رابردوو بكەین، كە ئەمریكا دەیەوێت عێراق و ئەفغانستان بەوجۆرە بێت كە خۆی دەیەوێت، ئەوا بەپێی ئەو راستییانەی سەرچاوەكانی ئەمریكا ئاشكرایان كردووە، هەتا پێش شەڕی داعش ٥-٦ ترلیۆن دۆلاریان لە شەڕی عێراق و ئەفغانستان خەرجكردووە، ئەنجامەكەشی ئەوە بووە كە دوو دەوڵەتی فاشیلیان دروستكردووە، هەروەها دەركەوت هێزەكانی ناتۆ توانییان رژێمی موعەمەر قەزافی بڕووخێنن، بەڵام نەیانتوانی تەنانەت رژێمێكی هاوشێوەی قەزافی دروست بكەنەوە، بۆیە ئەم سەركەوتنانەی هێزی پێشمەرگە كە بۆتە كۆدی بردنەوەی شەڕی تیرۆریستان، ئەو سیستمە مردووەی پێ زیندوو ناكرێتەوە، باشترە سیستمێكی نوێ لەسەر دروستبكرێتەوە، لە سیستمەدا جۆرێك دەوڵەت بونیاد بنرێتەوە كە سوپاكەی وەك پێشمەرگە بتوانێت تیرۆریستان تێكبشكێنێت و سەرۆكەكەی وەك بارزانی ئەو توانایەی هەبێت بۆ پێكەوە ژیان گاندی و ماندێلا و بۆ پاراستنی ئازادیش دیگۆل و جۆرج واشنتۆن پێكەوە كۆبكاتەوە.

**جۆن كیری خۆی زۆر باش دەزانێت ئەوەی گۆڕانكاری لەسەر زەوی دروستكردووە، هێزی پێشمەرگەیە، نەک حكومەتە تازەكەی عەبادی، ئەو هەموو سەركەوتنەی پێشمەرگە لە كۆبانێ تا جەلەولا لە كاتێكدایە هەتا ئێستاش یەک بەندی ئەو رێككەوتنەی تایبەت بە هەرێمی كوردستان كە بریتین لە ناردنی بودجە و مووچەی پێشمەرگە جێبەجێ نەكراوە**





### جەعفەر شێخ مستەفا فەرماندەی میحوەری گەرمەسێر بۆ گوڵان:

# بەشداریی سەرۆک بارزانی لە بەرەکانی شەڕدا هۆکاری سەرەکیی سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەیە

**سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە لە بەرەکانی شەڕی دژ بە داعش ئومێدی بۆ ئایندەی سەرفرازیی کوردستان دروستکردووە، یەکریزی و یەك هەڵوێستی لایەنە سیاسییەکانیش ئاستەنگ و دژوارییەکانی ئاسانکردووە و هەر بە یەکریزی و یەکهەڵوێستیش دەسکەوتی زیاتر بە دەستدەهێندرێت، بۆ قسەکردنی لەسەر رەوش و ورەی پێشمەرگە لە بەرەی گەرمەسێر ئەم وتوویژەمان لەگەڵ جەعفەر شیخ مستەفا ئەندامی مەکتەبی سیاسیی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و بەرپرسی میحوەری گەرمەسێری پێشمەرگەی کوردستان ئەنجامداو بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گوڵانی دایەوە.**

*** سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە بە سەر تیرۆریستانی داعشدا، هیوایەکی گەشی بۆ ئایندە دروستکردووە، ئایا وەك فەرماندەیەکی پێشمەرگە چۆن سەیری ئەم شەڕە دەکەیت؟**

- من وای دەبینم سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە بە سەر تیرۆریستانی داعشدا، بەرەو سەربەخۆیی کوردستان دەچێت، ئەو کێشە و هەڕەشانەی ئێستا رووبەرووی هەرێمی کوردستان دەبێتەوە، هەموویان کاتین بە خۆڕاگری میللەتەکەمان ئەم قۆناخە تێدەپەڕێنین و هەنگاو بۆ سەربەخۆیی و سەرفرازی هەڵدەگرین.

*** بۆ ئەم قۆناخە دوای پشتیوانی خوا، یەکڕیزی گەلی کوردستان و یەکڕیزی و یەکدەنگیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستانە بۆ تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە، ئایا تاچەند لە ئێستادا یەکڕیزی بۆ ئەم قۆناخەی نەتەوەکەمان گرنگە؟**

- کاتێك دەڵێم ئەم قۆناخە بە خۆڕاگریی میللەتەکەمان تێدەپەڕێنین، دیارە پێش هەموو شت خۆڕاگریی میللەتەکەمان لە یەکڕیزیمانەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەمەش واتە یەکڕیزی و یەکدەنگی هەموو لایەنە سیاسییەکان، ئەو کێشە و هەڕەشانەی ئەمرۆ رووبەڕووی نەتەوەکەمان دەبێتەوە، تەنها هەڕەشە نین بۆ سەر بەشێك، یان لایەنێکی

سیاسی، بەڵکو ئەمە هەڕەشەیە بۆ هەمووومان و تاك بە تاكی هەموو خەڵكی كوردستان، بۆ ڕەواندنەوەی ئەم هەڕەشەیەش پێویستمان بە یەكڕیزی هەیە و تەنها بە یەكگرتوویی دەتوانین بەرپەرچی دوژمنانی ئەم خاكە بدەینەوە، مێژووی رابردووشمان ئەوەی بۆ سەلماندووین هەركاتێك یەكڕیز و یەكدەنگ بووبین بەرامبەر هەڕەشەكان، توانیومانە هەڕەشەكان بڕەوێنینەوە و تێیانبپەڕێنین، هەر كاتێك یەكڕیز بووبین دەسكەوتی زۆر باشمان بەدەستهێناوە، هەر كاتێكیش پەرتەوازە بووبین، ئەوا نەمانتوانیوە ئەو مەترسییانە لە خۆمان دوور بخەینەوە.

*** وەك فەرماندەیەكی سەربازی لە نزیكەوە ئاگاداری بەرەكانی شەڕی پێشمەرگەن لەدژی تیرۆریستانی داعش، لە ماوەی ئەم شەڕەدا سەرۆكی هەرێمی كوردستان بەردەوام لە بەرەكانی شەڕ بووە و سەردانی هەموو بەرەكانی شەڕەكەشی كردووە، ئایا تاچەند بوونی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە بەرەكانی شەڕدا بۆتە سەرچاوەی وورەی پێشمەرگە و كارئاسانی بۆ تێكشكاندنی داعشییەكان كردووە؟**

- سەرۆك بارزانی، سەرۆكی هەرێمی كوردستانە و فەرماندەی گشتی هێزە چەكدارەكانی كوردستانیشە، لە مێژووی خۆیدا هەر پێشمەرگە بووە و هەمیشە لەگەڵ پێشمەرگە لەناو سەنگەردا بووە، بۆیە گومانی تێدا نییە كاتێك پێشمەرگە دەبینێت سەرۆك و فەرماندەكەی شان بە شانی ئەو لە بەرەكانی شەڕدایە و لە سەنگەر لەگەڵیدایە و لە خۆشی و ناخۆشیدا ئاگای لێیەتی، ئەوا تین و تەوژمێكی زیاتر و بە گوڕ و وورەیەكی زیاترەوە ئەو پێشمەرگەیە شەڕدەكات، بۆیە من پێموایە بوونی جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە ماوەی چەند مانگی رابردوو لە بەرەكانی شەڕ و لەگەڵ هێزی پێشمەرگەدا، هۆكارێكی سەرەكی و گرنگی ئەو سەركەوتنایە كە پێشمەرگە بەدەستی هێناون و بەشی شێری ئەو سەركەوتنانە بۆ بوونی بەڕێزیان لە بەرەكانی پێشمەرگە دەگەڕێتەوە. ئەگەر خودی جەنابی سەرۆكی هەرێمی كوردستان لە بەرەكانی شەڕەكە نەبوایە، ئەو سەركەوتنانە بەدەست نەدەهاتن، سەردانەكانی سەرۆك بۆ هەموو بەرەكانی شەڕ تا جەلەولا و خانەقین و كۆبوونەوەی لەگەڵ هەموو فەرماندەكانی بەرەكانی شەڕ، وایكردووە كە دوای كۆبوونەوەكانیان لەگەڵ سەرۆكی هەرێمی كوردستان، فەرماندەكان بە گوڕوتین و وورەیەكی زیاترەوە بچنەوە سەنگەرەكانی پێشمەرگە، ئەم حاڵەتە بۆ پێشمەرگە زۆر گرنگە، چونكە پێشمەرگە فێرنەبووە پێی بڵێیت بڕۆ بۆ شەڕ، بەڵكو دەبێت پێی بڵێت وادەڕۆم تۆش لەگەڵم وەرە، بۆیە بوونی سەرۆك بارزانی لە بەرەكانی شەڕ ئەوەی گەیاند، كە هەمیشە بە پێشمەرگە دەڵێت وادەڕۆم تۆش دوام بكەوە، بۆیە بەڕاستی بوونی سەرۆك بارزانی لە بەرەكانی شەڕ زۆر گرنگ بووە، هۆكارێكی گرنگیش بووە بۆ ئەو سەركەوتنانەی پێشمەرگە بەدەستی هێناون.

*** بەڕێزت پێشتر وەزیری پێشمەرگەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بوویت و لە نزیكەوە ئاگاداری هێزی پێشمەرگەی كوردستانیت، دیارە ئەم شەڕەی تیرۆریستانی داعش، یەكگرتنەوەی هێزی پێشمەرگەی كوردستانی كردووە بە زەروورەت، بۆ ئەمەش بڕیاری پەرلەمانی كوردستان و راسپاردە و رێنمایی سەرۆكی كوردستان نێردراوە بۆ وەزارەتی پێشمەرگە، ئایا بۆ ئێستا یەكگرتنەوەی هێزی پێشمەرگە تا چەند گرنگە؟**

- هەر نەتەوەیەك خاوەنی كیان و قەوارەیەكی سیاسی بێت، گرنگە هێزەكەشی لە چوارچێوەی یاسا و نیزام رێكخرابێت و هیچ حزب و لایەنێكی سیاسی خاوەنی هێزی تایبەت بەخۆی نەبێت، لەم چوارچێوەیەدا دەبێت هێزی چەكدار ملكەچی یاسا بێت، ئەوجا ئەو هێزە هێزی سەربازی وەك هێزی پێشمەرگە، یان هێزی ئاسایش و پۆلیس بێت، یان هێزی دیكەی دژەتیرۆر، بۆیە گرنگە ئەم هێزانە هەریەكەیان بەپێی تایبەتمەندی خۆیان لە چوارچێوەی وەزارەتەكانی پێشمەرگە و ناوخۆ و ئەنجوومەنی ئاسایش رێكبخرێن، بۆ ئێستای كوردستان فرە هێزی زیانمان پێدەگەیەنێت، راستە پێشمەرگەی شاخ پێشمەرگەی حزب بووە و ئەم دەستكەوتەی ئەمڕۆمان بەرهەمی خەبات و قوربانیدانی پێشمەرگەیە، بەڵام ئەمڕۆ حكومەتمان هەیە و هەرێمی كوردستان هەیە، پێویستمان بەوەیە یەك هێزی پێشمەرگەمان هەبێت، یەك سەنتەری بڕیار هەبێت و لەچوارچێوەی یاسا و نیزامدا هەموو هێزی پێشمەرگە یەكبخرێت و هەموویان یەك مەشق بكەن و وەك یەك پڕچەك بكرێن و وەك یەك پێداویستییەكانیان بۆ دابینبكرێت. ئەم شەڕەی تیرۆریستانی داعش بۆی دەرخستین فرە هێزی و بوونی سەنتەری بڕیاری جیاواز سوودی نییە، بۆیە هەتا ئێستاش هیچ بەربەستێكی سیاسی بۆ یەكخستنەوەی هێزەكان بوونیان نییە، ئەوەی هەبووە كێشەی لابەلا بووە، وەك نەبوونی بودجە و كێشەكانی ئەم شەڕە، بۆیە لە ئێستاوە گرنگە بڕیاری پەرلەمان و فەرمان و بڕیار و رێنماییەكانی سەرۆكی هەرێمی كوردستان هەمووی وەك خۆی سەد لە سەد جێبەجێ بكرێن، نابێت هێزی چەكدار سەر بە هیچ هێز و لایەنێك بێت و دەبێت هەموو هێزەكان ملكەچی یاسا و نیزام بن.

**هەر نەتەوەیەک خاوەنی كیان و قەوارەیەكی سیاسی بێت، گرنگە هێزەكەشی لە چوارچێوەی یاسا و نیزام رێكخرابێت و هیچ حزب و لایەنێكی سیاسی خاوەنی هێزی تایبەت بەخۆی نەبێت**

**ئەو كێشە و هەڕەشانەی ئێستا رووبەڕووی هەرێمی كوردستان دەبێتەوە، هەموویان كاتین بە خۆڕاگری میللەتەكەمان ئەم قۆناخە تێدەپەڕێنین و هەنگاو بۆ سەربەخۆیی و سەرفرازی هەڵدەگرین**



بابەکر دڕەیی ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆڕان:

# پێویستە بڕیارەکانی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە لایەن هەمووانەوە بە بایەخەوە جێبەجێ بکرێن

**قۆناخی سەرکەوتنی پێشمەرگە بەسەر تیرۆریستانی داعش کە شەڕێکی نەخوازراوە و یەخەی کوردستانی گرتووە، هەندێك پرسی کردۆتە ئەولەوییەتی سیاسەتی هەرێمی کوردستان، لەوانە: یەکخستنی هێزی پێشمەرگە و تەواوی هێزە چەکدارەکانی کوردستان، هەروەها بەهۆی ئەو قەیرانە ئابوورییەی رووی لە کوردستان کردووە، پێداویستیی چاکسازی و گۆڕانکاری و گەڕان بەدوای سەرچاوەی داهات بۆتە پرسێکی دیکە، سەبارەت بەم پرسانە بابەکر دڕەیی ئەندامی جڤاتی نیشتمانی بزووتنەوەی گۆران بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**

*** لە ئێستادا بارودۆخێکی نوێ لە کوردستان هاتۆتە ئاراوە و کۆمەڵێك گۆڕانکاریی سەربازی و سیاسی روویانداوە، ئایا چۆن سەیری ئەم بارودۆخە دەکەیت؟**

- لەم دۆخەدا دەرفەتێکی زۆر باش هاتۆتە پێشەوە بۆ هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی پاش شەڕی داعش پشتیوانییەکی جیهانی هەیە بۆ کوردستان، بزاڤی دیپلۆماسییانەی سەرۆکایەتی هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە شێوەیەك بووە توانیویانە پشتیوانییە جیهانیەکان بۆ هەرێمی کوردستان مسۆگەر بکەن و لە بەرەکانی جەنگدا ئەکتیڤ بکرێن بۆ داکۆکی لە خاك و خەڵکی هەرێمی کوردستان، دواتر هەرێمی کوردستان توانی پێشمەرگە بنێرێتە کۆبانێ و لە ئاستی نەتەوەییشدا هەنگاوی باشی ناوە، کە ئەمەش بووەتە هۆی پتەوترکردنی پێگەی هەرێمی کوردستان لە ئاستی نەتەوەییدا، چ بۆ باکوور و چ بۆ خۆرئاوای کوردستانیش، بەم هەنگاوانە پێگەی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی جیهان بە شێوەیەکی باش بەرەو پێشەوە بردووەو لەسەر ئاستی هەرێمیشدا ترسەکان لەسەر هەرێم رەویونەتەوە بە حوکمی ئەوەی ئەم هەرێمە سەقامگیرتر بووە لە ناوخۆیدا، پشتگیری وڵاتانی دنیای بۆ هاتۆتە پێشەوە بە شێوەیەك قوتدان و پەلاماردانی کوردستانی عێراق ئاسان نییە بۆ دراوسێ کۆنەکانی خۆی، لەم ئاقارەدا بۆ ئەوەی ئەم هەرێمە قایمتر بکەین، سێ مەرج پێویستن، بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان باشتر سەقامگیر ببێت و بەرەو پێشەوەتر بڕوات، کە بریتین لە: دابەشکردنی توانا و سامان و مەعریفەت، لە دابەشکردنی قودرەت واتا دیموکراسی لە کوردستان زیاتر بچەسپێت و حزبە سیاسییەکانی کوردستان تەنیا بەشدار نەبن، بەڵکو هاوبەشیش بن، بە شێوەی گشتی هەنگاوی باش نراوە بە مەرجێك لێپرسینەوە هەبێت لەو کۆمپانیانەی بوونەتە مایەی کەموکورتی و گەندەڵی لە کوردستاندا، ئەوا حکومەتی هەرێمی کوردستان پێگەی قاییمتر دەبێت و ئەو تونێڵەی کوردی پێدا دەڕوات ئەوسەری رووناك دەبێت و تاریك نابێت، بەگشتی من گەشبینم بە کۆی پرۆسەی ئەو هەنگاوانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵیگرتووە، هەنگاوەکانیشی لە ئاقارێکی دروست و راستدان، بەڵام پێویستیمان بەوەیە بەردەوام خەریکی چاکسازیی ناوخۆیی بین، بۆیە بەو مەرجەی ئەو سێ شتەی باسمکردن دابەشبکرێن بە شێوەیەکی دروست و عەقڵانی.

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ماوەیەک لەمەوبەر بڕیاری دا کە هیچ کەس و لایەنێک لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆی نییە میلیشیای هەبێت، ئەوە بڕیارێکی مێژوویی گرنگە و پەرلەمانی کوردستانیش پەسەندی کرد**

*** ئاگادارن کە بەرنامەیەك لە سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانە و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش زۆر جەختی لێ دەکاتەوە، ئەویش بەردەوامبوونی ئەو چاکسازییەیە کە باستان کرد، لێرەدا بۆ ئەوەی ئەمە بە ئەنجام بگات، رۆڵ و ئەرکی هەموو لایەنە سیاسییەکان چییە تا بە شێوەیەکی باشتر لەوەی ئێستا ئەو دادپەروەرییەی لەو سێ ئاقارەدان بێتەدی، چۆن هەمووان پشتیوانی لەم پڕۆژەوە بەرنامەیە بکەن؟**

- بێگومان ئەرکی هەموویانە جێبەجێی بکەن، بۆ نموونە سەرۆکی هەرێمی کوردستان ماوەیەك لەمەوبەر بڕیاری دا کە هیچ کەس و لایەنێك لە دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆی نییە میلیشیای هەبێت، ئەوە بڕیارێکی مێژوویی گرنگە و پەرلەمانی کوردستانیش پەسەندی کرد، ئینجا پێویستە سەرۆکایەتی هەرێم چاودێری جێبەجێکردنی بڕیارەکەی بکات و ئەو لایەنانەی ملکەچ نابن بەم بڕیارە خەڵکی کوردستانیان لێ ئاگادار بکاتەوەو خەڵك بە گشتی بزانن کە ئەوانە کێن کۆسپن لەبەردەم جێبەجێبوونی بڕیارە گرنگەکانی هەرێمی کوردستان، چونکە لەم ماوەیەی کە پشتیوانی جیهانی بۆ کوردستان هەیە، لە کاتێکی وادا بێ دەلیل نییە کە سەرۆکایەتی هەرێم بڕیار دەردەچوێنێت بۆ یەکگرتنی سوپای کوردستان، ئەگەر لە ئێستادا یەکنەگرێت، ئیتر یەکگرتنی بۆ داهاتوو مەحاڵ دەبێت، دەزگا راگەیاندنەکانی کوردستان پێویستە هەڵمەتێکی راگەیاندن دەستپێبکەن و رێگر بن لەبەردەم هەر کەسایەتی و لایەنێکدا کە بۆ ئەم بڕیارە گرنگەی سەرۆکایەتی هەرێم دەبنە کۆسپ، لە کۆی دۆز و پرسەکانی تریشدا سەرۆکایەتی هەرێم کە بڕیار بۆ چاکسازیی دەدات، زۆر گرنگە، بەڵام ئەمە بەدواداچوونێکی بەردەوامی پێویستە. دەرفەت لەمە باشتر نابێت کە هەم لە باری نیزامی و هێزی میللەتی ئێمە تۆکمەتر بکرێت، هەم لە باری سیاسییەوە چاکسازیی ئەنجام بدرێت، پێویستە بڕیارەکانی سەرۆکایەتی هەرێم لە لایەن هەموانەوە بە بایەخەوە جێبەجێ بکرێن.

**دەرفەت لەمە باشتر نابێت کە هەم لە باری نیزامی و هێزی میللەتی ئێمە تۆکمەتر بکرێت، هەم لە باری سیاسییەوە چاکسازیی ئەنجام بدرێت**

**گەشبینم بە کۆی پرۆسەی ئەو هەنگاوانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵیگرتووە، هەنگاوەکانیشی لە ئاقارێکی دروست و راستدان، بەڵام پێویستیمان بەوەیە بەردەوام خەریکی چاکسازی ناوخۆیی بین**

### نازم عەبدوڵڵا ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان:

# گرنگ ئەوەیە هەموو پێکەوە هەوڵبدەین ئەو دۆخە باشەی بۆ هەرێمی کوردستان دروستبووە نەهێڵین بۆ دواوە بگەڕێتەوە



**تێپەڕاندنی ئەم بارودۆخە سیاسییە سەختەی ئێستا کوردستانی پێدا تێدەپەڕێت، ئەرکی سەرشانی هەموو حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستانی قورستر کردووە و ئەوانیش هەست بە بەرپرسیاریەتی لەم قۆناخە ناسکەدا دەکەن. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم رەوشە، نازم عەبدوڵڵا ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵی ئیسلامی کوردستان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** چۆن سەیری بارودۆخی ئەمڕۆی کوردستان دەکەیت، بەتایبەتی کە کوردستان لە قۆناخی شەڕێکی دژواردایە؟**

- ئەم بارە نالەبارەی بەرۆکی هەرێمی کوردستانی گرتووە، دۆخێکە وەك شمشێرێکی دوودیوە، دیوێکی باش و دیوێکی مەترسیداریشی هەیە، دیوە باشەکەی ئەوەیە ئەمڕۆ دۆزی کورد بووەتە ژمارەیەك، چ وەك نەتەوە و چ وەك پێگەی سیاسی و جیۆگرافی و ئابووری بووەتە ژمارەیەکی گەورە و گرنگ کە ئەمە دیوە ئیجابییەکەیەتی و پێویستە کورد سوودی لێ وەربگرێت، ئەمە دەبێتە رووناکییەك بۆ داهاتووی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی و بۆ سەرجەم گەلی کوردیش بەگشتی، دیوە مەترسیدارەکەش ئەوەیە ئەگەر وەك کورد یەکڕیز و یەکهەڵوێست نەبین لە بەرانبەر ئەم دۆخە نالەبارە سیاسی و ئابوورییەی ناوچەکەدا گەورەترین زیانمەند دەبین، پێویستە ئەو پێگە سیاسییەی کە ئێستا بۆ کورد دروستبووە، هەوڵبدەین لە رووی دیپلۆماسییەوە بتوانین بەرەو پێشی بەرین، ئەمڕۆ لە هەموو کات زیاتر پێویستیمان بە دیپلۆماسیەتێکی بەهێز هەیە بە شێوەیەك وڵاتانی دەوروبەرمان ئەم پێگەیەی کورد بە مەترسی نەزانن بۆ سەر وڵاتەکانیان، پێویستمان بەوەیە لەسەر ئەم جۆرە دیپلۆماسیەتەی ئێستا هەیە کاری زیاتر بکەین، لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە ئێمە هەوڵبدەین ئەو دۆخەی هەرێمی کوردستان بۆی دروستبووە نەهێڵین بۆ دواوە بگەڕێتەوە، داعش پیلانێکی گەورە بوو، بەڵام تا ئاستێکی باش بە یەکڕیزی هێزی پێشمەرگە و سەرکردایەتی سیاسی کورد توانرا لە هێڵی سووری مەترسیەکە دوور بکەوینەوە، دواتر پێگە نێودەوڵەتییەکەش وایکرد تا ئێستا ئەم قۆناغە بە دیوێکی ئیجابی بۆ کورد و میللەتی کورد بشکێتەوە، ئێمە وەك میللەتی کورد شەڕخواز نەبووین و پێویستیمان بە شەڕیش نەبووە .

*** پاش ئەم شەڕە نەگریسەی کە تووشی کورد بووە، تا رادەیەك زۆربەی لایەنە سیاسییەکان هەستیان بەم مەترسییانە کردووە و یەکڕیزی و یەکدەنگییان دەبیندرێ، بۆ نموونە زۆربەی لایەنە سیاسییەکان پشتیوانی لە سەرۆکی هەرێم و سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دەکەن، تا چەند لەم دۆخەدا ئەم یەکڕیزییە بە سوودی میللەتی کورد وەرچەرخانی دەبێت؟**

- گرنگە ئەو لایەنە سیاسییانەی کە ئەمڕۆ لە ساحەی هەرێمی کوردستاندان، هەر یەکەیان بە رێژەی قەبارەی خۆی لە خیتابێکی سیاسیی هاوبەشدا کۆببنەوە، واتە بۆ بڕیارە سیاسییەکانی سەر ساحەی هەرێمی کوردستان هەموان شەریك بن، لە بڕیارەکان ئاگادار بکرێنەوە، ئەمانیش بکرێنە خاوەنی ئەو بڕیارانە و بێئاگا نەبن، لەسەر خاڵە نەتەوەیی و نیشتمانییەکان هەڵوەستەی جددی لەسەر بکرێت. ئەمە بکرێتە خاڵی هاوبەش دەبێتە هۆی پاراستنی چارەنووسیشمان.


*** مامۆستا عەلی باپیر و شاندێکی باڵای کۆمەڵی ئیسلامی سەردانی سەرۆکی هەرێمی کوردستانیان لە بەرەکانی جەنگ کرد، دەکرێت بزانین پشتیوانیکردنی ئەمجارەی کۆمەڵی ئیسلامی لە سیاسەت و هەڵوێست و بڕیارەکانی سەرۆکی هەرێم لە چ روانگەیەکەوە بووە؟**

- ئامانج لەو سەردانە بۆ لای سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە بەرەکانی جەنگ ئەوەیە کە ئێمە هەموومان وەك ئەم میللەتە لەسەر خاك و ئاو و پێگەی ئەم وڵاتە دەژین، ئەگەر هەر سەرکەوتنێك تۆمار بکرێت، لە بەرژەوەندیی هەموومانە و هەر مەترسییەکیش روو لەم خاکە بکات هەموومان تێیدا زەرەرمەند دەبین، نەك تەنیا حزبێك، یان لایەنێك، یان کەسایەتییەك، پارێزگاریکردن لە هەرێم و حکومەتی هەرێمی کوردستان بە ئەرکێکی ئایینی و میللی خۆمانی دەزانین، هەر مەترسییەك لە ژێر هەر ناو و نازناوێکەوە بێت مادامەکێ مەترسییە لەسەر ئەم خاك و نیشتمانە ئێمەش بە ئەرکی سەرشانی خۆمانی دەزانین لە روویدا بوەستینەوەو دژی بین، سەردانەکەمان بۆ لای سەرۆکی هەرێمیش بۆ پاڵپشتی لێکردنی و بەرزکردنەوەی مەعنەوییاتی پێشمەرگە بووە، بەوەی کە هەموو لایەنەکان پاڵپشتیانن. ئەمڕۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ئەرك و رۆڵی خۆی هەیە بەتایبەتی لەم قۆناخەدا کە کوردستان بەم شەڕەدا تێپەڕدەبێت، هاوکات پێویستە بزانین پەرلەمان و خەڵکی هەرێمیش چی دەخوازن، حەتمەن سەرۆکی هەرێمیش لەگەڵ ئەوەدایە رای میللەت بە هەند وەربگرێت، بەتایبەتیش کە سەرۆکی هەرێم بۆ زۆربەی پرسەکان دەگەڕێتەوە لای پەرلەمان کە باشترین پێگەی کۆکردنەوەی هەموو ڕاو دەنگەکانی کوردستانە، هەمووشمان ئەم هەڵوێستەیمان پێ باشە.

### فەرهاد مەلا ساڵح ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان:

# پشتگیریی هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بۆ کوردستان دەگەڕێتەوە بۆ ئەو هەماهەنگییەی کە لە نێوان سەرۆکایەتی هەرێم و لایەنە سیاسییەکان ڕەنگیداوەتەوە

**ئەوەی رووخساری سیاسی هەرێمی کوردستانی لەبەر چاوی جیهان جوانکردووە، ئەو ژینگە دیموکراتییە فرەحزبییەیە کە لەمپەڕی چەپ بۆ ئەو پەڕی راستی لەخۆی گرتووە، هەمووشیان پێکەوە لە خاڵێکی هاوبەشدا کە راوەستانە لە دژی تیرۆریستانی داعش یەکیانگرتۆتەوەو پێکەوە لەیەك سەنگەردا شەڕی تیرۆریستان دەکەن. سەبارەت بەم رەوشە فەرهاد مەلا ساڵح ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن.**



*** هەموو خەڵکی کوردستان دەستخۆشی لە یەکڕیزیی لایەنە سیاسییەکانی کوردستان دەکەن لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش، ئایا تاچەند بەردەوامبوونی ئەم هەڵوێستە گرنگە؟**

-- باشترین بژاردە بۆ خەڵك و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان ئەوەیە کە بتواندرێت یەکڕیزیی ناوماڵی کورد پارێزراو بێت، ئێستا بە بەشداری پێنج حزبە سەرەکییەکەی بەشدار لە ناو پرۆسەی سیاسی و ئیداریی حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانیش بە شێوەیەکی بنکەفراوان هاتۆتە ئاراوە و متمانەی خەڵکی کوردستان بەم لایەنانە زیاتر بووە لەم قۆناغە زۆر هەستیارەدا، دیارە ئەوەش ئەرکی هەمووانە کە خەڵکی کوردستان لەم قۆناغە مەترسیدارەوە ببەینە قۆناغێکی سەقامگیر و ئارامەوە، بۆ ئەمەش هیچ بژاردەیەك لە بەردەم حزب و لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا نییە، جگە لە یەکڕیزی نەبێت. شەڕە مەترسیدارەکەی داعش بە یەکڕیزیی ناوماڵی کورد نەبێت، وەلاناچێت، هەر پرس و هەنگاوێکی دیکەش کە بۆ سەقامگیریی ئەم هەرێمە دەنرێت، یەکەم بە پاراستنی ناوماڵی کورد مسۆگەر دەبێت، دووەمیشیان بە راکێشانی دۆستایەتی زیاتری ئەو لایەنانەی لە هاوپەیمانێتی دژ بە لەناوبردنی داعشدان تا پشتگیری هەرێمی کوردستان بکەن لەم جەنگەیدا کە بەسەریدا سەپێندراوە. خاڵێکی گرنگی دیکە ئەو رێککەوتنەی ئەم دواییە بوو کە هەرێم و بەغدای لە یەکتر نزیك خستەوە. پێویستە بە هەموومان بتوانین بیپارێزین و درێژەی پێ بدەین تا کوردستان لەم قۆناغە راگوزەرە مەترسیدارە تێدەپەڕێت. دواتر ئەو پشتگیرییەی لە لایەن هاوپەیمانێتی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان دروست بووە، بەشێکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو یەکڕیزی و یەکهەڵوێستییەی لە هەرێمی کوردستاندا هەیە، بۆ ئەو هەماهەنگییەی لە نێوان سەرۆکایەتی هەرێم و حزب و لایەنە سیاسییەکان و چین وتوێژەکانی خەڵك و لە ناو پەرلەمانی کوردستانیش ڕەنگیداوەتەوە، هاوکات ئەم پشتگیرییە نێودەوڵەتییەی لە دەزگا شەرعییەکانی هەرێم دەکرێت، دەروازەی باشتر دەکاتەوە بۆ بەرەوپێشچوونی دۆزی کورد لە هەموو جیهان و هەروەها دەبێتە مایەی سەرکەوتنی زیاتریش بۆ بەرەکانی جەنگ، کە وەك بینیمان کە لەم دواییانەدا سەرکەوتنی گەورە بەدیهاتن هەر لە مەخموور و گوێر تا دەگاتە بەری رۆژئاوای موسڵ و رزگارکردنی تەواوەتی کۆبانێ کە هێزی پێشمەرگە لەوێش رۆڵی هەبوو، پێویستە ئەم سەرکەوتنانە وەبەرهەم بێن بۆ هەنگاوی چارەنووسسازی گەورەتر.

*** یەکگرتووی ئیسلامی وەك یەکێك لە هێزەکانی کوردستان هەمیشە پشتیوانی لە سیاسەتی ستراتیژی کوردستان و پاڵپشتی سیاسەتی روون و دروستی سەرۆك بارزانی بوون، بەتایبەتی هەفتەی رابردوو بینیمان کە بەڕێز مامۆستا محەمەد فەرەج سەردانی میحوەری زوممار ی کرد و چاوی کەوت بە سەرۆکی هەرێم، دەکرێت بزانین دووپاتکردنەوەی ئەو پشتیوانییانە بۆ سەرۆکی هەرێم لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- سەرچاوەی لەو هەستە نەتەوەییەوە گرتووە کە یەکگرتوو بە ئەرکی سەرشانی خۆی دەیزانێت، ئەمڕۆ دەستخۆشی بۆ ئەو پێشمەرگانە دەنێرین کە خەڵك و خاکی کوردستان دەپارێزن لەو داعشە نەگریسانەی کە بە ناهەق یەخەی هەرێمی کوردستانیان گرتووە، هاوکات جەنابی ئەمینداری گشتی داوای پشتگیری زیاتر لە خەڵکی هەرێمی کوردستان دەکات بۆ سەرۆکی هەرێم و پێشمەرگە ئازاکانی بەرەکانی جەنگی رووبەڕووبوونەوەی داعش تا بە سەرکەوتوویی لەم مەترسییە دەربچین.





دڵشاد شەهاب ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# ئەم یەکدەنگی و یەکهەڵوێستییەی لایەنەکانی کوردستان خاڵی سەرەکیی سەرکەوتن و جێگەی ئومێدی خەڵکە

**چۆن سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگەی تیرۆریستان بەسەر تیرۆریستانی داعشدا بە یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی و خوێنی پێشمەرگە قارەمانەکانی کوردستان بەدەستهات، بە هەمان شێوە پاراستنی ئەم دەستکەوتە و هەنگاو هەڵگرتن بەروە ئایندەیەکی گەش هەر بە هەمان شـێوە دەسـتەبەر دەکرێت. ئەم شـەڕەی دێوەزمەی تیرۆریستان کە یەخەی کوردستانی گرتووە، دووڕیانی مان و نەمانی کوردستان و گەلەکەیەتی بە بێ جیاوازی ئایین و نەتەوەوە، بۆیە ئەم شـەڕە شەڕی تاك بە تاکی خەڵکی کوردستانە. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم شەڕە و سەرکەوتنەکانی هێزی پێشمەرگە، دڵشاد شەهاب ئەندامی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بەمجۆرە رای خۆی بۆ گوڵان خستەڕوو.**

*** چـی بە زامنی ئەو سـەرکەوتنانە دەزانی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەم دواییە بەدەستی هێناوە؟**

- زامنی سـەرەکی سەرکەوتنەکان و پاراستنی کوردستان و دەربازبوون لەم قۆناخە هەستیارەی چەندین مانگە بەهۆی تیرۆریسـتانی داعشـەوە رووبەڕووی کوردستان بۆتەوە، لە پاراستنی ئەو تەبایی و یەکڕیزییەوە دەست پێدەکات کە ئێستا لە هەرێمی کوردسـتان هەسـتی پێدەکرێت، ئەم هاودەنگی و یەکڕیزییـە بۆ کۆمەڵگەیەکـی دیموکراتی وەك هەرێمی کوردستان کە تیلیدا دیاردەی فرەحزبی و بیروبۆچوونی جیاواز بوونی هەیە، خاڵی سەرەکیی سەرکەوتن و جێگەی ئومێدی هەموو خەڵکی کوردستانیشە، هەروەها ئەم یەکڕیزی و یەك هەڵوێستییە جێگەی تێڕوانین و سەرنجی دۆستانی ئێمەیە و بەشـێوەیەك لە شێوەکان مەرجێکی سەرەکیشە بۆ بەردەوامی ئەو پشتگیرییە ئێستا لە هەرێمی کوردستان دەکرێت.

*** دیارە ئێسـتا کوردستان بە قۆناخی شەڕدا تێدەپەڕێت، ئایا تاچەند لەسەر ئاستی ناوخۆ گرنگە خەڵکی کوردستان بە تێکڕا ئەم قۆناخە لەبەرچاو بگرێت؟**

- زۆر گرنگە لەسـەر ئاسـتی میللی هەموو تاکێکی

کوردســـتان هەســـت بەوە بکات کە وڵاتەکەی لە شەڕدایە، ڕاستە بە گیانفیدایی پێشمەرگە و بەشداری و سەرپەرشتی ڕاســـتەوخۆی جەنابی ســـەرۆك بارزانی توانرا بەرگری لە کوردســـتان بکرێت و باری سەقامگیری شارەکان ڕابگیرێت، بەڵام گرنگە هەموو لایەك هەســـت بە بەرپرسیاریەتی ئەم قۆناخە بکەین کە ئێستا لە شەڕداین و شەڕێکی ئەوتۆشە کە هەموو جیهان لەم شەڕە دەترسێت و مەترسییە بۆ سەر هەموو لایەك، بەڵام هەتا ئێســـتا ئەوە سەلمێندراوە کە تەنها هێزی پێشمەرگەی کوردستان توانیویەتی ڕووبەڕووی تیرۆریستانی داعش ببێتەوە و تێکیان بشکێنێت، ئەم سەرکەوتنانەی هێزی پێشمەرگەی کوردســـتانیش، پێویستی بە بەشداری هەموو لایەك هەیە و هۆشیارییەکی هەمەلایەنەی دەوێت، هاوکاری و هەماهەنگیـــی هەمەلایەنەی پێویســـتە، هەندێك حاڵەت بەهۆی ئەم شەڕەوە دروست بووە و پێویستی بە خۆڕاگری و هێمنی هەیە، ڕاستە خەڵکی کوردستان پێویستی بە مووچە و خزمەتگـــوزاری هەیە، بەڵام ئێمە لە حاڵەتی شـــەڕداین، ئەگەر هەندێك کەموکوڕیش هەبێت، دەبێت ئەم حاڵەتە لەبەر چاوبگیرێت کە وڵات شـــەڕی بەسەردا سەپاوە و لە هەموو ڕوویەکەوە قوربانی دەوێت.

*** لایەنێکـــی جیاوازی ئەم شـــەڕە جیهانییەی یەخەی کوردستانی گرتووە، شێوازی دڕندەیی تیرۆریستانی داعشە، ئایا چـــۆن لەم بارودۆخەدا هەموو پێکـــەوە بەرپەرچی ئەم شەڕە بدەینەوە؟**

- ئەم شـــەڕە شـــەڕێك نیە لەگەڵ دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، یان لایەنێکی سیاسی، بەڵکو ئەمە شەڕە لەگەڵ تێکڕای هاووڵاتیانی کوردســـتان بە بێ جیاوازی نەتەوە و ئایینـــەوە، بە بێ جیاوازی بیروبۆچوون و تەمەن و لایەندار و بێلایەنەوە، ئەمە شـــەڕە دژی بیروبۆچوونی عیلمانی و ئیسلامی، ئەوانەی لە دەســـەڵاتن و ئەوانەشی بە جۆرێك لە جۆرەکان خۆیان بە ئۆپۆزســـیۆن دەزانـــن، بۆیە ئەگەر تیرۆریســـتانی داعش بۆیان بچێتە ســـەر و خوانەخواستە پێشڕەوی بکەن، ئەوا لە کوردســـتان کۆمەڵکوژی دەکەن، سەرنج بدەن لەو شوێنانەی نزیکن بەشێوەیەکی هەرەمەکی بە تۆپ و هاوەن هەموو ناوچەکە بۆمباران دەکەن، ئۆتۆمبێلی مینرێژکراو دەنێرن و دەیتەقێننەوە، بێ ئەوەی حیســـاب بۆ ئـــەوە بکەن ئەوە کوردە، یان تورکمانە، یانکریســـتیانە، یان موسڵمانە، یان ئیزیدییە، لەم قۆناخەدا هاووڵاتیان هەستیان کردووە ئەوان خۆیان بەشێکن لە شەڕەکە و لەلایەن دوژمنانەوە وەك ئامانج ســـەیر دەکرێن، بۆیە ئەم شەڕە بە مانای وشە شـــەڕی مان و نەمانە، هیـــچ مرۆڤێك لەگەڵ بوونی ئەم تیرۆریستانە نییە، گەلی کوردستان بە بێ جیاوازی ئایین و نەتەوەوە تەنها یەك ڕێگەی لەبەردەمە ئەویش شەڕکردنە، ئەوەی چەکی بەدەستە و ئەوی چەکی بەدەست نییە دەبێت بەشداری لە بەرە جیاوازەکانی ئەم شەڕەدا بکات.

*** یەکڕیزی و یەکهەڵوێســـتیی هەمـــوو لایەنەکان لە ئێســـتادا تەنها ڕێگەیە بۆ بەرپەرچدانەوەی تیرۆریســـتان، ئەوە تا چەند گەشـــبینمان دەکات بـــۆ ئەوەی ئەم قۆناخە تێپەڕێنین؟**

- ئەوەی جێگەی گەشبینی و خۆشحاڵییە هەنگاوەکان بۆ بەڕێوەبـــردن و تێپەڕاندنـــی ئەم قەیرانە هەتا ئێســـتا بەرپرسیارانە بووە هەموو لایەنەکان وەڵامدانەوەی ئەرێنییان بۆی هەبووە، جەنابی ســـەرۆك بارزانی هەر لە ســـەرەتای ئەم شـــەڕەوە دووربینانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم پرسە کردووە و لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆبۆتەوە بۆ ئەوەی هەڵوێســـتێکی هەمەلایەنە لەســـەر ئەم شـــەڕە دروســـت بکات، لەســـەرەتادا و پێش هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ ســـەر کوردستان، هەڵوێستی ســـەرۆك بارزانی و هەموو لایەنە سیاســـییەکان بەوشـــێوەیە بوو خۆمان لەم شـــەڕە تێوەنەگلێنین، ئەگەر تەعدامان لێنکەن، ئێمە تەنها لە حاڵەتی بەرگریکردن دەبین، ڕاســـتە سنوورێکی زیاتر لە ١٠٠٠ کیلۆمەتریمان لەگەڵ دەوڵەتێکی تیرۆریستی داعش بۆ دروست ببوو، بەڵام هەموو لایەك ئەوەیان بە بەرژەوەندی کوردســـتان دەزانی ئێمە لە حاڵەتـــی بەرگری بین، بەڵام لەپڕ ئەم شەڕە نەخوازراوە یەخەی گرتین و هێرشمان کرایە ســـەر و تەعەدامان لێکرا، ئەوا بە ناچاری سەرۆك بارزانی بڕیاری شـــەڕی سەرتاسەری و مان و نەمانی دا، ئەوەی جێگەی دەستخۆشی و تەقدیرە هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردســـتان چ پێنج لایەنە سەرەکییەکەی کە لە حکومەت بەشـــدارن و چ ئەوانەشی لە حکومەت بەشدار نین، هەموو لایەك بەرپرسیارانە پاڵپشتیی بڕیارەکەی (سەرۆك بارزانی) یان کرد، ســـەبارەت بە پارتی و یەکێتی کە بەشـــی زۆری هێزی پێشمەرگە هی ئەو دوولایەنەیە، ئەوا لە سەرەتای ئەم شەڕەوە پێکەوە لە بەرگری قارەمانانەدان، لایەنەکانی دیکە کە بەشدارن لە حکومەت پشتگیریان لە هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی کـــردووە، بزووتنەوەی گۆڕان بەشـــداری فیعلیان هەیە لە حکومەت و وەك لایەنێکی سیاســـیش هەڵوێستی سیاســـییان پشتگیری لە هەوڵەکانی سەرۆك بارزانی بووە، لەمەش زیاتر ســـەردانی ئەمیری کۆمەڵی ئیســـلامی و ئەمینداری گشتی یەکگرتووی ئیسلامی بۆ بەرەکانی شەڕ بۆ لای سەرۆك بارزانی، هەروەها سەردانی هەردوو جێگری سکرتێری گشتی یەکێتی نیشـــمانی کوردستان، جێگەی تەقدیر و ئومێدی یەکڕیزی و یەکهەڵوێستی پتەوتر دەکات، هەروەهـــا لایەنەکانی دیکەش وەك حزبی سۆشیالیســـتی کوردســـتان هەر لەسەرەتای شـــەڕەکەوە بەشداری فعلییان هەبووە، حزبەکانی دیکەش هەر یەکەیان بە قەدەر قەوارەی خۆی ڕۆڵی گێڕاوە، بۆیە هەموو ئەمانە قۆناخێکی نوێی هێناوەتە ئاراوە، پێویســـتییەکی دروستکردووە بەوەی دەبێت لـــەم قۆناخە پێکەوە بین و لە یەکتری بێمنەت نەبین، بۆیە ئەم یەکهەڵوێستییە ئاســـۆیەکی گەشی دروستکردووە، بۆ ئەوەی بە سەرکەوتوویی ئەم قۆناخە تێپەڕێنین.

**جەنابی سەرۆك بارزانی هەر لە سەرەتای ئەم شەڕەوە دووربینانە مامەڵەی لەگەڵ ئەم پرسە کردووە و لەگەڵ هەموو لایەنە سیاسییەکانی کوردستان کۆبۆتەوە بۆ ئەوەی هەڵوێستێکی هەمەلایەنە لەسەر ئەم شەڕە دروست بکات**

**هەنگاوەکان بۆ بەڕێوەبردن و تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە هەتا ئێستا بەرپرسیارانە بووە هەموو لایەنەکان وەڵامدانەوەی ئەرێنییان بۆی هەبووە**

# ڕزگارکردنی کۆبانێ چ مانایەک دەگەیەنێت؟



دۆغو ئەرگیل*
بۆ گوڵانی نووسیوە

دوای ١٣٤ ڕۆژ لە شەڕێکی سەخت لەگەڵ چەکدارانی دەوڵەتی ئیسلامی (داعش)دا، پێشمەرگە و شەڕڤانانی کورد توانییان شاری کۆبانێ ڕزگار بکەن کە شارێکی ڕۆژئاوای کوردستانە لە سووریا و دەکەوێتە سەر سنووری نێوان تورکیا و سووریاوە. لەم بەرگرییەدا سەرکەوتنێکی گەورە و بێ وێنەیان تۆمارکرد.

لە تشرینی یەکەمی ساڵی ٢٠١٤دا کاتێك داعش لە دەروازەکانی (کۆبانێ)وە دەرکەوتن و و ئاڵای ڕەشی خۆیان هەڵکرد، زۆر کەس پێیانوابوو کە بە چەشنی شاری موسڵ- کە شارێکی زۆر گەورەتر بوو، هەزاران سەربازی چەکداریش پارێزگارییان لێ دەکرد- هەر زوو دەکەوێتە دەستیان. لە ڕاستیدا، حوکمڕانانی تورکیا لەم ڕووەوە گوزارشتیان لە بۆچوونی خۆیان کرد و ڕایانگەیاند کە «گرووپێکی تیرۆریستی ڕووبەڕووی گرووپێکی تیرۆریستی دیکە بۆتەوە»! واتە ئەم وەسفەی بەسەر بەرگریکارانی کوردی یەپەگە (یەکینەکانی پاراستنی گەل)دا سەپاند، کە ئینتیمای بۆ پەکەکە هەیە، ئەگەر نەڵێین لقێکە لەو حزبە.

داعش سەرسەختانە هەوڵدەدات خەلافەتێکی سوننی لەسەر خاکی سووریا و عێراق دابمەزرێنێت. هەروەها دەیەوێت سەرجەم گرووپە ئیتنی و ئایینییەکان ڕابماڵێت لەو خاکانەی کە وێنای ئەوە دەکات — خەلافەتەکەی لەسەر دابمەزرێنێت-. کورد گرووپێکن لەو گرووپانە و کەوتوونەتە نێوان ئەو خاکەی کە هێڵی دەستەبەرکردنی توانای مرۆیی و ئابووریی ئەوانی پێکهێناوە. کەواتە داعش زۆر بە ڕوونی ڕایگەیاندووە کە ئەو خاکی بە بێ خەڵك دەوێت، بۆ ئەم ئامانجەش، یان خەڵکەکە کۆمەڵکوژ دەکات، یاخود ڕایاندەگوازێت.

تورکیا چاودێریی پێشڕەویکردنی داعشی دەکرد تا ئەو کاتەی دۆخەکە گۆڕا بۆ کارەساتی مرۆیی، ئینجا سنوورەکانی بۆ جێکردنەوەی نزیکەی ٢٠٠،٠٠٠ کەسی دانیشتووانی کۆبانێ کردەوە. کوردی تورکیا- مەرج نییە لەلایەن پەکەکەوە بێت- و عێراق و ئێران قەرەبووی ئەو هاوکارییە سەربازییەیان کردەوە کە تورکیا ئامادە نەبوو دەستەبەری بکات. هەرێمی کوردستانی عێراق- ژمارەیەك پێشمەرگەی ڕەوانەی کۆبانێ کرد. هەندێ لە خۆبەخشەکانیش چوونە پاڵ ئەم گرووپە کوردییانەوە، ئەو خۆبەخشانەش لە وڵاتە جیاوازەکانەوە هاتبوون کە بڕیاریان دا بەرەنگاری ڕەفتارە نامرۆیی و ئامانجە ڕەشەکانی داگیرکەر ببنەوە.

لە مانگەکانی سەرەتای ڕووداوەکەدا، هاوکێشەکە لە ڕووی چەك و شەڕڤانانەوە بۆ بەرگریکاران لاسەنگ بوو، ئافرەتانیش بێباك لە مردن و ئەشکەنجە و دەستدرێژی و بە کۆیلەکردن چوونە ناو شەڕەکەوە. باس لەوە دەکرێت کە نزیکەی لە سەدا ٤٠ی بەرگریکارانی کورد لەو شەڕەدا ئافرەت بوون. شەڕە سەخت و گرانەکەش بە بەرچاوی جیهانەوە پەرەی دەسەند، بەڵام جیهان دوور لە هەست و سۆز لێی دەڕوانی.

حکومەتی تورکیا، بڕوایەکی تەواوی بەوە هەبوو کە پەکەکە و باڵە سوورییەکەی لەلایەن داعشەوە ڕامدەکرێن،

بەو پێیەش خەباتی چەند ساڵەیان لە تورکیادا بە رادەیەکی زۆر لاواز دەبێت، لەبەر ئەوە کارێکی کەمی ئەنجامدا و تەنیا سنوورەکانی بە رووی ئاوارە هەڵاتووەکاندا کردەوە. لە کۆتاییدا، ئیدارەی ئۆباما درکی بەوە کرد کە سەرکەوتنی داعش لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا چی بە دوای خۆیدا دەهێنێت، لەبەر ئەوە بە ئەنجامدانی گورزی ئاسمانی و خستنەخوارەوەی چەك و کەلوپەلی سەربازی دەستپێوەردانی کرد. هەنگاوی دووەمی ئەمریکا بریتی بوو لە پێکهێنانی هاوپەیمانێتییەك دژ بە داعش کە تورکیا خۆی لەو هاوپەیمانێتیی بەدوور گرت. ئەم هەڵوێستە گومانی هێنایەئاراوە لەوەی کە تورکیا پەیوەندیی نهێنی لەگەڵ داعشدا هەبێت، کە تورکیا پێیوابوو ئامرازێك دەبێت بۆ رووخاندنی بەشار ئەسەد کە ئەمەیان بووە خولیایەکی حکومەتی تورکیا.

بەم دواییە کۆبانێ لەلایەن کوردەوە کۆنترۆڵ کرایەوە. ١٠٠٠ چەکداری داعش لە شەڕی ئەو شارە کوژران. پتر لە ٣٠٠ بەرگریکار و ژمارەیەکی نەزانراوی خەڵکی مەدەنیش گیانیان لە دەستدا. ئەم رووداوە لە چەند روویەکە بۆ پەرەسەندنەکانی ئایندەی ناوچەکە، هەروەها بۆ سیاسەتی نێودەوڵەتیش زۆر گرنگە:

- کورد پێگەیەکی گرنگیان وەك یاریزانێکی ئیقلیمی و هاوپەیمانێکی متمانەپێکراو لە شەڕی دژ بە جیهادییەکاندا بەدەست هێنا.
- داعش دووچاری شکستێکی گەورە بۆوە، ئەگەرچی هێشتا توانای شەڕکردنی ماوە، بەڵام ئەو راستییە روون بۆوە کە دەکرێت سنووردار بکرێت و لە کۆتاییشدا لە ناو ببردرێت.
- بە ئەندازەیەکی گەورە شۆڕشی عەرەبی دووچاری شکست بۆتەوە، لە کاتێکدا دەرکەوت کە «بێداربوونەوەی کورد» سەرکەوتوو بووە، چونکە تەنیا لە فۆرمی یاخیبووندا بەرجەستە نەبوو، بەڵکو لە سایەی سەرکردایەتییەکی بەتوانا و رێکخستنێکی سیاسی و ئیداری کارا و جەماوەریدا، هاوشان بە بوونی ئەجێندایەکی پێشکەوتخوازانە کورد هەنگاو بەرەو خۆبەڕێوەبەری هەڵدەگرێت. ئەمە سەربەخۆیی نییە، بەڵام ئەوان ئامادەن- لە هەر کوێیەك بژین- ژیانی خۆیان بەڕێوە ببەن، بەوەی ببنە بەشێك لەو سیستمە سیاسییەی لە ئارادایە.
- بێداربوونەوەی کورد هاوشان بوو بە رێکخستنێکی بەردەوام کە سیاسەتەکەی لەسەر بنەمای بەشداریکردن دارشت، لەگەڵ هێز و توانا بەخشین بە ئافرەتان، هەروەها توانای بەرگری لە خۆکردنی هەیە و رێچکەی عەلمانی پیادە دەکەن کە لە رۆژئاوا نزیکی دەکاتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە کە رۆژئاوا لەگەڵ داعش لە پێکداداندایە.
- ئەو رۆڵەی پەکەکە بینیویەتی لەم شکست پێهێنانەی داعشدا، بووە هۆی ئەوەی رێزی زیاتر بەدەست بهێنێت و پێگەشی بەهێزتر بێت لە گفتوگۆکانی لەگەڵ تورکیادا بۆ هێنانەدی ئەو رێککەوتنەی ئاشتی کە ماوەیەك درێژەی کێشا.
- سەرکردایەتیی تورکیا لە چەند روویەکەوە زیانی پێگەیشت:

أ) دەرئەنجامی ئەو خەمساردییەی لە ئاست بە هاناوەچوونی کورد لە کۆبانێ نواندی دووچاری سزای کردەوە کە ئەویش خۆی لە پشێوییەکی بەربڵاودا بینیوەتەوە لە وڵاتەکەدا کە لە (٦-١٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٤) رووی داو لە ئەنجامدا ٤٦ کەس گیانیان لەدەستدا و کاولکارییەکی گەورەشی بەدوادا هات. دواتر بە هاوکاری و دەستێوەردانی (عەبدوڵڵا ئۆجەلان)ی سەرکردەی پەکەکە لە ژووری زیندانەکەیەوە توانرا پشێوییەکە هێور بکرێتەوە.

ب) راپۆرتە هەواڵگرییەکانی چەند وڵاتێکی جیاواز بەڵگەی ئەوەیان خستۆتەڕوو کە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ کەسانی داعشدا سنووری هاوسۆزی تێپەڕاندووە، بەڵکو خۆی لە کردنەوەی سنوور و چارەسەرکردنی بریندارەکاندا بینیوەتەوە. ئەم بەڵگەیەش بووە هۆی لەدەستدانی متمانە بە تورکیا وەك هاوپەیمانێتییەك و شەریکێکی کارا لە شەڕکردن لە دژی توندڕەویی ئایینیدا.

ج) پێداگریی سەرکردایەتیی تورکیا لەسەر سەپاندنی «ناوچەی دژە فڕین» و رووخاندنی رژێمەکەی ئەسەد رەتکرایەوە، ئەم رەتکردنەوەیەش بووە هۆی ئەوەی تورکیا پتر ناکارا بێت لە دارشتنی سیاسەتی ئیقلیمدا.

بێباکی لە ئاست دانپێدانان بە کوردی سووریا و خەمساردی لە ئاست پێویستییان بۆ بەرگری لە خۆکردنیان کاتێك کەوتبوونە ژێر هێرشەکانی داعشەوە، کە دەرئەنجامی نەخوازراو و پێچەوانەی لێکەوتەوە بۆ سیاسەتی تورکیا لە ئاست کورددا. ئەنقەرە پێیوابوو داعش دەتوانێت کوردی سووریا- کە لە ژێر کاریگەری و دەسترۆیشتوویی پەکەکەدا بوون- تێکبشکێنێت. لە بری ئەوە کوردی ئێران و عێراق و تورکیا زەمینەیەکی هاوبەشیان دۆزییەوە بۆ بەرگریکردن لە بوون و مانەوەی خۆیان. واتە لە بری لاوازکردنی خەون و ئومێدەکانی کورد، تورکیا هاوکاری کرد بۆ سەرپێخستنی خەونی پان کوردیزم، کە زۆر زەحمەتترە لە ئێستادا بتواندرێت سەرکوت بکرێت.

---

*** ئوستادی زانستی سیاسەتە لە زانکۆی فاتح لە تورکیا و پسپۆر و تایبەتمەندە لەسەر دۆزی کورد و یەکێکە لەنووسەرە دیارەکانی تورکیا**

**تورکیا چاودێریی پێشڕەویکردنی داعشی دەکرد تا ئەو کاتەی دۆخەکە گۆڕا بۆ کارەساتی مرۆیی، ئینجا سنوورەکانی بۆ جێکردنەوەی نزیکەی ٢٠٠،٠٠٠ کەسی دانیشتووانی کۆبانێ کردەوە**

**راپۆرتە هەواڵگرییەکانی چەند وڵاتێکی جیاواز بەڵگەی ئەوەیان خستۆتەڕوو کە پەیوەندییەکانی تورکیا لەگەڵ کەسانی داعشدا سنووری هاوسۆزی تێپەڕاندووە**

**کورد لە سایەی سەرکردایەتییەکی بەتوانا و رێکخستنێکی سیاسی و ئیداری کارا و جەماوەریدا، هاوشان بە بوونی ئەجێندایەکی پێشکەوتخوازانە بەرەو خۆبەڕێوەبەری هەنگاو هەڵدەگرێت**



### حەمید ئەفەندی بەرپرسی میحوەری باشیک بۆ گوڵان:

# سەرۆکی کوردستان وەک بارزانی نەمر بەشداری و سەرپەرشتی شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش دەکات

حەمید ئەفەندی زیاتر لە ٥٠ ساڵە پێشمەرگەیە و هەموو پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە تا گەیشتۆتە پۆستی وەزیری پێشمەرگەی کوردستان، دوای هێرشی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کوردستان، جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە بەرەکانی شەڕ و بۆتەوە بە پێشمەرگە و لەلایەن (سەرۆك بارزانی)یەوە بەرپرسی میحوەری باشیکی پێ سپێردراوە. بۆ قسەکردن لەسەر دۆخی بەرەکانی شەڕ و سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە، گوڵان سەردانی بەرەی پێشمەرگەکانی کوردستانی لە باشیك کرد و هەر لەوێ ئەم دیمانەیەی لەگەڵ حەمید ئەفەندی ئەنجامدا.

*** دوای زیاتر لە پەنجا ساڵ پێشمەرگایەتی و بڕینی هەموو پلەکانی پێشمەرگایەتی و بوونت بە وەزیری پێشمەرگە، دەبینین حەمید ئەفەندی دووبارە بۆتەوە بە پێشمەرگە و لەسەنگەرەکانی پێشەوەیە، چۆن بوو گەڕایتەوە بۆ پێشمەرگایەتی؟**

- پێش هەمووشت، پێشمەرگایەتی لە هەموو پۆست و ناوێك گەورەترە، جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی ناوی پێشمەرگەی لە سەرۆك لا گەورەترە و سەنگەری پێشمەرگەشی لە کۆشکی سەرۆکایەتی پێخۆشترە، بۆیە لای ئێمەش پێشمەرگایەتی لە هەموو شت گەورەترە، لەمەش گرنگتر ئەوەیە کاتێك بڕیار دەدەیت ببیتە پێشمەرگە، کەس فەرمانت پێ ناکات، یان کەس داوات لێ ناکات، بەڵکو خۆت بڕیار دەدەیت، ئەمجارە منیش بێ ئەوەی کەس فەرمانم پێبکات و کەس پێم بڵێ، کە بینیم تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر کوردستان و هەستمکرد شڵەژانێك لەناو خەڵك دروست بووە و دووبارە پێویستە دروشمی کوردستان یان نەمان بەرز بکەینەوە و بەهەمان گیان و ورەی ساڵی ١٩٦١ چەك بکەینە شان و رووبکەینە بەرەکانی شەڕ، بۆیە هەر ئەو کات کۆمەڵێك پێشمەرگەم کۆکردەوە کە ژمارەیان ٤٠-٥٠ پێشمەرگە بوو، روومانکردە میحوەری خازر و کە گەیشتمە ئەوێ د.رۆژ نوری شاوەیس پێش من لەوێ بوو. دیارە د.رۆژ جێگری سەرۆك وەزیرانی عێراق بوو، ئەو پێش من بڕیاری دابوو ببێتەوە بە پێشمەرگە، یەك دوو رۆژ لەگەڵ د.رۆژ لەو میحوەرە بووم، پاشان جەنابی سەرۆك بارزانی زانیبووی منیش لە خازرم، بۆیە ئەمری کرد، بچمە میحوەری بەعشیقە و لەسەر فەرمانی بەڕێزیان لەو رۆژەوە لەم میحوەرەم.

*** دیارە ئەو کاتەی ئێوە گەڕانەوە ناو هێزی پێشمەرگە، هێرشەکانی داعش هەندێك پاشەکشەی بە هێزی پێشمەرگە کردبوو، ئایا کاریگەری ئێوە وەك پارتیزانە دێرینەکانی شاخ لەسەر وەرچەرخانی شەڕەکە چۆن بوو؟**

- دیارە کەوتنی موسڵ و هەڵاتنی سوپای عێراق، تیرۆریستانی داعشی لە گرووپێکی تیرۆریستیەوە گۆڕی بۆ دەوڵەتێکی تیرۆریستی بەهێز و پڕچەك، لەیەکەم رۆژی گرتنی موسڵیشەوە، تیرۆریستان ناو بەناو هێرشیان دەکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە لە شوێنە جیاوازەکان، بەڵام هێرشی تەواویان لە مانگی ئاب دەستپێکرد، واتە دوای پەنجا رۆژ لە گرتنی موسڵ، لەو ماوەیەدا، نە حکومەتی بەغدا نە هاوپەیمانان هاوکاری هێزی پێشمەرگەیان نەکرد، پێشتریش هێزی پێشمەرگە لەلایەن بەغداوە گەمارۆی چەك و کەلوپەل و مووچە و بودجەی خرابووە سەر، لەلایەکی دیکەش هێزی پێشمەرگە بریتیبوون لە هێزێکی گەنج و خوێنگەرم، بەڵام کەم ئەزموون لە شەڕی تیرۆریستانی داعشدا، بۆیە ئەمە وایکرد لەگەڵ هێرشی تیرۆریستانی داعش هەندێك پاشەکشە بکەن، بەتایبەتیش کە تیرۆریستانی داعش بە هامەر و تانك و زرێپۆش هێرشیان کردبوو، پێشمەرگەش نە چەکی باشی پێبوو، نە شارەزای شەڕەکە بوو، بۆیە ئەمە وایکرد پێشمەرگە نەتوانێت وەك پێویست بەرگری بکات، بەڵام پاش ئەوەی سەرۆك مسعود بارزانی بڕیاری شەڕی سەرتاسەری راگەیاند، بەشی هەرە زۆری پێشمەرگە کۆنەکان گەڕانەوە و توانرا ئەزموونی پێشمەرگە دێرینەکانی شاخ تێکەڵاوی ئازایەتی و جوامێری پێشمەرگە لاوەکان بکرێت و وەرچەرخان لەبەرەکانی شەڕدا دروست بێت.

*** ئێوە کە هاتنە میحوەری بەعشیقە چیای زەرتك بەدەستی تیرۆریستانی داعشەوە بوو، ئایا چۆن چیای زەرتکتان ئازاد کرد؟**

- دوای ئەوەی لە سەر فەرمانی سەرۆك بارزانی بەرپرسیاریەتی ئەم میحوەرەمان پێ سپێردرا، بەرەی شەڕەکە لەمدیوی چیای زەرتك بوو، تیرۆریستانی داعش گوندەکانی بناری چیای زەرتکیان بە دەستەوە بوو، بۆیە پاش ئەوەی سەنگەرەکانی خۆمان بەهێز کرد و دوای راوێژکردن لەگەڵ سەرۆك بارزانی و دروستکردنی هەماهەنگی لەگەڵ میحوەری خازر، ئێمە پلانماندانا بۆ گرتنەوەی گوندەکانی بناری چیای زەرتك، پلانەکەشمان بەوجۆرە بوو، پێشمەرگە بکەینە سێ وەجبە، لەبەر ئەوەی ئەگەر وەجبەی یەکەم پێویستی بوو وەجبەی دووەم و سێهەمیش بگاتە فریایان، هەر واش بوو کە وەجبەی یەکەم دەستی بەهێرشکردن کرد، هەستمانکرد پێویستە وەجبەکانی تریش بچن، بۆیە چووین و لەو گوندانە وەدەرمان نان و لاشەی نزیکەی ٥٠ چەکداری داعش کەوتە بەردەستمان، لەو لاشەوە هێزێك لە خازرەوە هاتن، بەڵام پێش ئەوەی هێزەکەی خازر لەگەڵ ئێمە یەکبگرێتەوە، ئێمە چووینە سەر چیا و چیای زەرتکمان ئازاد کرد.

*** ئێستا میحوەری باشیك چەند فراوانە؟ ئایا تەواوی ناوچە کوردستانییەکان کەوتوونەوە دەست هێزی پێشمەرگە؟**

- رووبەری ئەم میحوەرە نزیکەی ٤٠ کیلۆمەتر دەبێت، لەم میحوەرە پێشمەرگە پێشڕەوی زۆری کردووە و زۆر ناوچەی ئازادکردووە، ئەم ناوچەیە، ناوچەیەکی شاخاوییە، هەموو بەرزاییە ستراتیژییەکانیش لەبەر دەستی پێشمەرگەیە و پێشمەرگە لە رووی سەربازییەوە باڵادەستە بەسەر کۆمەڵێك ناوچەی دیکەشدا کە کوردستانین و هێشتا پێشمەرگە ئازادی نەکردوون، بەڵام بۆ ئەوەی پێشمەرگە بجووڵێت و بچێت ئەو ناوچانەش ئازاد بکات،

**چاوەڕێی فەرمانی سەرۆک بارزانی دەکەین و هەر کاتێک فەرمان بکات، ئێمە بە ئاسانی دەتوانین هەموو ناوچە کوردستانییەکانی ئەم دەڤەرە ئازاد بکەین**

**پێشمەرگایەتی لە هەموو پۆست و ناوێک گەورەترە، جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی ناوی پێشمەرگەی لە سەرۆک لا گەورەترە و سەنگەری پێشمەرگەشی لە کۆشکی سەرۆکایەتی پێخۆشترە**

**سەرۆک مسعود بارزانی قبووڵ ناکات، جارێکی دیکە پێشمەرگە لە ژێر گەمارۆ و گوشاری بەغدا بێت، بۆیە دەبێت پێشمەرگە سوپای پارێزەری کوردستان بێت**

**سەرۆک مسعود بارزانی جارێکی دیکە قبووڵ ناکات، ناوچەیەک لە کوردستان هەبێت، پێی بگوترێت کێشە لەسەر، ئەمەش واتە ئەمجارە خوێنی پێشمەرگە سنووری کوردستانی باشوور دیاری دەکات**

**بۆ مێژوو دەیڵێم: جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی خۆی سەرپەرشتی ئەو شەڕەی نەکردایە ئەوا ئەو سەرکەوتنە گەورانە بەدەست نەدەهاتن و لە سنووری سووریاوە تا نزیکی موسڵ ئازاد نەدەکرا**

**جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی لە سەردەمی خەباتی شاخ زۆر جار بە شەخسی سەرپەرشتی بەرەکانی شەڕی کردووە و لەگەڵ پێشمەرگە لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە بووە و داستانی گەورەی تۆمارکردووە**

ئەوە چاوەڕێی فەرمانی سـەرۆك بارزانی دەکەین و هەر کاتێـك فەرمان بکات، ئێمە بە ئاسـانی دەتوانین هەموو ناوچە کوردسـتانییەکانی ئەم دەڤەرە ئـازاد بکەین و لە سنووری کوردسـتان پێشمەرگە سـەنگەری پاراستنی سنوور دادەمەزرێنێت.

*** دیارە لەوەتەی تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردووە، سـەرۆك مسـعود بارزانی بەخۆی لە بەرەکانی شەڕە و راستەوخۆ سەرپەرشتی هەموو بەرەکانی شەڕەکە دەکات، ئایا تاچەند بوونی سەرۆك بارزانی لە بەرەکانی شەڕدا ورە و خۆڕاگری بە پێشمەرگە بەخشیوە؟**

- سەرکردایەتی ئەمجارەی سەرۆك مسعود بارزانی بۆ تێکشکانی تیرۆریستانی داعش، بە هەمان سەرکردایەتی بارزانی نەمر دەچوو لە سـەرکردایەتیکردنی شەڕی دژبە هێرشـی جەیش و جاش بۆ سەر بارزان لە ساڵی ١٩٦٣، لەو شـەڕەدا پێشمەرگە بووم، لەم نزیکانە سەرۆك بارزانی دەبینم و پێی دەڵێم سـەرکردایەتی ئەمجارەی بەڕێزتان لە شەڕی تیرۆریستانی داعش، هەمان سەرکردایەتی جەنابی بارزانـی نەمری لە ١٩٦٣ بیرهێنامەوە، ئەوجا بۆ ئەوەی خوێنەرانیشتان بەو سەرکردایەتیکردنەی شەڕەکانی بارزانی نەمر ئاشنا بن، بۆتان دەگێڕمەوە. لەساڵی ١٩٦٣ جەیشی عێـراق و تەواوی ئەو هۆزانەی کـە ببوونە جاش پێکەوە هێرشیان کردە سـەر بارزان، جەنابی بارزانی نەمر هێزی پێشمەرگەی بەسـەر چەند قۆڵێکدا دابەشکرد، خۆیشی لەسـەر چیایەکی بەرزەوە چاوی لە هەموو قۆڵەکان بوو، راستەوخۆ سەرپەرشتی هەموو قۆڵەکانی شەڕەکەی دەکرد، لەبـەر ئەوەی هەموو فەرماندەکانی قۆڵەکانی شـەڕەکە دەیانزانی راسـتەوخۆ لەبەر چاوی بارزانی نەمر شـەڕ دەکەن، بۆیە هـەر فەرماندەیەك هەوڵیدەدا هەموو توانای خۆی بخاتەگەڕ و لە قۆڵەکەی خۆیەوە زیاتر پێشـڕەوی بکات و دوژمن تێکبشکێنێت، خۆ ئەگەر لە قۆڵێکیشەوە هێزێك بشکایە، ئەوا جەنابی بارزانی نەمر ئاگای لێبوو، بۆیە هێزی بۆ دەنارد و نەیدەهێشـت بشـکێت، بۆیە لەو شـەڕەدا جەنابی بارزانی نەمر سـەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا. من خۆم ئەو شێوازی سەرکردایەتی شەڕەم لە کاك ئیدریسـی جوانەمەرگیش بینیوە، دیارە جەنابی کاك ئیدریسـی جوانەمەرگ لە ١٩٦٤ بووە پێشمەرگە، ئەوکات ئێمە لە بەرەی شـەڕی گـەرووی هۆمەر ئاغا بووین، راسـتەوخۆ پەیوەندیمان بە کاك ئیدریسەوە هەبووە، ئیدریسی جوانەمەرگیش راستەوخۆ بە خۆی سەرپەرشتی شـەڕەکانی دەکرد، جا بەرێگەی ئامێری بێتەل بوایە، یان نامە ناردن بوایە، ئەگەر پێویسـتی بکردایە خۆی دەهاتە لامان بۆ ناو بەرەکانی شـەڕ و چەندین جاریش پێویستی کردووە، خۆی هاتۆتە لامان بۆ سەنگەرەکانی پێشمەرگە و لەناو سەنگەری پێشـمەرگەوە سەرپەرشتی شەڕەکانی کردووە. جەنابی سـەرۆك مسـعود بارزانی لە سەردەمی خەباتی شاخ زۆر جار بە شەخسی سەرپەرشتی بەرەکانی شـەڕی کردووە و لەگەڵ پێشـمەرگە لە سەنگەرەکانی پێشمەرگە بووە و داسـتانی گەورەی تۆمارکردووە، وەك خواکـوڕك و لـەدوای راپەڕینیش لە کـوڕێ، بەڵام لە شەڕی ئەمجارەی تیرۆریستانی داعش جیاوازییەك هەبوو، لەلایەك ناهاوسـەنگییەك هەبوو لە نێوان چەکی دەستی تیرۆریستانی داعش و چەکی پێشمەرگە، لەلایەکی دیکە بەرەی شـەڕەکە هێجگار فراوان بوو، لەمەش کاریگەرتر کە زۆر کاریگەری لەسەر باری دەروونی سەرۆك مسعود بارزانـی هەبوو، ئەو کۆمەڵکـوژی و بە کۆیلەکردنە بوو کـە دەرهەقی کوردی ئێزیدی و هەروەها کریسـتیانەکان و کوردانی شـەبەك و فەیلی کرا، بەتایبەتی کارەسـاتی ئێزیدییـەکان بوو، بە کۆیلەکردنی کچان و ژنانی ئێزیدی کاریگەرییەکی زۆر سـەختی لەسەر سەرۆك هەبوو، بۆیە لەم بارودۆخە هەستیار و پڕ مەترسییەدا، جەنابی سەرۆك مسـعود بارزانی، بـە هەمان ئیرادەی سـاڵی ١٩٦٣ی جەنابی بارزانی نەمر، خۆی هاتە ناو بەرەکانی شـەڕ و لە ناو سەنگەری پێشـمەرگەوە بڕیاریدا ئەم شەڕە بکەن و خۆی سەرپەرشـتی هەموو بەرەکانی شـەڕەکە بکات، مـن وەك خۆم کە لە ژێر سەرپەرشـتی جەنابی بارزانی نەمر و کاك ئیدریسـی جوانەمەرگ و سـەرۆك مسعود بارزانی بەشداری زۆر شەڕم کردووە، لە شەڕی ئەمجارەی تیرۆریسـتانی داعش، ئیرادەی بارزانی نەمرم لە جەنابی سـەرۆك مسـعود بارزانی بینی و چوونیشـی بۆ سەر چیای شنگال و راگەیاندنی ئەو سەرکەوتنە مەزنە لەسەر چیای شـنگال، هەمان سـیمای بارزانی نەمرم لەسەر چیاکانی کوردسـتان بینییەوە، بۆ مێژوو دەیڵێم: جەنابی سەرۆك مسـعود بارزانی خۆی سەرپەرشتی ئەو شەڕەی نەکردایە ئەوا ئەو سـەرکەوتنە گەورانە بەدەست نەدەهاتن و لە سنووری سـووریاوە تا نزیکی موسڵ ئازاد نەدەکرا، هەروەها سەردانی بەردەوامی نەبوایە بۆ هەموو بەرەکانی شەڕ و سەرپەرشتی راسـتەوخۆی جەنابیان نەبوایە، ئەو سەرکەوتنانە لە کۆبانێ تا جەلەولا بەدەست نەدەهاتن.

*** تاچەند پێتوایە سـەرکەوتنی پێشمەرگە لە شەڕی تیرۆریسـتانی داعـش، هەنـگاو هەڵگرتـن دەبێت بۆ سەربەخۆیی کوردستان؟**

- وەڵامی ئەم پرسـیارەتان لە روانگەی خوێندنەوەم بۆ جەنابی سەرۆك مسـعود بارزانی دەدەمەوە، بەڕێزیان لە دروسـتکردنی بڕیاردا زۆر لەسـەرخۆ و دووربینن، بەڵام لـە جێبەجێکردنی زۆر جددی و توندن، لە ئێسـتادا کە ئەم قسـانە بۆ گوڵان دەکەم ساڵوەگەڕی کاك ئیدریسی

جوانەمەرگە، بۆیە پێمخۆشە لێرەوە ئاماژەیەك بە كاك ئیدریسی جوانەمەرگ بدەم، هەمیش وەڵامی پرسیارەكەتان بدەمەوە، سەبارەت بەم لایەنەی كەسایەتی سەرۆك مسعود بارزانی، جەنابی بارزانی نەمر دەیزانی سەرۆك مسعود بارزانی لە بڕیاردان زۆر جددییە، بۆیە لە دوای نسكۆی شۆڕشی ئەیلوول و سەرەتای دەستپێكردنی شۆڕشی گوڵان، مامەڵەكردن لەناو ئێران و مامەڵەی ڕژێمی شای ئێران پێویستی بە كەسایەتییەكی وەك كاك ئیدریس هەبوو، بۆیە كارەكانی بەو شێوەیە لە نێوان سەرۆك مسعود بارزانی و كاك ئیدریسی جوانەمەرگ دابەش كردبوو، كاك ئیدریس بارزانی لەناو ئێران خەریكی ناردنەوەی پێشمەرگە بێت بۆ كوردستان و سەرۆك مسعود بارزانی زیاتر لە دەرەوە بێت و كاروبارەكانی شۆڕش لە دەرەوە سەرپەرشتی بكات، دیارە كاك مسعود و كاك ئیدریس هەرچییان بكردایە پێكەوە بە ڕاوێژ دەیانكرد و پێكەوە بڕیاریان لەسەر دەدا، بەڵام مەبەستم لە لۆژیكی دابەشكردنی كارەكان بوو لەلایەن بارزانی نەمرەوە لە نێوانیاندا، دیارە لە ژیانی پێشمەرگایەتی و دیبلۆماسیدا سەرۆك مسعود بارزانی بڕیاری بە هێمنی دروست دەكرد و بەجدی جێبەجێی دەكرد، هەر بۆ نموونە بڕیاری مقاوەمەت دوای ئەنفال و كیمیاباران لە خواكوڕك، بڕیاری مقاوەمەت دوای شكستی ڕاپەڕین و لە كۆڕەوی ١٩٩١، بڕیاری ٢٠٠٣ بەرامبەر توركیا، بڕیارەكانی بەرامبەر بەغدا و ڕەفتارەكانی مالیكی، ڕەتكردنەوەی داوەتنامەی حكومەتی ئەمریكا لەسەر ئەوەی پێشمەرگە لە لیستی تیرۆردایە. لەسەر ئەم بنەمایانە و ئەوەندەی من سەرۆك مسعود بارزانی دەخوێنمەوە، وای دەبینم، دەبێت زۆر بە وردی هەڵوەستە لەسەر ئەو قسانە بكەین كە لە شەخسی سەرۆك مسعود بارزانی گوێمان لێ دەبێت، من گوێم لە هەندێك قسە بووە لەناو ئەو پەیامانەی بەئاشكرا ڕایگەیاندوون، لەوانە، ئەو لە سەرەتای گرتنی موسڵ لەلایەن تیرۆریستانەوە گوتی: جارێكی دیكە ناگەڕێینەوە بۆ پێش گرتنی موسڵ، دوای هێرشی تیرۆریستان بۆ سەر كوردستان و داگیركردنی شنگال و ئەو كارەساتە، بڕیاری شەڕی مان و نەمانی دا و دووبارە دروشمی كوردستان، یان نەمانی بەرزكردەوە، من لەم قسانەی سەرۆك مسعود بارزانی ئەمانە دەخوێنمەوە:

١. جارێكی دیكە سەرۆك مسعود بارزانی قبووڵ ناكات، ناوچەیەك لە كوردستان هەبێت، پێی بگوترێت كێشە لەسەر، ئەمەش واتە ئەمجارە خوێنی پێشمەرگە سنووری كوردستانی باشوور دیاری دەكات.

٢. سەرۆك مسعود بارزانی قبووڵ ناكات، جارێكی دیكە گەلی كوردستان بە جیاوازی ئایین و نەتەوەوە لە ژێر هەڕەشەدابن، دەبێت ڕەوینەوەی ئەم مەترسییەش لەدەستی پێشمەرگەدا بێت.

٣. سەرۆك مسعود بارزانی قبووڵ ناكات، جارێكی دیكە پێشمەرگە لە ژێر گەمارۆ و گوشاری بەغدا بێت، بۆیە دەبێت پێشمەرگە سوپای پارێزەری كوردستان بێت.

ئەگەر ئەم خاڵانە پێكەوە كۆبكەینەوە و جارێكی دیكە مانەوەی سەرۆك بارزانی لە بەرەكانی شەڕ بخوێنینەوە، تێدەگەین شەڕی ئەمجارەی كوردستان لە گەڵ تیرۆریستانی داعش شەڕی سەرفرازی یەكجارییە.

*** ئەگەر هەر بە بۆنەی ساڵیادی ئیدریسی جوانەمەرگ پرسیار بكەین كە چۆن ئەو كەسایەتییە شۆڕشگێڕەت ناسیوە، بۆ خوێنەرانی ئێمە چۆن باسی دەكەیت؟**

- دوای كۆچی دوایی بارزانی نەمر، كۆچی ئیدریس بارزانی كەلێنێكی گەورەی لەناو بزاڤی ڕزگاریخوازی كوردستان دروست كرد، بە شێوەیەكی زۆر تایبەتی ئەركی سەرشانی سەرۆك مسعود بارزانی زۆر قورستر كرد، پەیوەندی نێوان سەرۆك مسعود بارزانی و كاك ئیدریس، تەنها پەیوەندیی نێوان دوو برا نەبوو، بەڵكو پەیوەندیی نێوان دوو پێشمەرگە بوو، كوردستان یان نەمان پێكەوە كۆی دەكردنەوە، ئەوكات كە كاك ئیدریسی جوانەمەرگ لە ژیاندا بوو، ئەركەكانی لەگەڵ سەرۆك مسعود بارزانی دابەشكردبوو، لە هەر شوێنێك كاك ئیدریس بارزانی لێبوایە، بۆشایی سەرۆك مسعود بارزانی پڕ دەكردەوە، لەهەر شوێنێكیش سەرۆك مسعود بارزانی لێبوایە، بۆشایی كاك ئیدریسی پڕ دەكردەوە، لە كەسایەتی كاك ئیدریسدا كۆمەڵێك سیفەت هەبوون و هەمووی پێكەوە كۆبوونەوە، وەك ئازایەتی، لێبوردەیی، خۆشەویستی، خاكەڕایی، زمان شیرینی، من لەو بڕوایەدا نیم، هەموو ئەم سیفەتانە پێكەوە لە كەسێكی تردا كۆببنەوە، بەڵام جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی توانیویەتی ئەو بۆشاییە بۆ گەلی كوردستان پڕبكاتەوە، بەڵام كەس نییە ئەو بۆشاییەی كاك ئیدریس بۆ كاك مسعودی دروستكردووە، پڕی بكاتەوە، لە ئێستادا كە سەیری سەرۆك مسعود بارزانی دەكەین، هەمووكەسێك هەست دەكات چەند ماندووە، بۆیە دەڵێم: ئەگەر كاك ئیدرسی جوانەمەرگ ئێستا لە ژیاندا بوایە، سەرۆك بارزانی هێندە ماندوو دیار نەدەبوو، بۆیە دووبارەی دەكەمەوە بۆ ئێستا لە هەموو كاتێك زیاتر بۆ هاوكاریی سەرۆك مسعود بارزانی پێویستمان بە كاك ئیدریس هەیە.

**پاش ئەوەی سەرۆک مسعود بارزانی بڕیاری شەڕی سەرتاسەری ڕاگەیاند، بەشی هەرە زۆری پێشمەرگە کۆنەکان گەڕانەوە و توانرا ئەزموونی پێشمەرگە دێرینەکانی شاخ تێکەڵاوی ئازایەتی و جوامێری پێشمەرگە لاوەکان بکرێت و وەرچەرخان لەبەرەکانی شەڕدا دروست بێت**



# ئیسلام
# لە گۆشەنیگای فەلسەفەی ئایینەوە

## ئایین لە هەندێ کاتدا لە چارەسەرکردنی ڕۆحی مرۆڤدا ڕۆڵی سایکۆلۆژیایەک دەبینێت

بەشی دووەم



ئازاد قەزاز

بۆ گولان دەینووسێت

هەر وەك نموونە؛ فریدریش ماکس مۆلەر (١٨٢٣-١٩٠٠)، ئەندرییە لانگ (١٨٤٤-١٩١٢) و ئیدوارد تایلۆر (١٨٤٤-١٩١٧)، ئەو بۆچوونەیان ڕەتکردۆتەوە کە پێیانوابێت ئەفسانە لە کاتی خۆیدا تێگەشتنێك یان لێکدانەوەیەکی هەڵە بووبێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە لای ئەمان ئەفسانەگەری کۆششێکی فەلسەفی و بیرکردنەوەیەکی جدیی مرۆڤ بۆ ناساندن و شرۆڤەکردنی بوون و ژیان بووە. واتە ئەوان بیرکردنەوەی ئەفسانەیی بە کارێکی شێتانە و هەڕەمەکی لێکنەداوەتەوە، بەڵکو بە بەرهەمێکی گرنگی بیرکردنەوەی سەرەتای مرۆڤی ئەو ساتەی دەزانن. لە دیدی ئەم زانایانەوە مرۆڤ لە دۆخێکی پەرەسەندنا بووە وەك ئەوەی لە قۆناخی منداڵییەوە بەرەو مرۆڤێکی کامڵ ڕۆیشتبێت. ئەوان دەڵێن تا ئێستەش لە ناو ئایینەکانی ئەم سەردەمەشدا پاشماوەی ئەو جۆرە بیرکردنەوانە ماوەتەوە. واتە لەم بۆچوونەدا ئایینگەری ئەزموونێکە تەنها مرۆڤ خۆی هەستیپێکردووە و پەیوەندی بە دەرکەوتەی ژیانی ڕۆژانەی خۆیانەوە بووە و لێکدانەوەی ئایینییانەی تایبەتی خۆیان بۆ کردووە.
تایلۆر پێداگری لەسەر ئەوە دەکات کە ئەفسانە هۆکاری داهاتنی ئایینە لە ژیانی مرۆڤدا؛ ئەمەش لەو

ئەزموونەوە هاتووە کە مرۆڤ خەوتن و هەستان و مردنی پێکەوە بەستۆتەوە و وا تێگەیشتووە کە جگە لە جەستە، دەبێت شتێکیتر هەبێت تا مرۆڤ بە هۆیەوە بمێنێتەوە. واتە دەرکەوتنی، یان هەستکردن بە ڕۆحێك لە مرۆڤدا لە سەرەتادا لەم ڕێگەیەوە هاتۆتە گۆڕێ. هەر ئەم هەستە لە خۆیاندا ئەو ئەزموونەشی پێبەخشیون کە ڕۆح لە ناو گشت شتێکی ئەم گەردوونەدا ڕەنگە هەبێت، تاوەکوو ببن. زانایەکی دی بەناوی ویلیام ڕۆبۆتسۆن سمیت (١٨٤٦-١٨٩٤)، سەبارەت بە تیۆری پەرەسەندنی دیاردەی ئایین، وەك تایلۆر بیری کردۆتەوە، وەلێ ئەم لە هۆکاری دەرکەوتنی ئاییندا پێشینەی بە سرووت بەخشیوە، نەك بە ئەفسانە؛ واتە دەرەنجامی چالاکییە ئایینییەکانی وەك سرووت و پتەوبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان شوێنکەوتووەکانی ئەو ئایینە، وایکردووە کە ئەو ئایینەش لەویدا بەرجەستە ببێت. لە ناو فینۆمینۆلۆژیستەکاندا و بەتایبەتی تیۆلۆژێکی وەك ڕۆدۆلف ئۆتتۆ (١٨٩٦-١٩٣٧) باوەڕی وابووە کە ئایین لە خانەی وەهم و خەیاڵدا نابیندرێتەوە، بەڵکو ئایین دەرکەوتەیەکی ڕاستەقینەیە و بە ژیانی واقعی مرۆڤەوە بەستراوەتەوە.

پاش ئەم هەمکە مشتومڕە سەبارەت بە ناسینەوەی بنەڕەتی ئایین وەك دیاردەیەك، هەندێ فینۆمینۆلۆژیست بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە تیۆری پەرەسەندن و بەراوردکاری نێوان ئایینەکان، ئێمە ناگەیەنێتە تێگەشتن لە ڕاستەقینەی دیاردەی ئایین و دۆزینەوەی چاوگی هەڵقوڵانی ئایینگەری. واتە پرسیاری لەم چەشنە «ئایا سرووتە، یان ئەفسانەیە بۆتە سەرچاوەی ئایین؟ ئەی سرووت پێشینەی ئەفسانەیە، یان پێچەوانەکەی تەواوە؟»، ئەمانە جۆرە پرسیارگەلێکن، وەڵامدانەوەیان ئێمە ناگەیەننە چاوگ و بنەڕەتی ئایین. وەلێ بە شێوەیەکی گشتی ئەوان لەوەدا کۆدەنگییان بووە، کە ئایین بنەڕەتێکی ئۆنتۆلۆژی هەبێ و بە پێکهاتەی مێشکی مرۆڤەوە پەیوەندی هەبێت؛ بۆیە ئەم گوتەیەی کە دەڵێ: «مرۆڤ کائینێکی ئایینگەرە» باوی خۆی پەیدا کرد.

کەچی لە لایەکیترەوە، مەرسیا ئەلیادە (١٩٠٧-١٩٨٦) کە یەکێکە لە فینۆمینۆلۆژیستە ناسراوەکانی جیهان، لە بۆچوونەکانیدا بایەخێکی زیاتر بە ئەفسانە دەدات و لە کاریگەری و هۆکاری دەرکەوتنی ئایین دەیخاتە پێش سرووتەوە. ئەلیادە سرووت وادەبینێت کە مرۆڤ لاسایی کردارەکانی خودا دەکاتەوە، هەروەها سرووت دۆخێکی نەگۆڕی هەیە، بەڵام ئەفسانە سروشتێکی گۆڕاوی هەیە و دەبێتە سەرچاوەی ئیلهامی دەرکەوتنی ئایین. سروشتی مرۆڤ بە بۆچوونی ئەلیادە سروشتێکی ئایینگەرییە، جا بۆ ئەوەی مرۆڤی ئایینگەر بناسین، پێویستمان بەو ماریفانە دەبێت کە مرۆڤمان پێدەناسێنن، تا ئەو زانستانە پێشبکەون، تێگەیشتنمان لە ئایینیش پێشتر دەکەوێت. واتە ناسینەوەی ڕیشە و بنەماکانی، جیهانی شاراوەی مرۆڤیش دەناسینەوە. ئەمە جگە لەوەی، ئەلیادە باوەڕی بەوەش بووە کە مرۆڤ هەر لەسەرەتای دەرکەوتنیەوە، ئایینگەری پێوە دیار بووە و شوێنەواری ئەو کاراکتەرەی بۆ ئێمرۆکەی مرۆڤیش گوێزاوەتەوە.

لەبەر ئەوەی ئایین وەك مۆدێلێك بووە کە مرۆڤی هێناوەتە بوونەوە، ئەم دۆخەش ڕەگی خۆی لە ناخی مرۆڤدا باش داکوتاوە. هەروەها ئەلیادە ئەوەش دەبینێت کە مرۆڤ لە ناو مێژوودا هەمیشە چاوی لە هەقیقەتێکی ڕەهای پیرۆز بووە، هەقیقەتێك کە دەکەوێتە ئەو دیو سرووشتەوە، کەچی هەر لەم بوونەوەرەدا ئەو هەقیقەتە خۆی ئاشکرا دەکات. لەبەر ئەوەی مرۆڤ بەردەوام لە تێکۆشاندایە تا ئەو هەقیقەتە بناسێت، بەمجۆرە کۆششکردنەدا مرۆڤ خۆی دەخاتە ناو بوونەوە. بۆیە ئەلیادە دەگاتە ئەو قەناعەتەی کە ئایینگەری ئەو ئەزموونە بێت، مرۆڤ بیەوێت جارێکیتر ئەو گەردوونەی کە خودا هێناویەتە بوون، ئەویش لەڕێگەی سیمبوڵ و جووڵەی تایبەت، ئەو گەردوونە بخاتەوە گۆ. مرۆڤ هەست دەکات بەم کارەی لەو خودایە نزیك دەبێتەوە و ئاسوودەیی پێدەبەخشێت.

ئیدی لەو بۆچوونانەی پێشەوە، ئەوە تێدەگەین کە ئایین، توخمێکی گرینگی سایکۆلۆژی لە خۆی گرتبێت. ئەم لێکدانەوەیە وای لە سیگمۆند فرۆید(١٨٥٦-١٩٣٩) کرد کە سەرچاوەی ئایین لە ناخی مرۆڤدا لە دۆخێکی وەك عوسابییەتدا ببینێتەوە. بۆ نموونە فرۆید لەو باوەڕەدا بووە کە دەمارەخانەی مێشکی مرۆڤ خۆی هۆکارە لە دەرکەوتنی ڕەفتارێکی وەك وەسوەسە و عەقیدەی وەك ئایینیش کە مرۆڤ بەرەو ئاراستەیەکی تایبەتی هاندەدەن. واتە هەردوو دەرکەوتەکە لای ئەو، وەك یەك جۆر چالاکی بینیونی و وای لێکداوەتەوە کە لە یەك میکانیزمێکی سایکۆلۆژییەوە هەڵقوڵابێتن. واتە ئەگەر عوسابییەت ئایینگەری تاکێك بێت، ئەو ئایین عوسابییەتی کۆمەڵگەیەکە. بە مانایەکیتر، ئیدی لای فرۆید ئایین هیچ بنەمایەکی جێکەوتەی نامێنێت و جگە لە خەیاڵدانی مرۆڤ، لە هیچ شوێنێکیتردا ئایین جێگەی خۆی نابینێتەوە. هەندێ زانای تر وەك فرۆید بە چاوێکی وا نێگەتیڤانە ئایینیان نە بینیوە، بەڵکو گرنگی بوونی ئایینیان لە کۆمەڵگەدا دەرخستووە. ئەوەتا برۆنۆ بیتەلهایم (١٩٠٣-١٩٩٠) ئەوەی ئاشکرا کردووە کە سرووت گرنگی خۆی هەیە

**ئەوەی تا هەنووکە مرۆڤ بەناوی بانسرووشتییەکەوە خۆی بە ئایینەوە بەستۆتەوە، دەکرێ لەمەوپاش هەروەک پرۆسەیەکی سروشتی مرۆڤ بخوێنرێتەوە**

**ماسلۆ لەم تێگەشتنەی خۆیەوە دەڵێ هەر زانا و فەیلەسوفێ هێرش کردبێتە سەر ئایین، هێرش نەبووە بۆ سەر ئەم ئەزموونە ئایینەی باسی دەکەم، بەڵکو هێرش بووە بۆ سەر دەزگای ئایینی کە ئایینی دۆگماتیزە کردووە و وەک دەمامکی دەسەڵاتێکی شاراوە کارایان کردووە**

لە پێکەوە گرێدانـــی کۆمەڵگە و وەك ڕەچەتەیەك وایە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگە. زانایەکی وەك یوسف کامبیل (١٩٠٤-١٩٨٧) لەو زیاتر ڕۆشـــتووە و لەسەر بنەمای توێژینەوەکانی پێش خۆی، چوار مەبەســـت و مانا بۆ بوونی سرووت دەستنیشان دەکات:

یەکەم: سرووت مەبەســـتێکی میتافیزیکانە بە مرۆڤ دەبەخشێت کە پتر ڕۆحیگەرانەیە و مرۆڤ لە سنووری گەردوونـــی داخـــراو وەدەردەنێت و بـــەرەو جیهانێکی خوداوەندانەی دەبات.

دووەم: سرووت مانایەکی کۆســـمۆلۆژییانە بۆ مرۆڤ ئامـــادە دەکات کـــە مرۆڤ بەهۆی ئـــەوەی خۆی لە گەردوونێکـــدا بە بێ هۆ نابینێتەوە و بوونەوەر گرینگی و بەهـــای خۆی بۆ مـــرۆڤ هەیـــە و مرۆڤیش بەو سرووتانە جۆرێ لە سوپاسگوزاری خۆی بۆ ئەو خودایە دەردەخات.

سێیەم: سرووت مەبەستێکی سۆسیۆلۆژیانە بۆ مرۆڤ خـــۆش دەکات، چونکی پەیوەندی نێـــوان مرۆڤەکان لە شێوەی کۆمەڵگەیەکدا ڕێکدەخات.

چوارەم: سرووت واتایەکی سایکۆلۆژییانەش بۆ مرۆڤ دابین دەکات، بەلانی کەمەوە مـــرۆڤ لە تەنهاییەکی کوشندە ڕزگار دەکات.

بۆیـــە کامبیل باوەڕی وایە، مانـــەوە و بەردەوام بوونی سرووتەکان و دواجاریش بە هۆی سرووتەکانەوە مانەوەی ئایینـــەکان، ئەم مەبەســـت و واتایانەی لە پشـــتەوەیە. لەگـــەڵ مانەوەی ئەم ســـرووت و ئایینانـــە، مرۆڤیش ڕابـــردووی خۆی دووبارە دەکاتـــەوە و یادەوەرییەکانیش لەگەڵ خۆیدا بەهۆی ســـرووتەکانەوە لە کاتی ئیستەی مرۆڤ خۆیدا ئامادەیی دەبێتەوە. ســـەرباری ئەوەی کە هەندێ فەیلەسووفی ســـەردەمی وەك فۆکۆ و نیتچە، باوەڕیان وابووە کە ئایین دەمامکێکی دەســـەڵاتە، واتە دەسەڵاتێك لە پشتی ئایینەوە کارێ خۆی جێبەجێدەکات، کەچـــی هەندێ فەیلەســـوفی دی وەك ولیام جیمس و ئەبراهام ماســـڵۆ، بـــە پێچەوانەی ئەوانـــەوە، ئایین بە دەمامکێکی دەسەڵاتی نازانن و بە پاڵنەرێکی شاراوەی ناخی مرۆڤـــی دەبینن. لەبەرئەوە ماســـڵۆ دەڵێ: ئێمە نابیت ئایین تەنها وەك دەزگایەك ببینین، چونکی ئایین بەشـــێك نییە لە ژیان تا بتوانین لە بەشـــەکانیتری جیا بکەینەوە، بەڵکو دۆخێکی ڕۆحی مرۆڤە و دەشـــێ لە گشت چالاکییەکانی ژیاندا دەرکەوێت، بە مەرجێك ئەو چالاکییە بگاتە ئاستێکی گونجاوی کامڵبوون.

ئەمجـــۆرە ئەزموونە لای ماســـڵۆ چەمکی «ترۆپکە ئەزمـــوون» وەردەگرێت. واتـــای ترۆپکە ئەزموون لای ماســـڵۆ ڕاگوێزانێکە لە تێگەشـــتنی ئەودا بۆ ئایین و ئەزموونی ئایینگەری، کە لەوانی تری پێش خۆی جیای دەکاتەوە. ئەو ئەزموونی ئایینی لە گشـــت ئەو سرووت و عەقیـــدە و دەزگا ئایینیەکان دادەماڵێت و دەیباتەوە بۆ دۆخیکی ڕۆحیگەرییانەی سۆفیگەرییانەی حاڵ ئامێز و دەیکاتـــە ئەزموونێکی تایبەتی تاك و لە زۆر مرۆڤ و لە زۆر شـــوێنی تری نا ئایینیەکانیشدا دەیبینێتەوە. واتـــە ئەو ئەترۆپکە ئەزموونە کە لای ئەو ئەزموونێکی ئایینییە، تەنها لە ئایینـــە تەقلیدیەکاندا نایخوێنێتەوە، بەڵکو هـــەر ئەو ئەزموونە لای ئـــەو، دەبێتە خۆراکدەر و ســـووتەمەنی هەم بۆ فەلســـەفە و هەمیش بۆ هونەر و بگرە تەنانەت هاندەری سیاسەتیشـــە. ماسڵۆ دەیەوێ بیژێـــت کە ئەو جـــۆرە ئەزموونـــە، ئەزموونێکی ناخی مرۆڤە پێش ئەوەی کە پەرســـتگە و سیناگۆك و کڵێساو مزگەوت و خانەقا و تەکییەو هەرچی دامەزراوەیەکە بە ناوی ئایینێکی تایبەتەوە لە گۆڕێ بێت، ئەو ئەزموونە لە ناخی مرۆڤدا کاری خۆی دەکات.

ئەمجۆرە ئەزموونە ڕۆحیگەرییە تایبەتە لای ماسڵۆ، هەر ئەوە نییە کە پێویستی بە پەرستگا و دەزگا نییە، بەڵکو پێویستی بە خوداوەندێکی تایبەتیش نابێت، ئەزموونیکی سروشـــتی مرۆڤە و لە تەك مرۆڤبوونی مرۆڤدا جووتە. پوختەی وتە لای ماســـڵۆ ئەوەیە کـــە ئەگەر مرۆڤ بەمجۆرە تێگەشتنەوە، گشـــت ئەو دیاردانەی ئایینین، سیکیولاریزە کردبێت، واتە بە عیلمانیکردنی ئایین بێت، ئەوە بـــە دیوێکیتردا گۆڕانکاریکردنە لە تێگەشـــتنی مرۆڤ بـــەوەی هەرچی بە عیلمانی کراوە، دەبێتەوە بە ئایینیکراو. جا ئیتر ماســـڵۆ لەم تێگەشـــتنەی خۆیەوە دەڵی هەر زانا و فەیلەسوفێ هێرشی کردبێتە سەر ئایین، هێرش نەبووە بۆ ســـەر ئەم ئەزموونە ئایینەی باســـی دەکەم، بەڵکو هێرش بووە بۆ ســـەر دەزگای ئایینی کە ئایینی دۆگماتیزە کردووە و وەك دەمامکی دەسەڵاتێکی شاراوە کارایان کردووە. کۆتایی وتە لەوەی کە چ دیبەیت و مشتومڕێك لەسەر ناســـینەوەی ئایین هاتۆتە ئاراوە، هەنـــدێ دەگەنە ئەوەی کە ئایین لـــە هەندێ کاتا لە چارەســـەرکردنی ڕۆحی مرۆڤدا ڕۆڵی سایکۆلۆژیایەك دەبینێـــت، تا دەگاتە ئەوەی کە فەیلەســـوفی ئەڵمانی پـــاوڵ تیلەچ (١٨٨٦-١٩٦٥)، بڵێـــت؛ چەمکی خودا لە مێشـــکی مرۆڤـــدا چاڵێکی ئەوتـــۆی خوڵقاندووە، بـــە ئەزموونی ئایینگەری نەبێت، ئـــەو چاڵە بە هیچ شتێکیتر پڕ نابێتەوە. کەواتە ئەوەی تا هەنووکە مرۆڤ بەناوی بانسرووشتییەکەوە خۆی بە ئایینەوە بەستۆتەوە، دەکرێ لەمەوپاش هەروەك پرۆسەیەکی سروشتی مرۆڤ بخوێنرێتەوە. ئـــەم بۆچوونەمان لە بەشـــەکانیتردا پتر تیشکی دەخەینەسەر.

**سروشتی مرۆڤ بە بۆچوونی ئەلیادە سروشتێکی ئایینگەرییە، جا بۆ ئەوەی مرۆڤی ئایینگەر بناسین، پێویستمان بەو ماریفانە دەبێت کە مرۆڤمان پێدەناسێنن، تا ئەو زانستانە پێشبکەون، تێگەیشتنمان لە ئایینیش پێشتر دەکەوێت**

# مانەوەی ئەسەد و چارەنووسی ناوچەکە



فەرید ئەسەسەرد

بۆ گوڵان دەینووسێت

پشتیوانیی واشنتن لە وتووێژی نوێنەرانی ڕژێمی سووریا و ئۆپۆزیسیۆن بەناوبژیوانیی رووسیا ئاماژەیەکە بۆ وازهێنانی واشنتن لە مەرجی دەست لەکار کێشانەوەی ئەسەد. تا تشرینی یەکەمی ساڵی پار، واشنتن هەر باسی پێویستیی دەست لەکار کێشانەوەی ئەسەدی دەکردو لەم رووەوە وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لە دوالێدوانی لەوبارەیەوە وتوویەتی: «مانەوەی ئەسەد لەدەسەڵات هیچ دەرفەتێك بۆ سەقامگیربوونی ئاشتی لە سووریا ناڕەخسێنێ».

بەپێی زانیارییەکان، لەم هەلومەرجەی ئێستادا واشنتن دوو مەسەلەی بەلاوە گرنگە. یەکەمیان: لەناوبردنی داعشە کە دەستی بەسەر نیوەی سووریا و قەڵەمڕەوێکی فراوانی عێراقدا گرتووە، دووەمیان: ڕێککەوتنە لەگەڵ ئێران سەبارەت بە فایلە ئەتۆمییەکەی. مەسەلەکانی دی بەلای ئەمریکاوە مەسەلەی لاوەکین و دەکرێ پەلەیان تێدا نەکرێ.

کێشەی واشنتن ئەوەیە کە داعش بۆتە بەچانسترین ئەلتەرناتیڤی ئەسەد، بۆیە ئەگەر مەسەلەکە بگاتە ئەو رادەیەی کە واشنتن ناچار بێ داعش، یان ئەسەد هەڵبژێرێ، ئەوا بەدڵنیاییەوە ئەسەد هەڵدەبژێرێ.

نیگەرانیی واشنتن لە سەرکەوتنی داعش لە سووریا وایکردووە تەواوی ستراتیجی خۆی بگۆڕێ. لەمەوبەر واشنتن پشتگیریی پرۆسەی مەشقپێکردنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریای دەکرد بۆ رووخاندنی رژێمی ئەسەد. ئەمڕۆ هەر بەردەوامە لەسەر پشتگیریی مەشقپێکردنەکە، بەڵام نەك بۆ رووخاندنی ئەسەد، بەڵکو بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش. لە وتارەکەیدا لە کانوونی دووەمی رابردوودا، ئۆباما وتی: ئامانجی مەشقپێکردنی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی سووریا یارمەتیدانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتییە بۆ رووبەڕووبوونەوەی داعش.

وەزیری بەرگریی ئەمریکا بە نۆرەی خۆی رایگەیاند کە ئامانجی مەشقپێکردنەکە کە لە وەرزی بەهاردا دەستپێدەکا، بەرگریکردنە لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی ئۆپۆزیسیۆن لە دژی داعش. رۆبەرت ساتلۆف، لێکۆڵیار لە پەیمانگەی واشنتن بۆ سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، لەمبارەیەوە وتوویەتی: «سەرۆك ئۆباما لە وتارەکەیدا هیچ باسی ئەو دیکتاتۆرەی نەکردووە کە سێ ساڵ لەمەوبەر داوای دەست لەکار کێشانەوەی کردووە».


هەندێ فاکتەری یارمەتیدەر دەستیان لە گۆڕینی ستراتیجی ئەمریکادا هەبووە، هەندێکی پەیوەندیی بەوەوە هەیە کە واشنتۆن گەیشتۆتە ئەو رادەیەی کە ئەسەد بە مەترسی نەزانێ. لە ڕاستیشدا ئەگەر ئەسەد بتوانێ دەست بەسەر هەموو سووریادا بگرێتەوە و تا دە ساڵی دیکەش لە دەسەڵات بمێنێتەوە، هەر بە لاوازی دەمێنێتەوە و نابێتە مەترسی بۆ سەر هیچ لایەنێك.

هەروەها رازیبوونی واشنتن بەوەی کە رووسیا سەرپەرشتیی پرۆسەی ئاشتیی نێوان ئەسەد و ئۆپۆزیسیۆن بکات، دەشێ لە بەرەنجامی کۆتاییدا مۆسکۆ و واشنتن بگەیەنێتە لێك تێگەیشتنێك سەبارەت بە دوو کێشەکەی سووریا و ئۆکراین. ئەگەر ئەم لێکتێگەیشتنەش بێتەدی، دەشێ ببێ بە بناغەیەك بۆ لێکتێگەیشتنێکی ئەمریکی-ئێرانی.

دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بێ کە واشنتن و مۆسکۆ لەم هەلومەرجەدا لەسەر ئەوە هاوڕان کە ڕووخانی رژێمی ئەسەد لەم هەلومەرجەدا بە قازانجی تورکیا دەشکێتەوە و دەرفەتێك بۆ دەرکەوتنی تورکیا وەك هێزێکی دیاری ناوچەکە دەڕەخسێنێ.

ئەمە هەمووی بەسەر یەکەوە کارێکی وایکردووە مانەوەی ئەسەد لەناچارییەوە ببێ بە شتێکی پێویست بۆ ڕێگرتن لە چارەنووسێکی مەترسیدارتری ناوچەکە.

# ئایا ڕێیەک هەیە بۆ بووژاندنەوەی چەمکی پەیوەستبوون؟



عەبدولسەلام بنعەبدعالی*

بۆ گوڵان دەینووسێت

بـــەر لـــەوەی وەڵامی ئـــەم پرســـیارە بدەینەوە، با بـــە جۆرێك بە جینۆلۆژیای چەمكدا بچینەوە، هەروەها با لە ریشـــەكەی لەلای خۆمان بكۆڵینەوە، گومانی تێـــدا نییە كە هەر لەگەڵ ناوهێنانی ئێمە زەینمان بۆ گۆڤاری (ئەلئاداب)ی بەیروتی دەچێت، هەروەها بۆ سەروتاری یەكەم ژمارەی ئەو گۆڤارەش دەگەڕێتەوە، كە دەبینین بانگەوازێكی تێدایە بۆ ڕۆشـــنبیران و نووســـەران كە بێنە ریزەوە، هەروەها نووســـینەكانی خۆیان پەیوەست بكەن بەو جڤاكەی كە لە ئامێزیدا دەژین، بەوەی (بۆ ئەوەی وێژە راستگۆبێت، نابێ دووربێت لەو كۆمەڵەی كە لە نێویدا دەژیت).

دكتۆر سوهێل ئیدریس پێیوایە ئەو سەروتارەی ئەو نووسیویەتی، ئەم چەمكە لە بارەی وێژەوە بەدەم خواستەكانی رەوشی ئەو سەردەمەوە دەچوو كە (دەبوو هەر نیشـــتمانپەروەرێك ئەركی خۆی لە بوارەكەی خۆیدا تەرخان بكات بۆ رزگاركردنی وڵات هەروەها بەرزكردنەوەی ئاستی سیاسی و كۆمەڵایەتی هزری وڵات).

گۆڤاری (ئەلئاداب) بۆ ئەوە دروســـت بـــوو كە (ببێتە گۆڕەپانی دەســـتێك لە ئەهلـــی قەڵەم كە هۆشـــیارن و لە نێـــو ئەزموونی ســـەردەمەكەی خۆیاندا دەژین، بە شـــایەتحاڵی ســـەردەمەكەش دادەنرێن.) لە روانگەی ئەم گۆڤارەوە رۆشـــنبیران كە پێداویستیی كۆمەڵگەی خۆیان دەنوێنن، هەروەها بەشـــێكن لە خەمی كۆمەڵ، كەواتە ئەوان ئەركی ئەوەیان لە ئەســـتۆیە رێ لەبەردەم كەســـانی چاكساز خۆشبكەن.

ئەو ئەدەبیاتەی گۆڤارەكە دەیەوێت و مەبەســـتێتی بڵاوی بكاتەوە (وێژە لـــە پێناو وێژەدا نییە)، ئەو باوەڕی بـــە تیۆری (هونەر لە پێناوی هونـــەردا نییە)، بەڵكو وێژەیەكـــە زۆر پتەو بە كۆمەڵ و جڤاكەوە گرێدراوە. وێژە بەگوتەی ئەو سەروتارە:

( وێـــژەی پەیوەســـتبوونە) كە لە كۆمەڵەوە ســـەرچاوە دەگرێت و دەشگەڕێتەوە نێو باوەشی ئەو.

گەلێ لـــەو بیرۆكانەی كە لە ســـەروتارەكەدا هاتووە دەكرێ لەنێو سەروتاری گۆڤارێكی دیكەدا ببینین كە پێشتر لە پاریس دەرچووە، كە بە كەمتر لە دە ســـاڵ دەرچووبوو، ئەویش گۆڤاری (سەردەمی نوێ)بـــوو، كە تێیـــدا وەك دەزانین، ســـارتەر داوا دەكات (وێژەی پەیوەســـتبوون) پەیڕەو بكرێت. گومانی تێدا نییە كە دكتۆر سوهێل ئیدریس لەو كاتەی ســـەروتارەكەی دەنووسی زەینی بە ژمارەیەكی ئـــەو گۆڤارەوە پەیوەســـت بووە كە لە گەڕەكی لاتینی لە شـــاری پاریس بەرچاوی كەوتبوو، گومانیش لەودا نییە كە هەر لەو شارەدا و رەنگـــە لە یەكێك لە چایخانەكانـــی گەڕەكی لاتینی چاوی بە ژمارەكانی ئەو گۆڤـــارە كەوتبێ، وەك كە زۆربەی دامەزرێنەرانی (ئەلئاداب) دەیانكرد.

ئێمە دەزانین كە پەیوەستبوون بەلای خاوەنەكەیەوە بانگەوازێك نەبوو، هەروەها تیۆرییەكیش نەبوو، بەڵكو كرداربوو، وەك هەموو كرداریش پەیوەست بوو بەو ژینگەیەی كە تێدا خەملی بوو.

وا دیارە كە ئـــەو ژینگەیەی كە گۆڤاری (ئەلئاداب) هەوڵی دەدا ئەو چەمكەی بۆ بگوازێتەوە بۆ پیادەكردن، ساز و ئامادە نەبوو بۆ ئەوەی ئەو كاری تێدا بكات، بەلای كەمەوە بەو ئەندازەیە سازنەبوو كە ئەو كردارەی تێدا بەجێ بگەیەنێت.

لەبەر ئەوەی ئەو هەلومەرجەی كە گۆڤاری (سەردەمی نوێ)ی تێدا پەیدابوو رۆشـــنبیر ئامادەبوونی هەبوو، نەك وەك كەسێك كە خەمی كۆمەڵی لە ئەستۆبێت، بەڵكو وەك هێزێكی جڤاكی كە سیاسەتوانان هزار و یەك لێكدانەوەی بۆ دەكەن. هەمووشمان كاردانەوەی (ژەنراڵ دیگۆل)مان لە بیرە كاتێك لە یەكێك لە خۆپیشـــاندانەكاندا سارەتەر دەســـتگیر كرا، دیگۆڵ بە تووڕەییەوە هاواری كرد: (ناكرێ ڤۆلتێر دەستگیر بكەین).

كەواتە جیاوازییەكـــی زۆر هەیە لە ڕێڕەوی پەیدابوونی چەمكەكە لە ژینگەی یەكەمیدا لەگەڵ ئانوســـاتی پەیدابوونی لە ژینگەی دووەمدا كە بە گواســـتنەوە بۆی هاتووە. ئەدی چی ئەگەر ئەوەش بهێنینە بەرچاو، سەرباری ئەو جیاوازییە ئەو رەهەندی نەتەوەییەی دامەزرێنەری (ئەلئاداب) دەیویســـت بەو چەمكەی بدات، هەروەها بە هەموو كارێكی رۆشنبیریشی بدات. لەو كاتەی كە دامەزرێنەری (ســـەردەمی نوێ) قسە لە بارەی وێژەی جڤاكەوە دەكات، خاوەنی سەروتاری گۆڤاری (ئەلئاداب) كاری رۆشنبیری بە رەهەندێكەوە گرێدەدات كە جڤاك بەرەو چەمكی (نەتەوە)ی دەبات. لەو سەروتارەدا هاتووە: (لەو كاتەی گۆڤار داوا دەكات روو لە وێژەی كارا بكەین، پەیامێكی بەرزی نەتەوەییشی هەیە. ئەو دەستە هۆشیارەی ئەدیبان كە وێژەی خۆیان لە كۆمەڵ هەڵدەهێنجن، لەگەڵ رۆژگاردا دەتوانن نەوەیەكی هۆشـــیار پێ بگەیەنن كە هەست بە رۆڵی خۆیان لە نێو كەمەڵدا دەكەن، دەبنە ناوكێك بۆ كەســـانی چاك و نیشتمانپەروەر. بەم جۆرە گۆڤار لە رێی نووســـەران و خوێنەرانیەوە بەشـــدار دەبێت لـــە كاری مەزنـــی نەتەوەییدا، كە ئەركی هـــەرە گەورەی هەموو نیشتمانپەروەرێكە).

راســـتە كە دامەزرێنەری گۆڤاری (ئەلئـــاداب) هیچ ناتەباییەك نابینێـــت لەنێوان مەیلی نەتەوەیـــی و جیهانیبووندا، بەڵكو پێیوایە رێی جیهانیبوون لە نیشـــتمانپەروەرییەوە ســـەرچاوە دەگرێت، بۆیە

دەنووسێت: (چەمکی ئەم وێژە نەتەوەییە هێندە فراوان و سەراپاگیرە کە راستەوخۆ بە وێژەی گشتی مرۆڤایەتییەوە گرێدراوە، مادام کە کاردەکات بۆ گێڕاندنەوەی شکۆی مرۆیی بۆ هەر شتێکی نیشتمانی، داواش دەکات دادی کۆمەڵایەتی بەرقەراربێت، هەروەها رزگاربوون لە ماددەپەرستی و هزرپەرستی، ئەمەش ئەوپەڕی خواستی مرۆڤایەتییە.

بەم جۆرە گۆڤارەکە بەشدار دەبێت لە دروستکردنی وێژەیی مرۆڤایەتی کە باڵای خۆی دەکاتەوە و قسە لە بارەی پرسی گشتگیری شارستانییەت دەکات، ئەم وێژەی مرۆڤایەتییە دوایین قۆناغە کە وێژەگەلی جیهانی لە دوایین پەرەسەندنی خۆیاندا مەبەستییانە)، بەڵام جیاوازییە جەوهەرییەکەی لە بۆ دوو چەمکی مرۆڤ / تاك، وێناکرد هەروەها ئەرکی نووسەر و رۆڵی رۆشنبیر و چەمکی پەیوەستبوون.

سەروتارەکەی دکتۆر سوهێل ئیدریس هەر لە بنەڕەتدا ناچێتە سەر ئەوەی کە نووسەر رەگەزێکە لە نێو کۆمەڵێکدا کە دەکەوێتە بەر کاریگەریی بزووتنەوەگەری چڤاکی و هێزی زیندووەوە، بەڵکو وەك ئەوەی ئەندامێکە درك بە رەهەندی نەتەوەیی خۆی و وەك ئەوەی کە ئەندامی نەتەوەیەکە کە خاوەن بەها و شتانی چەسپاوی خۆیەتی. هەروەها ئەو سەروتارە قسەکانی خۆی ناداتە پاڵ نموونەی هزری، نە دەچێتە سەر ئەوەی بتگێڕێتەوە سەر ڤۆلتێر، یان دیدرۆ، یان هیدیکە.

خۆ رەنگە لەبەر ئەوەش بێ کە خاوەنەکەی پێیوایە داکشانی ئەو چەمکە لە رێڕەوی خۆی هێندە بەسەریەوە کاریگەری نەبێت، بەڵام ئێمە ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین کە لێی کەوتەوە، ئیدی بەسەر کرداری و بەسەر پیادەکردنی چەمکەکە لە نێو ژینگەی عەرەبیدا رەنگی دایەوە، هەروەها بەسەر ئەو زەحمەتییەدا کە بەرەوڕووی بۆوە بەوەی کە هەلومەرجی کارکردن لەو ناوەندە نوێیەی کە چەمکەکەی بۆ گوازرایەوە.

رەنگە هەر ئەوەش بێت کە ئەو بێدەنگییەمان بۆ راڤە بکات کە پاشتر باڵای بەسەر ئەو چەمکەدا کێشا، بەرامبەر بەوەی کە لە ژینگەی رەسەنی خۆیدا زۆر هەستیار و گەرم و گوڕ بوو، کە نەوەی دوای نەوە مشتوماڵیان دەکرد، بەڵکو جۆرێك لە هەڵگەڕانەوەی ریشەیی بە خۆیەوە بینی هەروەها ئەوانەی لە پاش سارتەر هاتن ناوەڕۆکەکەشیان گۆڕی، رەنگە رۆلان بات لە هەموویان گرنگتر بێت.

کارێکی باشە ئەگەر لە ئاست ئەم گۆڕینە بنەڕەتییەدا هەڵوەستەیەك بکەین، بۆ ئەوەی لە هەستەوەری و گەرموگۆڕیی ئەو چەمکە لە ژینگە رەسەنەکەی خۆیدا نزیك ببینەوە. ئێمە دەزانین کە رۆلان بارت تا ئەندازەی رەتکردنەوەی ئەو چەمکە نەچوو، بەڵکو گۆڕانێکی ریشەیی لە ناوەڕۆکەکەیدا دەکات. ئەوەشمان لە بیر نەچێت کە سارتەر و بارت سەر بە دوو نەوەی جودا و دژ بە یەکەن، نەوەی یەکەم: بۆنی زمانبوون کە پێیانوابوو مرۆڤ واتە دروست دەکات، نەوەی دووەم: بوونیاتگەرابوون و پێیانوابوو واتا دروست دەبێت و خۆی دەکات بە نێو خودی مرۆڤدا.

وێڕای ئەوە کە ئێمە لەلای بارت، بە هەمان شێوەی سارتەر، هەمان ئارەزوو دەبینن بۆ پێکەوەگونجاندنی ئازادیی مێژوو، هەروەها هەمان جارسبوون لە بڕوای چەواشە و بەدگومانی کە لە نێو وێژەی بۆرژوادا هەیە کە بە سستیی کەلتووری راهاتووە، وێڕای ئەوەی بارت پێیوایە سیمۆلۆژیای وێژە دەتوانێت گەشە بە رەخنەی چڤاکی بدات (لەگەڵ پرۆژەی سارتەردا بە یەك دەگەن)، وێڕای ئەوەی بارت سەرسوڕمانی خۆی بە چەمکی پەیوەستبوون دەردەبڕێ، بەڵام هەرگیز بەرگەی زمانی تێکۆشانی نەدەگرت، تا رادیەکیش زمانی راستەوخۆ، کە سارتەر نەیتوانی لێیان لابدات، هەر بۆ نموونە دەتوانین باسی قسەکەی سارتەر لە بارەی فلۆبیلەوە بهێنینە یاد، کاتێك گوتی: (ئەو بەرپرسە لەو سەرکوتکردنەی کە لە پاش کۆمۆنی پاریس بەرپابوو، چونکە بۆ رێگرتن لەو سەرکوتنکردنە تەنیا یەك رستەشی نەنووسی).

بارت پێیوابوو کە وێژە لەوە زیاتر پێی ناکرێ کە چارەسەری زمان بکات، سەرەنجام پەیوەستبوون لەنێویشیدا هەر بە نووسین دەکرێت. ئەو جیاوازی لەنێوان دوو شت دەکات: زمان سیستەمێکە لە رێساو نەریت کە هەموو نووسەران لە سەردەمێکی دیاریکراودا پێیوەی پەیوەست دەبن، هەروەها شێواز کە ئەو فۆرمەیە کە قسەی نووسەر لە رووی رەهەندی کەسی و جەستەییەوە گەڵاڵە دەکات، پاشان هەر نووسینە کە لە نێو زمان و شێوازدا جێگیر دەبێت، لە رێی ئەویشەوە نووسەر پەیوەست دەبێت و بژاردەی لەبەردەمدا دەبێت.

نووسین بوارێکە بۆ ئازادی و پەیوەستبوون. (زمان و شێواز هێزێکی کوێرن، بەڵام نووسین کردارێکی دەگمەن و مێژووییە. زمان و شێواز دوو بابەتن. بەڵام نووسین ئەرکە. ئەو پەیوەندییە لە نێوان کۆمەڵ و داهێنان، ئەو زمانی وێژەیە کە ئاراستەی جڤاکی جۆشی داوە، ئەو فۆرمە کە لە رەهەندی مرۆییدا درکی پێکراوە، هەروەها لە پەیوەستبوونی بە قەیرانگەریی گەورەی مێژووییەوە).

ئەوەی سارتەر لە بارەی وێژەوە دەیڵێ بارت لە بارەی نووسینەوە دەیڵێ. کەچی لە کاتێکدا سارتەر وێژە بە پەیوەستبوونی سیاسییانەی نووسەر و ناوەڕۆکی رێبازکارانەی بەرهەمەکەی گرێدەدات، کەچی بارت لە مامۆستاکەی جیادەبێتەوە و رایدەگەینێ: (تواناکانی نووسین کە بە کردەی نووسینەوە بەندە و تەنیا پەیوەست نییە بە لایەنداری سیاسییانەی نووسەرەوە، کە ئەو مرۆڤێکە لە نێو مرۆڤەکاندا، هەروەها ناوەستێتە سەر ناوەڕۆکی رێبازکارانەی بەرهەمەکەشی، بەڵکو بەندە بەو شلۆقییەی کە دەیخاتە ناو زمانەوە). ئەم شلۆقییە هەرگیز سارتەر ناگرێتەوە، مادەم کە پێیوایە پەخشاننووس (ئەو هەمیشە بە دوای پەیڤەکانی خۆیدا عەودالە و تێیاندەپەڕێنێ بۆ ئەوەی هەمیشە لە قسەکانیدا لە مەبەستی خۆی نزیك بێتەوە).

ناتوانین ئێمە نکۆڵی لەوە بکەین کە ئەم دەستێوەردانەی رۆلان بارت لەمبارەیەوە کردی، چ بایەخێکی گرنگی هەبوو لە رزگارکردنی نووسین لە پاشماوەی لە تیۆری رەنگدانەوەخوازی کە لە مارکسیزمەوە بۆ سارتەر مابووەوە، دواجار بۆ گەشەپێدانی هەمان چەمکی پەیوەستبوون. خۆ رەنگە نەکرانەوە بەرەو ئەمجۆرە گەشەکردنە ئەو (وەرینە) شرۆڤە بکات کە چەمکی پەیوەستبوون لەلای ئێمە تووشی هات، پاشان هەر ئەو زامنی ئەوەیە جۆرە هەستەوەرییەکی نوێی پێ بدات، ئەو هەستەوەرییەی لە چەمکەکە جودا نەبووە لەو رێڕەوەی کە تێیدا گەشەی کرد.

گەشەکردنی پیادەکردنی پەیوەستبوون بەندە بە کردنەوەی بەرەو ئەو ئاسۆ نوێیەی رۆلان بارت بە رووی ئەودا کردیەوە بەوەی کەوا بە نووسینەوە گرێیدا، ئەمیش شلۆقبوونی زمانە، نەك بەوەی بە نووسەر و کەسایەتی ئەوەوە گرێی بدات وەك ئەوەی سارتەر پێیوابوو.

---

* بیرمەندی مەغریبی و ئوستادی فەلسەفە لە زانکۆی ڕیبات

ئەو دەستە هۆشیارەی ئەدیبان
کە وێژەی خۆیان لە کۆمەڵ
هەڵدەهێنجن، لەگەڵ رۆژگاردا
دەتوانن نەوەیەکی هۆشیار
پێ بگەیەنن کە هەست بە
رۆڵی خۆیان لە نێو کەمەڵدا
دەکەن، دەبنە ناوکێک بۆ
کەسانی چاک و نیشتمانپەروەر

ئەو هەلومەرجەی کە گۆڤاری
(سەردەمی نوێ)ی تێدا
پەیدابوو رۆشنبیر ئامادەبوونی
هەبوو، نەک وەک کەسێک کە
خەمی کۆمەڵی لە ئەستۆبێت،
بەڵکو وەک هێزێکی چڤاکی
کە سیاسەتوانان هزار و یەک
لێکدانەوەی بۆ دەکەن

# کارەساتی ئاوارەبوونی زۆرەملێی ئێش و ئازاری مرۆیی و بارگرانیی سەرهەرێمی کوردستان



کازم حەبیب
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی

لە ١٠ی حوزەیرانی ٢٠١٤ و لە دەروازەی پارێزگای (موسڵ)ـەوە، عێراق و سەرجەم گەل و ئایین و ئایینزاکانی لەلایەن چەتە تاوانبار و تیرۆریستەکانی داعشەوە رووبەڕووی هێرشێکی تیرۆریستی دڕندانەی تۆقێنەر بوونەوە. هێزە چەکدارەکانی عێراقیش بە شێوەیەکی ناسیستماتیك لەو شوێنانە پاشەکشەیان کرد، بەڵام هەروەکو زۆربەی زانیارییەکان ئاماژە بە بڕیارەکانی نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق دەکەن کە ئەو بڕیاری داوە ئەم چەتە سەرەڕۆیانە دەستبگرن بەسەر چەك و تەقەمەنی و پارە و کەلوپەلێکی زۆری سەربازییەوە کە دواتر ژمارەیەکی زۆری سەرباز و قوتابیانی سەربازگەی سبایکەریش کوژران، ئەم هێرشە بەرفراوانە لەلایەن کەسانێکەوە لە موسڵ و پارێزگای نەینەوا بەگشتی و ناوچەکانی دیکەی عێراق وەکو ئەنبار و سەلاحەدین و دیالە ئامێزی گەرمی بۆ کرایەوەو پشتیوانی لێکرا. دواتر بەهێزتر بوو و ورەی بەرزتربۆوەو هەموو شێوازێکی خراپەکاری و تاوانی دەرحەق گەلی عێراق ئەنجام دا.

ئەم چەتە تاوانبارانە کریستیانەکانی موسڵ و دواتر قەزاو ناحیەکانی سەر بە پارێزگای نەینەوایان خستە بەردەم سێ بژاردە: یان ئایینەکەیان بۆ ئیسلام بگۆڕن، یان مانەوە و دانی سەرانە کە ئەمەش مردنێکە بۆخۆی لەهەر کات و ساتێکدا، یاخود بە جلی بەریانەوە پارێزگای نەینەوا جێبهێڵن، یانیش ئەوەتا رووبەڕووی مردن دەبنەوە لەسەر دەستی ئەو مێگەلە دڕندەیە.

زۆربەی کریستیانەکانی موسڵ شارەکەیان بەجێهێشت و کەمێکیان نەبێت کە روویان لە ئیسلام کرد و سوونەتکران، لەو کاتەدا بە شێوەیەکی فراوان قەسابخانە

بۆ سوونەتکردنی کریستیانەکان لەلایەن ئەو چەتانەوە دامەزرا. هەروەها ژمارەیەکی زۆریشیان لێکۆڕا و دەستدرێژییان کرایە سەر، ئەمە وێڕای خاپوورکردنی چەندین کڵێسا و دێری مێژوویی و مەزاری پیرۆز لای کریستیانەکان.

دواتر چەتە چەکدارەکانی داعش ڕوویان لە شەنگال و زومار و ناوچەکانی دیکەی ئێزیدییانی کورد کرد کە یان کوشتن و بەدیلگرتن و دەستدرێژی، یان هەڵاتن کە تەنیا ڕێگەی دەربازبوونیان بوو لە جیاتی ئەو سێ ئەگەر و بژاردەیە. دوای ئەوەی کەوتنە بەردەستیان بووە هۆی ڕوودانی کارەساتێکی ڕاستەقینە بۆ دانیشتووانی ئێزیدی لە قەزا و ناحیەکانیان کە لە ڕووی ئیدارییەوە کەوتوونەتە پارێزگای موسڵەوە. ئەگەر ژمارەی ئاوارە مەسیحییەکانی موسڵ و شوێنەکانی دیکەی نەینەوا گەیشتبێتە ١٥٠ هەزار کەس، ئەوا ژمارەی ئاوارەکانی ئێزیدی نزیکەی ٦٠٠ هەزار کەس دەبن، هەزاران کەسیشیان ڕووبەڕووی گەمارۆی چەتەکانی داعش بوونەوە لە شەنگال، ئەمەش وایکرد کە لاوان و پیر و ئافرەتانیان دەست بدەنە چەك بۆ بەرگریکردن لە ئاوارەکانی چیای شەنگال و ڕزگارکردنیان لە مردن. لە هەمان کاتدا دانیشتووانی دەشتی نەینەوا لە شەبەك هەروەها دانیشتووانی تەلەعفەر لە تورکمان ڕووبەڕووی هێرشێکی دڕندانەی ئەم چەتانە بوونەوە کە ئەوپەڕی کوشتن و دەربەدەری و دەستدرێژییان بەرامبەر ئەنجامدرا و دەیان هەزاریان ناچاربوون بە زۆرەملێ ئاوارەبن.

خەڵکێك لە بەر هەڕەشەی کۆمەڵکوژی ئەو چەتانە هەڵاتن و زۆربەیان گەیشتنە هەردوو پارێزگای هەولێر و دهۆك، بە تایبەتیش کریستیان و ئێزیدی، لە کاتێکدا زۆر لە شەبەك و تورکمان و کۆمەڵێکی بچووکی ئێزیدییەکان ڕوویان لە پارێزگای کەربەلا کرد.

ژمارەی ئاوارەی پیاو و ژنی عێراق کە گەیشتوونەتە پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە یەك ملیۆن و ٢٠٠ هەزار کەس مەزندە دەکرێن، لە کاتێکدا ژمارەی سوورییەکان کە لە شەڕی ناوخۆ هەڵاتوونە ئەو شوێنانە ژمارەیان دەگاتە ٢٦٠ هەزار کەس، ئەمەش مانای وایە کە ژمارەی ئاوارەکان لە نێوان١٤٦٠٠٠٠-١٥٠٠٠٠٠ کەس دەبێت لە هەرێمی کوردستان کە ژمارەی خودی هەرێم لە پێنج ملیۆن کەس زیاتر نییە. لێرەوە قەبارەی ئەو بارگرانییە دەردەکەوێت کە دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت و گەلی هەرێمی کوردستان، بۆیە پێویستە ئاماژە بکرێت بەوەی کە نزیکەی ٥٠٠٠٠ کەس لە ئاوارەی کریستیان و ئێزیدی و هی دیکە ڕوویان لە تورکیا و سووریا و بەرەو ئەوروپا کرد، هەروەها ژمارەی ئەوانەی ناوچەکە بەجێدێڵن ڕووی لە زیادەیە.

## ● خێوەتگاکان

زانیارییەکانی بەردەست ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە چەندین خێوەتگا دامەزراون کە ژمارەیان تا ئێستا ٥٤ خێوەتگەن لە هەردوو پارێزگای دهۆك و هەولێر و عەنکاوە، ئەم خێوەتگایانە دەیان هەزارکەسیان تێدایە لە کریستیان و ئێزیدی و چەند نەتەوەیەکی دی و شوێنکەوتووانی ئایینەکانی دیکە، خەڵکەکەی ئەو خێوەتگایانە ڕووبەڕووی سەختترین هەلومەرجی ژیانی مرۆیی دەبنەوە وێڕای کەمیی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی و ئەو ناخۆشییانەی دووچاری دەبنەوە بۆ دەستکەوتنی نان، بەتایبەتیش پێداویستیی منداڵان. دەکرێ وەسفی خێوەتگەی ئاسیان بکەم لە ناحیەی باعەدرێ پارێزگای دهۆك بەوەی کە تا ڕادەیەك بە بەراورد لەگەڵ خێوەتگاکانی دیکە باشترە. ئەم خێوەتگایە ٣٠٠٠ خێوەت لەخۆدەگرێت، تا ئێستا ٢٤٨٠ خێزان یاخود ١٤٤٤٠ کەسیان تێدا دەژی، خێوەتگاکە کارەباو ئاوی تێدایەو تا ڕادەیەك بە خێوەتە باشەکان دادەنرێت لەبەر ئەوەی بەرامبەر هەموو خێوەتێك خواردنگەو حەمامی لێیە.

هیچ قوتابخانەیەك، یان خزمەتگوزاریی پێویستی کۆمەڵایەتی، یان هیچ چالاکییەکی کۆمەڵایەتی لە ئارادا نییە، هەروەها بێکاری لە نێوان کوڕ و کیژانی خێوەتگەکە هەروەکو خێوەتگەکانی دیکە بوونی هەیە، وێڕای دەرچوونی بڕیارێك بەوەی کە هەر خانەوادەیەك مانگانە ملیۆنێك دیناری پێ بدرێت، بەڵام زۆر لەو خانەوادانە تا ئێستا ئەم پارە کەمەیان بەدەست نەگەیشتووە، نیوەی دانیشتووانیش نەوت و غازیان وەرگرتووە، لەکاتێکدا ئەوانی دیکە هەر وەریان نەگرتووە وێڕای ئەو سەرماو سۆڵە سەختەی زستان لەم ناوچەیەدا، ئەم خێوەتگایە ٥٤ کەمئەندامی لە خاوەن پێداویستییە تایبەتییەکانی تێدایە لەپاڵ ١٠٤ منداڵی بێ دایك و باوك.

منداڵان هەروەها زۆر لە گەنجان و ژنان لە ڕەوشێکی زۆر ئاڵۆزی دەروونیدا دەژین و هیچ چارەسەرێکی دەروونیش بۆ ئەو خەڵکە لەئارادا نییە.. زۆر خێزانی ناو ئەو خێوەتگەیە منداڵی خۆیان لەدەست داوە، هەندێکیان کوژراون، هەندێکیشیان ڕفێندراون و نەگەڕاونەتەوە و چارەنووسیان دیار نییە، لەوانەش ئافرەتان، بۆ نموونە تەنیا یەك خێزان ٣٨ کەسی لەدەستداوە کە ٢٣ یان ئافرەتن و سێیان منداڵن و ١٢ شیان لە تەمەنی جیاوازدان.

> **داعش کریستیانەکانی موسڵ و قەزا و ناحیەکانی نەینەوای خستە بەردەم سێ بژاردە: یان ئایینەکەیان بۆ ئیسلام بگۆڕن، یان مانەوە و دانی سەرانە، یاخود بە جلی بەریانەوە پارێزگای نەینەوا جێبهێڵن، یانیش ئەوەتا ڕووبەڕووی مردن دەبنەوە**

ڕەوشـــی ژیان لەو کۆمەڵگەیانـــەدا زۆر ناهەموارو مەترســـیدارە، بەتایبەتیش کە زۆربەیان لە دانیشتووی شارانن کە پێشتر خاوەنی خانوو و کار و پیشە و ژیانی خۆیان بوون، دواتر ئەوانە ڕووبەڕووی ئاستەنگی ڕۆژانە دەبنەوە کە ئیدارەی ئەو خێوەتگایانە ناتوانن چارەسەری بکەن، چونکە هیچ پارەیەکی پێویســـتیان لەبەردەستدا نییە.

**● فاکتەرەکانی پشت ئەو هێرشە بەربڵاوەی ئەم هێزە تاوانبارە بۆ یەکێك لە گرنگترین دەروازەکانی عێراق**

دەکـــرێ دیارتریـــن فاکتـــەر لەم خاڵانـــەدا کورت بکرێتەوە:

١. بوونی ڕژێمێکی سیاسی تایفەگەریی کە ژیانی سیاســـی و کۆمەڵایەتـــی شـــێواندووە و ململانێی لە نێوان حزبە ئیســـلامییە سیاسییەکاندا بڵاوکردەوە دواتر گواستیەوە بۆ ناو کۆمەڵگە و بەمەش درزی خستە نێو پێکهاتەی کۆمەڵگەی نیشتمانیی عێراقییەوە.

٢. ســـەرهەڵدانی ڕژێمێکی سیاسیی تایفەگەری لە دەوڵەتێکی قازانجویســـت کە بواری ڕەخساند لەبەردەم سەرهەڵدانی سەرۆك وەزیرانێك کە تاوانبار بێت بەرامبەر گەلان و نیشـــتمان و پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ و ئازادییە گشتییەکان، کە ئەویش نوری مالیکی بوو.

٣. ڕژێم و ســـەرۆکەکەی سیاســـەتی جوداکاریی و پەراوێزخســـتنی لەهەمبەر شـــوێنکەوتووانی ئایین و ئایینزاکان گرتەبەر کە ئەمەش بووە هۆی نەهێشـــتنی متمانە و بڕوا لە نێوان خەڵك لە سەرجەم نەتەوە و ئایین و ئایینزاکان، کە هەوڵی نەدا ڕووبەڕووی ببێتەوە، بەڵکو بە هەموو شـــێوازێك بەشداری لە زیاتر قووڵکردنەوەی کرد.

٤. ســـەرۆکی پێشـــووی حکومەت ململانێی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستانی قووڵتر کردەوە، بەتایبەتیش لە هەڵوێســـتە ناماقووڵ و توندڕەوییەکانیدا کە بووە هۆی هاتنەئارای پەرچەکرداری گـــرژاوی کە دواتر بووە هۆی نەمانی متمانە لە نێوان هـــەردوو حکومەت و هەردوو گەلی عەرەب و کورد کە سەدام حوسێنیش لەمەدا سەرکەوتوو نەبوو.

٥. گەندەڵیی گشتی کە بە درێژایی ساڵانی ڕابردوو عێراقی گرتەوە و ســـەرۆکی ڕژێم بە هەموو ڕێگایەك بەشداریی لە ئەکتیڤکردنیدا کرد تا گەیشتە هێزەکانی چەکدار بە هەموو شـــێوەکانییەوە، هاوکات بۆ هەموو جومگـــە و دەســـەڵاتەکانی دەوڵـــەت و کۆمەڵگە بە شێوەیەك کە لەگەڵ تیرۆر و هێزەکانیدا یەکانگیربوون و دواتر بوونە دوو ڕووی یەك دراو.

٦. هێزە ســـەربازییەکانی پارێزگای موسڵ لە دژی دوژمنی دەرەکـــی جێگیر نەکرابـــوون، بەڵکو بۆ دوو ئامانج ئاراســـتە کرابوون، یەکەمیان: چەوساندنەوەی خەڵکی موســـڵ بە هەموو شـــێوازێك لـــە بۆچوونی تایفەگەرییەوە، دووەمیان: دژی هەرێمی کوردســـتان و هێزەکانی پێشـــمەرگە لە حاڵەتی هەر جووڵانەوەیەك بەرەو ســـەربەخۆبوون ئەمەش لە بۆچوونی شۆڤینییەوە بـــوو دژ بە مافی چارەی خۆ نووســـین. بۆیە و لەبەر گەندەڵی و بەرتیل ئەم سوپایە نەیتوانی بەرامبەر چەتە تاوانبارەکانی داعش بوەستنەوە.

٧. سیاسەتەکانی ســـەرۆکی ڕژێمی تایفەگەری و هەڵسوکەوتەکانی ڕۆژانەی و هەڵوێستە توندڕۆییەکانی لەبەرامبەر گەلی عێراق بە تایبەتی ســـوننە و گەلی کورد بە چارەســـەرنەکردنی کێشـــە هەڵپەسێردراوەکان لەوانـــەش ناوچە ناکۆکی لەســـەرەکان بەپێی ماددەی ١٤٠ ی دەستوور، هەروەها نەوت و نەناردنی مووچە، ئەمانـــە زەمینەیان بۆ چەکدارانی داعش ڕەخســـاند و بوونە هۆی ئەوەی کە لە دەروازەی موســـڵەوە بێنە ناو خاکی عێراقەوە.

٨. بێگومان عێراق و پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکەی دووچاری پیلانێکی چەپەڵـــی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ناوخۆیی بوونەوە کە پێشـــتر و ئێســـتاش مەبەستی لێکترازانی ئەو وڵاتەیە.

٩. لـــە کۆتاییدا ئەم ڕژێمە سیاســـییە تایفەگەرییە گەلی لە ماف و ئازادییـــە بنەڕەتییەکان بێبەش کرد، دووچاری کارەســـاتێکی گەورەی کرد، کە بەگشـــتی گەل پێوەی دەناڵێت، بەتایبەتیش کریستیان و ئێزیدی و تورکمان و کورد.

**● شێوازەکانی سەرکەوتن و ڕووبەڕووبوونەوەی دەرئەنجامەکانی ئەم هێرش و ئاوارەبوونە**

لەو کاتەیدا بـــاس لەوانە دەکەین کـــە بە زۆرەملی ئاوار بـــوون، هەروەها باس لە ژیانـــی تراژیدییانەیان دەکەین، پێویستە لەسەرمان ئاماژەش بکەین بە واقیعی ئـــەو هێزە پێشـــمەرگەیە و چەکهەڵگرانـــی ئێزیدی و لایەنگرانی شـــیوعی لە ڕووبەڕووبوونەوەی چەتەکانی داعـــش لە بەرەکانی شـــەڕدا کە ســـەرکەوتنێکی بێ وێنەیان تۆمارکردووە و ژمارەیکی زۆریان لە هێزەکانی شـــەڕخواز و دوژمنکاریان کوشتووە و پۆلێك شەهیدیان لەم شەڕانەدا بەخشـــیوە، بەڵام لە ئێستاشدا پێویستیان بە پشـــتیوانیی فراوانـــی نێودەوڵەتییـــە، لە چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلی سەربازی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سەرکەوتووانە و خێرا دژی ئەو شەڕخوازانە کە بەردەوام کاری کۆمەڵکوژی دژی هاووڵاتیـــان ئەنجام دەدەن، ســـەرباری پێویســـتیی هەماهەنگـــی و هاوکاریی و

**ئەگەر ژمارەی ئاوارە مەسیحییەکانی موسڵ و شوێنەکانی دیکەی نەینەوا گەیشتبێتە ١٥٠ هەزار کەس، ئەوا ژمارەی ئاوارەکانی ئێزیدی نزیکەی ٦٠٠ هەزار کەس دەبێت، هەزاران کەسیشیان لە شنگال ڕووبەڕووی گەمارۆی چەتەکانی داعش بوونەوە**

**ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بارودۆخەی ئێستا و دەرئەنجامەکانی و قەیرانی دوای ئازادکردن پێویستیان بە کارکردن هەیە لەپێناو دەستەبەرکردنی هاوکاری و هەماهەنگیی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ناوخۆیی و جەماوەری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان**



ئاڵوگۆڕکردنی زانیارییەکان لەنێوان سوپای عێراق و هێزی پێشمەرگە و دابینکردنی چەك و تەقەمەنی بۆ پێشمەرگە.

ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم بارودۆخەی ئێستا و دەرئەنجامەکانی و قەیرانی دوای ئازادکردن پێویستیان بە کارکردن هەیە لەپێناو دەستەبەرکردنی هاوکاری و هەماهەنگیی نێودەوڵەتی و ئیقلیمی و ناوخۆیی و جەماوەری بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەروەها پێویستیان بە دابینکردنی پێکهێنانی دوو ژووری ئۆپەراسیۆنی هاوبەش هەیە:

أ: ژووری ناوخۆیی- هەرێمی- نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش و تاوانەکانی لەسەر ئاستی عێراق و سووریا و ناوچەکە، وێڕای ئەوەی کە هەندێ دەوڵەت بەشداریان لە پاڵپشتیکردنی داعشدا کردووە، بەڵام ئەمڕۆ ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی داعش دەبنەوە، هەروەها دەوڵەتانی ئەوروپا ئێستا لەناکاودا ڕووبەڕووی داعش و شانە نووستوو و بەئاگاکانی بوونەتەوە، هەروەکو لەم دواییەدا لە پاریس ڕوویدا، بۆیە پێویستە ئەم هاوکارییە لەسەر بنەمای ستراتیژی نێودەوڵەتی دژ بە تیرۆر و تەکتیکی ڕۆژانەی نەرم و کاریگەر بنیادبنرێت کە بتوانێت پرۆسەی ئازادکردنی عێراق خێراتر بکات، بێ ئەوەی پێویستی بە هێزی دەرەکی بێت کە بێتە نێو عێراقەوە، حکومەتی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان توانای خێراکردنی ئازادکردنیان نییە، وێڕای ئەو هەموو هەوڵانەش کە بۆ ئەم مەبەستە لە ئارادان، بەڵکو پێویستە پاڵپشتیی هەمەجۆری نێودەوڵەتیشی لەگەڵدا بێت.

ب: ژووری ئۆپەراسیۆنی ناوخۆیی- ئیقلیمی- نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی دامەزراو و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و دەوڵەتانی ئەوروپا و دۆست و مەڵبەندەکانی توێژینەوەی زانستی و کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابووری بۆ چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونی و ئابوورییەکان کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی عێراقی دەبنەوەو بەتایبەتیش لەو ناوچانەی کە دووچاری تاعونی داعش بوونەتەوە، لەپاڵ دیراسەکردنی ئەو شتانەی لەنێوان پێکهاتەکانی گەل ڕوودەدەن لە کێشەی کۆمەڵایەتی و نەمانی متمانە، هەروەها شێوازەکانی گەڕاندنەوەی ئاوارەکان بۆ ناوچەکانیان و لایەنی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی لەوانەش تەندروستی و ژیان و دەروونی و ..تاد، واتا دابینکردنی پێداویستییەکانی چارەسەریی قەیرانەکانی دوای ئەو قەیرانە گەورەیەی ئێستا لە ئارادایە.

ئەو بارگرانییەی لە ئێستادا کەوتۆتە ئەستۆی هەرێم بەڕاستی زۆر گەورەیە، پێویستە هاوکاریی مەدەنی و سەربازیی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان کاراتر بکرێت و بێمتمانەیی نەمێنێت کە بە هۆی سیاسەتە چەوت و ناهەموارەکانی نوری مالیکی سەری هەڵدابوو، هەروەها پشتیوانییەکی نێودەوڵەتی بۆ ئەم هاوکاری و هەماهەنگییە هەبێت لە پێناو ئازادکردنی هەموو عێراق لە هێزی ستەمکار و و تاریکپەرست و دڕندە و ڕزگارکردنی گەلی عێراق لە تاوانەکانی پاکتاوی ڕەگەزی و جینۆساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و کاولکردنی کەلەپووری شارستانی و مرۆیی هەموو پێکهاتەکانی گەلی عێراق.

**ئەو بارگرانییەی لە ئێستادا کەوتۆتە ئەستۆی هەرێم بەڕاستی زۆر گەورەیە، پێویستە هاوکاریی مەدەنی و سەربازیی نێوان حکومەتی فیدراڵ و حکومەتی هەرێمی کوردستان کاراتربکرێت و بێمتمانەیی نەمێنێت کە بە هۆی سیاسەتە چەوت و ناهەموارەکانی نوری مالیکی سەری هەڵدابوو**



### سەرکەوتنی پێشمەرگە و شەڕڤانان لە شنگال و کۆبانێ

# چارەنووسی پەناهەندەکان دیاری دەکات



کاتێك وەکو تیمی گوڵان گەیشتینە کەمپی دارەشەکران، پەناهەندەکانی کۆبانێ لەو کەمپەدا سەرقاڵی ئامادەکردنی ڕێوڕەسمی ئاهەنگی ڕزگارکردنی شارەکەیان بوون، ئەوان چارەنووسی دوارۆژی خۆیان لە ژیانی ناو چادر و ئاوارەبووندا بەستۆتەوە بە سەرکەوتنەکانی پێشمەرگە و شەڕڤانان لە شەڕی دژی داعشدا، سوپاسی سەرۆکی کوردستان و پێشمەرگەشیان کرد کە هاوکار و پاڵپشتی شەڕڤانان بوون بۆ ڕزگارکردنی شارەکەیان لە دەستی چەتەکانی داعش، هاوکات نیگەران بوون لە کەمبوونەوەی کۆمەك و هاوکارییەکانی ڕێکخراو و ئاژانسەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کاتێکدا سەرمای زستان و بارانبارین ژیانی سەخت و دژوارتر کردوون.

**● بە پشتگیری پێشمەرگە بۆ شەڕڤانان کۆبانێ ئازاد کرا**

سەرەتا دەلال عەبدولڕەحمان کە چوار مانگ لەمەوبەر خۆی و خێزانەکەی لە (کۆبانێ)وە روویان لە هەرێمی کوردستان کردووە، سەبارەت بە ڕزگارکردنی شارەکەیان و پاڵپشتی و هاوکارییەکانی پێشمەرگە دەڵێت: «زۆر دڵخۆشین بە ڕزگارکردنی شارەکەمان کە بە پاڵپشتی سەرۆکی کوردستان و پێشمەرگەو بۆ شەڕڤانان توانرا داعشەکان لە شارەکەمان دەربکرێن، لەمەشدا سەرۆك بارزانی وەکو پارچەیەکی دانەبڕاو لە کوردستان مامەڵەی لەگەڵ کۆبانێ کرد، ئەم هەڵوێستەی سەرۆك بارزانی و پێشمەرگە، ئازار و مەینەتییەکانی دەربەدەری

**پاڵپشتی مسعود بارزانی سەرۆکی کوردستان و پێشمەرگە بۆ شەڕڤانان و ڕزگارکردنی شارەکەمان ئازار و مەینەتییەکانی دەربەدەری و ئاوارەبوونی لێ کەمکردووینەتەوە**




**داعشەکان و شۆڤێنیەکانی دژ بەکورد هیچ ئەخلاق و ئایینێکیان نییە**

**داواکارین لە خێرخوازانی کوردستان جلوبەرگ و قەمسەڵە و پێداویستی زستانەمان بۆ دابین بکەن و حکومەتیش چادرەکانمان بۆ بگۆڕن بە کابینە یان ژووری بلۆک**

و ئاوارەبوونی لێ کەم کردینەوە».

شـــیار حەســـەن ئاوارەیەکی دیکەیــە و وێڕای ئەوەی سوپاسی خەڵکی کوردستان و سەرۆك بارزانی دەکات کە سەرەڕای خراپیی رەوشی ئابووری و شەڕی داسەپاوی داعش، پێشوازییان لە خەڵکی کۆبانێ کردووە، ئومێدیشی زۆر بوو پێشمەرگە بەسەر داعش و تاقمە تیرۆریستەکانی دیکەدا سەربکەوێت.

لە بەشـــێکی دیکەی کەمپی دارەشەکران کە تایبەت بوو بە ئاوارەکانی قامشلۆ، جەلال حەسەن گوتی: «سوپاسی سەرۆك بارزانی و سەرۆکی حکومەتی کوردستان دەکەین کە زۆر هاوکارییان کردین و پێشوازییان لە دانیشتووانی کۆبانێ کردو دواتر پێشمەرگەیان بۆ پاڵپشتی شەرڤانان نارد و ئەو شـــارە کوردستانییەیان لە دەستی چەتەکانی داعش رزگار کرد، تەنانەت لە ســـەرەتای ئاوارەبوونماندا ســـەرۆك بارزانی ســـەردانی کەمپەکـــەی کردین و لە نزیکەوە داوای لە دامودەزگاکانی حکومەت و رێکخراوە مرۆییەکان کرد پێداویستییەکانمان بۆ دابین بکەن».

سلێمان محەمەد دانیشتوویەکی دیکەی هەمان کەمپە و ئەویش شانازی بە پێشـــمەرگەوە دەکات و رایوایە بۆ یەکەمینجارە کوردی هەرچوار پارچەکەی کوردســـتان بەو شـــێوە فراوانـــە یەکڕیز و تەبا بن و پشـــتی یەکتر بگرن، تەنانەت شەهیدەکانی پێشمەرگە و شەرڤانانی لە کۆبانێ و شنگال بە هێما و سمبولی یەکڕیزی و برایەتی نێومالّی کوردی دانا؛ ئەو کوردەی کوردستانی رۆژئاوا زیاتر گوتی: «هەموو کوردەکان لەســـەر ناســـنامەی کوردســـتانیان دەربەدەر دەکرێن و هەڕەشەیان لێدەکرێت، داعشـــەکان و شۆڤێنییەکانی دژ بە کورد، هیچ ئەخلاق و ئایینێکیان نییە، وڵاتانی ئیقلیمیش بەپێی پێویســـت هاوکاری و پاڵپشـــتییان نەکردووین، هەربۆیە لەهەموو کات زیاتر پێویستمان بەهاوکاری و پاڵپشتی یەکتر هەیە، ئەوەتـــا بە چاوی خۆمان بینیمان کاتێك پێشـــمەرگە و شەڕڤانان پێکەوە رووبەڕووی چەتەکانی داعش بوونەوە، کۆبانێ و شنگال رزگار کرا.»

### ● نەتەوە یەکگرتووەکان زۆر کەم کۆمەك و هاوکاریی ئاوارە و پەناهەندەکانیان کردووە

دانیشـــتووانی ئەو کەمپەی پەناهەندەکان نیگەران بوون لە کەمبوونەوەی کۆمەکی رێکخـــراوە نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەتی دوای ئەوەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رووبەڕووی قەیرانی دارایی بووەوە و ئاســـتی کۆمەك و خزمەتگوزارییەکانـــی زۆر کەم کـــردەوە و بەرامبەر ئەو کارەســـاتە مرۆییە دەستەوەستان راوەســـتاوە، لەمەشدا هەرێمـــی کوردســـتان بارگرانییەکـــی زۆری کەوتۆتە ســـەر. پەناهەندەکانی کۆبانێ لەم کەمپەدا کە ژمارەی خێزانەکانیـــان لە ٢٤٠ خێزان تێپـــەڕی کردووە، گلەیی ئەوەیان هەبوو چادرەکانیان لە شوێنێکی گونجاودا نییە، هەر لەوبارەیەوە حەســـەن ئەحمەد کە ئاوارەیەکی کۆبانێ بوو گوتی: «ماوەیەکە بە تەواوەتی کۆمەکی رێکخراوە نێودەوڵەتییـــەکان کەمی کـــردووە، نەتەوەیەکگرتووەکان رایگەیاندووە چیتر ناتوانێت هاوکاری ئەو ژمارە زۆرەی ئـــاوارە و پەناهەندەکان بکـــەن، گەربێتوو ئەم کۆمەك و هاوکارییانە نەمێنێت، کارەســـاتێکی مرۆیی روودەدات، هەموومان خوازیارین زوو بگەڕێینەوە شارەکانمان، بەڵام شـــەڕ و بۆردومانەکان کۆبانێی وێرانکردووەو شارەکانی تریش لەبەردەم هەڕەشەو بارودۆخێکی ناسەقامگیردایە، کارەبـــا و ئاو و خزمەتگوزارییەکان و هەلی کار نەماوە، هەربۆیە وادیارە بۆ ماوەیەکی زیاتر لەم کەمپەدا بمێنینەوە، بۆیە داواکاریـــن لە حکومەتی هەرێمی کوردســـتان و رێکخراوە مرۆییەکان و خێرخوازانی کوردستان جلوبەرگ



و قەمسەڵە و شیری منداڵ و حەفازە و پێداویستی زستانەمان بۆ دابین بکەن، حکومەتیش چادرەکانمان بۆ بگۆڕن بە کابینە، یان هەر هیچ نەبێت ژوورێکی بلۆکمان بۆ دروست بکەن، چونکە ئەم زستانە ئاوی باران دزەی کردۆتە ناو زۆربەی چادرەکانمان و منداڵەکانمان لە سەرمادا نەخۆش کەوتوون و پەتای خراپ بڵاوبووەتەوە».

هەر سەبارەت بە بڵاوبوونەوەی نەخۆشی لەناو کەمپەکەدا محەمەد حەسەن داود گوتی: «سەرمای زستان و بارانبارین و نەبوونی تواڵێت و شوێنی خۆشووشتن بۆ هەر خێزانێك وایکردووە نەخۆشییەکانی پێست و زەردوویی و ئینفلۆنزا و حەساسییەت بڵاوبێتەوە، بەتایبەتی لەناو منداڵ و ئافرەتاندا، بنکە تەندروستییەکەشمان باش نییە و پێویستیمان بە پزیشك و دەرمان هەیە، تواڵێتە گشتییەکانیش هۆکارێکن بۆ بڵاوبوونەوەی نەخۆشی».

بەشێوەیەکی گشتی پەناهەندەکانی کەمپی دارەشەکران داوکار بوون حکومەتی هەرێم وەکو شارۆچکەیەك مامەڵە لەگەڵ کەمپەکاندا بکات و گرنگی زیاتر بە بوارەکانی کارەبا و ئاو و پێداویستی زستانە و پەروەردەو تەندروستییان بدات، بەتایبەتی کە هەتا تادێت ژمارەی پەناهەندە و ئاوارەکان زیاتر دەبێت و پێداویستیەکانیشیان فراوانتر و زۆرتر دەبێت.

**● بێکاری خەمێکی گەورەی پەناهەندەکانە**

کەمپی دارەشەکران هەروەکو زۆربەی ئەو کەمپانەی کە سەردانمان کردبوون، ژمارەیەکی زۆری گەنج و پیاوی بێکاری هەبوو کە داوای دۆزینەوەی هەلی کاریان دەکرد، چونکە بۆ زیاتر لە چوار مانگە لەم کەمپەدا ماونەتەوەو هەروەکو خۆیان باسیان کرد، هەرچی پارەیان هەبووە، خەرجیان کردووە، لەم رووەوە عەبدولکەریم سلێمان گوتی: «ژمارەیەکی یەکجار زۆری گەنج و پیاو هەیە کە بێکارن و خوازیارن هەلی کاریان بۆ بدۆزرێتەوە، تاوەکو بتوانن پێداویستی بژێوی ژیان و خەرجی تەندروستی خۆیان و خێزانەکانیان دابین بکەن، بەتایبەتی کە ژمارەیەکی زۆری کەمئەندام و منداڵی نەخۆشمان هەیە و خەرجی زیاتریان دەوێت و چی پارەمان هەبوو، خەرجمان کردووە، گەر ئەم کێشەیە چارەسەر بێت، بارگرانی پەناهەندە و ئاوارەکانیش لەسەر حکومەت کەمتر دەبێتەوە».

لەلایەکی دیکەوە ژمارەیەك لە قوتابییەکان داوای کردنەوەی قوتابخانەی دواناوەندییان دەکرد کە ئەوان بەهۆی بارودۆخەکەوە ئێستا لەخوێندن دابڕاون.

**● گۆڕینی چادرەکان بە ژوور**

بەهۆی وەرزی سەرما و بارانبارین و دزەکردنی ئاو بۆ ژێر چادرەکان و ئەگەری کەوتنەی ئاگر، لە کەمپەکان رێگە درا ئاوارە و پەناهەندەکان بە بلۆك ژوورێك بۆ خۆیان دروست بکەن، بە هاوشێوەی کەمپی دۆمێز لە پارێزگای دهۆك، لە کەمپی دارەشەکرانیش ژمارەیەك لە پەناهەندەکانی کوردی رۆژئاوا سەرقاڵی دروستکردنی ژوور بوون، کە وا پێویستە بە شێوەیەکی ئەندازیاری و دیزاینێکی هاوبەش و رێکوپێك دروست بکرێت، چونکە دواجار کاریگەریی لەسەر شێواندنی دیزاینی ناو کەمپەکە و شەقامەکانی دەبێت، زۆر لە پەناهەندەکان ئەم رێگەپێدانەیان بە کارێکی باش دانا، بەو پێیەی کەش و هەوا لە هەردوو وەرزی زستان و هاوین لە باشووری کوردستان سەخت و دژوارە، بەڵام هەموو پەناهەندەکان توانای دابینکردنی بلۆك و کەرەستەی بیناسازییان نەبوو، هەر بۆیە داوایان لە رێکخراوە مرۆییەکان دەکرد بە بەرنامە هەرجارەو ژمارەیەك لە چادرەکان بگۆڕدرێن بە ژووری بلۆك.

**پەناهەندەکانی کوردانی رۆژئاوا خوازیارن زوو بگەڕێنەوە شارەکانیان، بەڵام شەڕ و بۆردومانەکان کۆبانێی وێرانکردووە و شارەکانی دیکەش لە بەردەم هەڕەشە و بارودۆخێکی ناسەقامگیردان**

**دوای ئەوەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان رووبەڕووی قەیرانی دارایی بووەوە ئاستی کۆمەک و خزمەتگوزارییەکان زۆر کەمبۆتەوە**


ins
ئینستیتۆی توێژینەوەی نیشتمانیی
سیمینارێك بە ناونیشانی:

# کۆنفرانسی قەرزی دەرەکی ڕەهەند و ئاکامەکانی



ئینستیتۆی توێژینەوەی نیشتمانی بە هاوبەشی گۆڤاری گوڵان سیمینارێکی بە ناونیشانی (قەرزکردنی دەرەکی ڕەهەندو ئاکامەکانی) لە کاتژمێر(٤)ی پاش نیوەڕۆی یەکشەمە ڕێکەوتی ٢٠١٥/١/٢٥ لە هۆڵی چوارچرا بۆ دکتۆر لەتیف کەریم واحید سازکرد، سەرەتا لەلایەن دکتۆر شێرزاد نەجار لە دەسپێکدا ئامانجی سیمینارەکە خرایەڕوو، پاشتر نزیکەی دوو کاتژمێر وتووێژو ڕاگۆڕینەوە لە نێوان کۆمەڵێک کەسایەتی پسپۆر لەو بوارەدا بەردەوامی هەبوو، کە تێیدا جگە لە دکتۆر لەتیف کەریم، وێڕای ئەوەی ژمارەیەک لە ڕۆشنبیران و شارەزایانی ئابووری و یاسایی لە زانکۆکانی کوردستان و بەرپرسانی حکومی ئەم بەڕێزانەش بەشدارییان لە گفتوگۆکاندا کرد(دکتۆر جەمال ڕەشید، دکتۆر ساحێب قارەمان، دکتۆر ئەنوەر بەرزنجی، دکتۆر نەجدەت ئاکرەیی، خاتوو نیگار نادر)، ئامانجی سەرەکی لە سیمینارەکەدا تاوتوێکردنی بابەتی چۆنیەتی قەرزی دەرەکی بوو، هەروەها بە چ شێوەیەک حکومەتی هەرێمی کوردستان بتوانێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی کورتهێنانی بودجەو چارەسەرکردنی دواکەوتنی پێدانی مووچەی فەرمانبەران و بەردەوامبوونی پڕۆژە خزمەتگوزارییەکان سوود لەم ڕاوبۆچوونانە وەربگرێت، کە پێکڕای ئەمانە کۆمەڵێک پرسی هەنووکەیین و لەلایەن ئابووریناسانەوە قسەو باسێکی زۆرتر هەڵدەگرن.

ئەگەر قەرز لە ناوخۆ بکرێت و لە هەمان کاتدا بۆ بنیاتنان و دروستکردنی ژێرخانی ئابووری بەکار بهێنرێت ئەوا هاووڵاتیان لە دوولاوە قازانجیان پێدەگات، لەلایەک برە پارەیەکی زیاتر وەردەگرنەوە لەو پارەیەی کە بە قەرز داویانە بە حکومەت، لەلایەکی دیکەوە سوودمەند دەبن لە بنیاتنانی ژێرخانی وڵاتەکەش

باشترە هەرێمی کوردستان هەوڵ و کۆششێکی دیبلۆماسی و سیاسی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانێت قەناعەت بە وڵاتە بەهێزەکانی وەک ئەمەریکاو بەریتانیاو فەڕەنساو ئەڵمانیا بکات، کە هاوشان بە هاوکاریە سەربازیەکانیان بۆ یارمەتیدانمان لە شەڕی داعشدا- بەتایبەتی کە ئەوانیش هاوپەیمانێتیان پێکهێناوە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی داعش-، بتوانن کۆمەکی داراییمان بکەن و بە مەرجی ئاسانتر قەرزمان پێبدەن

**● ئەم کۆنفرانسە بۆچی؟**

ئامانجی سەرەکی لە ئەنجامدانی ئەم کۆڕە بریتی بوو لە بەرچاوڕوونکردنەوەو گەڵاڵەکردنی پێشنیار و ڕاسپاردە بۆ تێپەڕاندنی ئەو دژواریە داراییەی کە دوچاری هەرێمی کوردستان بۆتەوە، کە ئەوەش بەهۆی گەمارۆو گوشارە ئابوورییەکانی حکومەتی عێراقەوە هاتۆتە ئاراوەو لە سەرو هەمووشیانەوە خۆی لە بڕینی بودجەی کوردستاندا بینیوە، هەروەها ئەو شەڕە نەخوازراوەی کە داعش سەپاندویەتی بەسەر ئەم هەرێمەدا. چونکە کوردستان پێشینەو ئەزموونێکی ئەوتۆی نییە لە پرسی وەرگرتنی قەرز و چۆنیەتی قەرزرکردن و سەرچاوەکانی قەرزکردن و چۆنیەتی دانەوەو چۆنیەتی بەکارهێنانیدا شێوەیەك کە ببێتە مایەی خۆشگوزەرانی و نەوەستانی ڕەوڕەوەی بەرەوپێشەوە چوونی خزمەتگوزارییەکان..

**● کەی و بۆچی قەرز دەکرێت؟**

سەرەتا باس لەوە کرا کە ئەم پرسە تاوتوێکردن و توێژینەوەی زیاتر هەڵدەگرێت و دەکرێت ببێتە هەوێنی بەشێك لە کۆنفرانسێکی فراوانی ئابووری بۆ داهاتوو، ئەویش بۆ ئەوەی بزانین لایەنە تاریك و ڕۆشنەکانی ئەم بەشە چین، هەوڵیش بدرێت وەڵامی ئەم پرسیارە بدرێتەوە کە ئایا قەرزکردن دەردی ڕەوشە داراییە نالەبارەکە گرانتر دەکات، یاخود هەنگاو و هەوڵێك دەبێت بۆ تێپەڕاندنی ئەم ڕەوشە ناهەموارو نالەبارە.

ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ پرسی ئەوەی بۆچی لەم ساتەوەخت و قۆناغەدا کوردستان بیر لە قەرزکردن دەکاتەوە بۆ تێپەڕاندنی ئەم دۆخە داراییە دژوارەی، ئەوا وەڵامەکە ئەوەیە کە دەوڵەتان ئەو کاتە پەنا بۆ قەرزکردن دەبەن کە داهاتیان لە خەرجیەکان کەمتر بێت، واتە کاتێك تەرازووی ئەم هاوکێشەیە لاسەنگ بێت، هەروەها کاتێك وەبەرهێنان زۆرەو پاشەکەوتکردن کەمە، واتە لەبەر ئەوەی نەمانتوانیوە خۆمان پاشەکەوت بکەین، ئەوا سوود لە پاشەکەوتی وڵاتانی دیکە وەردەگرین.

مەبەستی سەرەکی هەر دەوڵەتێکیش لە قەرزرکردن بریتیە لە پێشکەوتنی ئابووری و گەشەپێدانی وڵاتەکە. دەکرێت قەرزیش بۆ گەشەپێدانی ژێرخانی ئابووری بێت، کە ئەویش لە دوو بواردا بەرجەستە بێت، وەبەرهێنان لە ژێرخان و پرۆژە درێژخایەنەکاندا، وەك پرد و ڕێگاو بان و وێستگەکانی بەرهەم هێنانی کارەبا، کە ئەم پرۆژانە هەم تێچوونێکی زۆری هەیە و هەم لە مەودای دوورودرێژدا داهاتیان دەبێت، بواری دووەم بریتیە لە خستنەگەڕ و وەبەرهێنانی ئەو قەرزانە لە کارگە و کێڵگەکان، واتە پرۆژەی کورتخایەن کە دەتوانن تێچووەکانی خۆیان دابین و دەستەبەر بکەن و هەر بەو داهاتەی لەو پرۆژانەوە دەستەبەر دەکرێن وردە وردە قەرزەکانیشی پێ بدرێتەوە، هاوکات ژمارەیەکی زۆری دەستی کاری ناوخۆشی پێ بخرێنە سەر کار.

مەبەستێکی دیکەی قەرزکردن بەدەستهێنانی داهاتە بۆ خەرجکردن، بەڵام ئەگەر هاتوو قەرزەکە بۆ بواری خەرجکردن بوو، ئەوا مەرج نییە پەنا بۆ قەرزی دەرەکی ببردرێت، دەکرێت لە سەرچاوە ناوخۆییەکانەوە ئەم قەرزە دابین بکرێت.

**● ئاڵوگۆڕ بەسەر شێوازی پێدانی قەرز**

پێکهاتەی قەرزی وڵاتە گەشەکردوەکان لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا گۆڕانکاری بەسەردا هات، چونکە پێشتر وڵاتە گەشەکردو و پێشکەتووەکان ڕاستەوخۆ قەرزیان بە وڵاتە دواکەوتوو و هەژارەکاندا دەدا، هەروەها بڕێکی ئەو قەرزەیان وەك کۆمەك و یارمەتی پێدەدان، بەڵام وردە وردە لە کۆتایی حەفتاکاندا زیاتر لە ڕێی بانکی جیهانی و سندوقی دراوی جیهانیەوە ئەم قەرزەیان بەو وڵاتانە دەبەخشی. مەترسی ئەم ئاڵو گۆڕە لەوەدا بوو کە چیتر بەشێکی ئەو قەرزە وەك یارمەتی و هاوکاری و کۆمەك نەدەبەخشرا، واتە ئەم لایەنانە مەرجی خۆیان دەسەپاند لە کاتی پێدانی قەرزدا، ئەمەش بە زیانی وڵاتە هەژار و دواکەوتووەکاندا شکایەوە.

**● باری گرانی قەرز**

لایەنێکی دیکە ئەوەیە کە خاوەن ماڵ خۆی دەستی هەیە لەو ماڵوێرانەیەی هاتۆتە ئاراوە، واتە خۆی پشکی بەردەکەوێت لەو بارودۆخەی خولّقاوە، خۆی بەشێکی ئۆباڵ و بەرپرسیارێتیەکەی دەکەوێتە ئەستۆ، بۆچی؟ چونکە هۆکارێکی سەرهەڵدانی ئەو ڕەوشە داراییە خراپەی سەریهەڵدا لە زۆرێك لە وڵاتە هەژارەکاندا بریتی بوو لە گەندەڵی و بە هەدەردان و بە فیڕۆدانی سەروەت و سامانی گشتی و خراپ بەڕێوبردنی کاروبارە ئابوورییەکان. لەبەر ئەوە پێویستە پێداچوونەوە بکرێت بە شێوازی بەڕێوەبردن و کەمکردنەوەی گەندەڵی و تەخشان و پەخشانکردنی سەروەت و سامانی وڵاتەکە، ناکرێت هەرکەس هات و پێشنیاری ئەوەی کرد بە هەرزان قەرز بدات بە وڵاتەکە، ئەوا بێ دوودڵی و بێ بیرکردنەوە بڕیار بدات و قەرز وەربگرێت. کەواتە ئیدارەی وڵات و حکومڕانی وڵاتیش بەشێکی بەرپرسیارێتیەکەیان بەردەکەوێت. چونکە ئەگەر بۆ ئەزموونی هەندێ وڵات بگەڕێینەوە کە خۆیان خستە ژێرباری گرانی قەرزی زۆرەوە، کە ئەوەندی دیکە لە قوڕی دواکەوتوویی و هەژاریدا چەقین و دەردەکەی گرانتر کردن، وەك ئەرجەنتین و بەرازیل و مەکسیك، کە لە ساڵی ١٩٨٢دا

وڵاتی مەكسـیك ڕایگەیاند كە چیتر توانای دانەوەی قەرزی نەماوە، لە سـاڵی ١٩٧٠دا ئەرجەنتین تەنها ٢ ملیـار دۆلار قەرزار بوو، بەڵام دوای دە سـاڵ لەبری دانـەوەی قەرزەكانی، بـڕی قەرزەكەی لە ماوەی ١٠ ساڵدا بۆ سەرو ٢٧ ملیار دۆلار هەڵكشا. هەمان حاڵەت لە وڵاتـی بەرازیلدا دووبارە بووە، كـە لە ماوەی ١٠ سـاڵدا قەرزەكانی لە ٣ ملیـارەوە بۆ ٧١ ملیار دۆلار. جارێكـی دیكە و بەهۆی قەیرانە ئابوورییە جیهانیەكەوە قوڕی قەرزەكان خەسـتر بوونەوە، بۆ نموونە ئەرجەنتین لە سـاڵی ٢٠٠٥دا ١١٤ ملیـار دۆلار قەرزار بوو، لە ماوەی سـێ سـاڵدا بەرز بۆوە بۆ ١٢٨ ملیار دۆلار، بەرازیل لە نزیكەی ١٨٨ ملیار دۆلار قەرزەوە بۆ زیاتر لە ٢٥٥ ملیار دۆلار. كەواتە ئەو بارە دارایی و ئابوورییە قەیراناوییەی وڵاتە پێشكەوتوو و گەشەكردووەكان پێیدا تێپەڕیون كاریگەری دەبێت لەسـەر باری قەرز و باری ئابووری وڵاتە هـەژارەكان. یەكێك لە ئاكام و لێكەوتە خراپ و زیانبەخشـەكانی قەرز ئەوەبـوو كە بەرۆكی وڵاتانی ئەفریقیا و وڵاتانی ئەمەریكای لاتینی گرت لە ساڵانی هەشـتاكان و نەوەتەكانی سەدەی ڕابردودا، كـە لەبری ئەوەی قەرز دەرمانـی دەردی ئەم وڵاتانە بكات، باری سەرشانی قورستر كردن، لەبری گەشەكردن دووچاری پووكانەوەی كردن.

**● سەرچاوەكانی قەرز و سوود و زیانەكانی**

ئەگەر قـەرز لە ناوخۆ بكرێت و لـە هەمان كاتدا بۆ بنیاتنان و دروستكردنی ژێرخانی ئابووری بەكار بهێنرێت ئەوا هاووڵاتیان لە دوولاوە قازانجیان پێدەگات، لەلایەك بڕە پارەیەكی زیاتر وەردەگرنەوە لەو پارەیەی كە بە قەرز داویانە بە حكومەت، لەلایەكی دیكەوە سوودمەند دەبن لە بنیاتنانی ژێرخانی وڵاتەكەش، لەسـەرێكی دیكەوە ئەمـە هانی هاووڵاتیان دەدات بۆ ئەوەی پاشـەكەوت بكەن، بەڵام ئەوەی جێی داخە ئەوەیە هاووڵاتیان نازانن پاشـەكەوتەكانیان لە كوێدا و لە چیـدا بەكار بهێنن، ئەگەرچی ئـەوان دەزانن پاشـەكەوت بكەن. چونكە ئەگەر سیاسـەتێكی ڕاست و دروست پیادە بكرێت ئەوا ئەمە یارمەتیدەر دەبێت بۆ بووژاندنەوەی كەرتی بانكی، چونكە ئەگەر هاووڵاتیان بتوانن پاشـەكەوتەكانیان لە بانكەكانـدا دابنێن ئەوا حكومەت دەتوانێت سـوود لەو پارەیە وەربگرێت و هەروەها پرۆژەكانیش دەتوانن سوودی لـێ وەربگرن. لەبەر ئـەوە زۆر زەحمەتە بتوانیت باس لە گەشـەكردنی ئابووری بكەیت لـە كاتێكدا كەرتی بانكیـی بوونی نەبێت، چونكە بانكـەكان لە هەرێمی كوردسـتان ناوەندی پارە گۆڕینەوەن(صراف)ن و كاری بانكیی ناكەن، واتە ئەگەر سـەرچاوە ناوخۆییەكان بە شـێوەیەكی ڕێكوپێك بەكار بهێنرێـت ئەوا دەبێتەهۆی چالاككردن و بووژاندنـەوەی كەرتی بانكیی. لەگەڵ ئەوەشـدا هێشتا مەترسی ئەوە هەیە ئەم قەرزە لە دەست دەربچێـت و حكومەتی چیتر جڵـەوی قەرزەكەی لە دەسـتدا نەمێنێتەوە پێی نەدرێتەوە، وەك ئەو حاڵەتەی بەسـەر وڵاتانی باشووری ئەوروپادا هاتوون، لەبەر ئەوە هەتا بتوانرێت قەرز نەكرێت باشـە، ئەگەر قەزریش كرا لـە ناوخۆدا بكرێت و بە بڕ و ئەندازەیەكی كەم بكرێت. واتە دەبێت بە پێی بەرەكەی خۆمان پێی ڕابكێشـین، ئەگەر توانامان نییە نابێت قەرز بكەین. سەرچاوەیەكی دیكەی قەرز سـەرچاوەی دەرەكیە، خۆ ئەگەر بێت لە بانكـە مەركەزیەكانی وڵاتان بێت ئەوا باشـترە، یەكەم لەبەر ئەوەی سـوودێكی كەمتری دەخرێتەسەر، دووەم لەبەر ئەوەی بوار دەدەن لە دوای ماوەیەك، شەش مانگ بۆ ساڵێك، دەسـت بكرێت بە دانەوەی ئەو قەزرە، واتە ئەمە بوارێك بۆ قەرز وەرگرەكان دەڕەخسێنێت بۆ ئەوەی بـە باری دارایی و ئابووری خۆیـدا بچێتەوە، هەندێ جاریش لە بەشـێكی ئەو قـەرزە خۆش دەبن و دەیكەنە كۆمەك و هاوكاری. ئەگەرچی ڕەنگە ئەمە دەروازەیەك بێت بۆ دەسـتێوەردانی دەرەكی، هەروەها سـوودی ئەم قەرزەش دەچێتـە دەرەوە. هەروەها قەرزكردن لە بانكی نێودەوڵەتی سـندوقی نێودەوڵەتی دراویش مەترسـی ئەوە هەڵدەگرێت كە مەرج بەسـەر وڵاتە قەرز وەرگرەدا دەسـەپێنن و هەروەها وڵاتەكە دەكەوێتە ژێر ویسـت و خواستی شارەزا دەرەكیەكانەوە كە ئەوان بڕیارێك لەبارەی ئابـوری وڵاتێكەوە دەدەن كە ڕەنگە ئـەو وڵاتەیان لە نزیكـەوە هەرگیز نەبینیبێت. سـەرچاوەیەكی دیكەی قەرز بریتیە لە سـەرچاوە بازرگانیەكان، بەڵام ئەویش زیانەكانی لەوەدا بەرجەسـتە دەبێت كە سوودی دەچێتە دەرەوە ڕێژەی سـوودەكە بەپێی بـازاڕ دیاری دەكرێت و هەروەها دەبێت ڕاسـتەوخۆ دەست بكرێت بە دانەوەی قەرزەكەو لە هەمان كاتدا بواری لێخۆشبوونیشی نییە.

**● كوردستان و پرسی قەرزكردن**

لەبـەر ئـەوەی كوردسـتان دەوڵـەت نییـە، بواری قەرزوەرگرتنی لێ بەرتەسك دەبێتەوە. ڕەنگە كوردستان نەتوانێت لە بانكی جیهانی و سندوقی نێودەوڵەتی دراو قـەرز وەربگرێت، چونكە ئەم لایەنانـە تەنها قەرز بە دەوڵەتە سـەربەخۆكان دەدەن، بەڵام ئەگەر بتوانێت ئەم كارە بكات، ئەوا باشترە لەوەی قەرزی بازرگانی بكات. لەلایەكی دیكەوە باشـترە هەرێمی كوردستان هەوڵ و كۆششێكی دیبلۆماسی و سیاسی بخاتەگەڕ بۆ ئەوەی بتوانێت قەناعەت بـە وڵاتە بەهێزەكانی وەك ئەمەریكا و بەریتانیا و فەڕەنسـا و ئەڵمانیا و... تاد بكات، كە

**قەرزكردن دەبێتەهۆی ئەوەی تاكە سەرچاوەی داهاتی ئێمە كە نەوتە ببێتە بارمتە لای كومپانیا و بانكەكان لە پاشەڕۆژدا، لەبری ئەوە باشترە خەرجیەكان كەم بكرێتەوەو كەرتی بانكی ببوژێنرێتەوە، هەروەها بیر لە سەپاندنی باجی داهات بكرێتەوە**

**قەرزكردن لە بانكی نێودەوڵەتی سندوقی نێودەوڵەتی دراو مەترسی ئەوە هەڵدەگرێت كە مەرج بەسەر وڵاتە قەرز وەرگرەكەدا دەسەپێنن و هەروەها وڵاتەكە دەكەوێتە ژێر ویست و خواستی شارەزا دەرەكیەكانەوە كە ئەوان بڕیارێك لەبارەی ئابووری وڵاتێكەوە دەدەن كە ڕەنگە ئەو وڵاتەیان لە نزیكەوە هەرگیز نەبینیبێت**

**ساڵێكە بودجە لە كوردستان بڕدراوە، بەڵام بازاڕ وشكی نەكردووەو ڕانەوەستاوە، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت پارە هەیەو خەڵكی پاشەكەوتی كردووە، بەڵام ئەم پارەیە نەخراوەتە بانكەكانەوە، ئەمەش پێوەندیەكی بە تینی بە ڕێژەی سوودەوە هەیە كە تووشی كێشەیەكی گەورە بووینەتەوە لە ڕووی كەلتور و ئاینیەوە**



هاوشان بە هاوکاریە سەربازیەکانیان بۆ یارمەتیدانمان لە شەڕی داعشدا- بە تایبەتی کە ئەوانیش هاوپەیمانێتیان پێکهێناوە بۆ ڕووبەڕبوونەوەی داعش-، بتوانن کۆمەکی داراییمان بکەن و بە مەرجی ئاسانتر قەرزمان پێبدەن. ڕەنگە بەهۆی ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا نرخی نەوت بەرز بوو و پارەیەکی زۆر لە بانکەکاندا هەڵگیران و هەروەها بەهۆی ئەوەی ڕێژەی سوود لە بانکەکان نزمە، ئەوا بە ئاسانی بتوانرێت قەرز بکرێت و ڕەنگە ئەو بانکانەش خۆیان هانی ئەوە بدەن قەرزیان لێ بکرێت.

ئێستا کاتی ئەوە نییە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بوژاندنەوە و بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری قەرز بکات، چونکە ئەمانە پرۆژەی درێژخایەنن و لە مەودایەکی کورتدا ناتوانن داهاتیان هەبێت و کوردستانیش ئێستا توانای ئەوەی نییە ئەو قەرزە بداتەوە. واتە بە هەڵەداچوونە ئەگەر ئەم قەرزە بکرێت، چونکە دەبێت ئەو پرۆژەیەی قەرزی بۆ دەکرێت بتوانێت خۆی پارەکە بەرهەم بهێنێتەوە، لە کاتێکدا کە پێویستە حکومەت پارەکەی بداتەوە و سوودەکەی ئەم پرۆژانەش ناڕاستەوخۆ دەبێت و نایەتەوە گەنجینەی حکومەتیشەوە. کەواتە لە هەموو حاڵەتێکدا دان بە خۆداگرتن و کەمترکردنەوەی خەرجیەکان باشترە، خۆڕاگرتن باشتر ئەگەرچی سەخت و تاڵیش بێت، چونکە قەرزکردن دەبێتەهۆی ئەوەی تاکە سەرچاوەی داهاتی ئێمە کە نەوتە ببێتە بارمتە لای کومپانیا و بانکەکان لە پاشەڕۆژدا، لەبری ئەوە باشترە خەرجیەکان کەم بکرێتەوە و کەرتی بانکی ببوژێنرێتەوە، هەروەها بیر لە سەپاندنی باجی داهات بکرێتەوە. ئەگەر سەرنج بدرێت ئەوە ساڵێك بودجە لە کوردستان بڕدراوە، بەڵام بازاڕ وشکی نەکردووە و ڕانەوەستاوە، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت پارە هەیەو خەڵکی پاشەکەوتی کردووە، بەڵام ئەم پارەیە نەخراوەتە بانکەکانەوە، ئەمەش پێوەندیەکی بە تینی بە ڕێژەی سوودەوە هەیە کە تووشی کێشەیەکی گەورە بووینەتەوە لە ڕووی کەلتور و ئاینیەوە، ئەگەرچی وڵاتە ئیسلامیەکان چارەسەریان بۆ دۆزیتەوە و پێویست دەکات ئێمە بیر لە چارەسەر بکەینەوە، بۆچی هاووڵاتیانی وڵاتانی سعودیە و کەنداو و تورکیا و مالیزیان پارە لە بانکەکاندا دادەنێن. بەڵام لەلایەکی دیکەوە دەبێت خەڵکی متمانەی بە بانکەکان هەبێت و حکومەتی گەرەنتیان بکات. هەروەها دەبێت

**دەبێت ئەو پرۆژەیەی قەرزی بۆ دەکرێت، بتوانێت خۆی پارەکە بەرهەم بهێنێتەوە، لە کاتێکدا کە پێویستە حکومەت پارەکەی بداتەوەو سوودەکەی ئەم پرۆژانەش ناڕاستەوخۆ دەبێت و نایەتەوە گەنجینەی حکومەتیشەوە. کەواتە لە هەموو حاڵەتێکدا دان بە خۆداگرتن و کەمترکردنەوەی خەرجیەکان باشترە، خۆڕاگرتن باشتر ئەگەرچی سەخت و تاڵیش بێت**



حکومەت زۆر بە جددیتر کار لەسەر کەمکردنەوەی گەندەڵی بکات. کەواتە ئەمە لێدانی زەنگی مەترسیە، ئەویش لەبەر ڕۆشنایی ئەزموونی ئەو وڵاتانەی قەرزیان کردووەو لە ڕوانگەی مەرجە سەخت و قورسەکانی لایەنی قەرزی دەرەوە، لەبەر ئەوە تاوەکو سڵبکرێتەوە لە قەرزکردن هێشتا هەر کەمە، تاوەکو لێی بترسین جێی بەرپرسیارێتیەو تاوەکو خۆمان بە بەرپرسیار بزانین، ئەوا دەبێت لێی بترسین. چونکە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو مەرجانەی بانکی نێودەوڵەتی و سندوقی نێودەوڵەتی دراو سەپاندیان لە دەیەکانی هەشتاکان و نەوەتەکاندا کە بە دەیەی ونبو لە قەڵەم دەدرێت، تەنانەت ئەم لایەنانەش خۆیان شەرم لە باسکردنی سەپاندنی ئەو مەرجانە دەکەن، چونکە وڵاتە قەرز وەرگرەکانیان بە چۆکدا هێناوەو خەڵکی ئەو وڵاتانە باجەکەیاندا. بەڵام هەرچۆنێك بێت ئەگەر بتوانرێت قەرزەکە بدرێتەوە و ئەگەر قەرزەکە بۆ پێشکەوتن و گەشەکردنی وڵاتەکە بەکاربهێنرێت، ئەوا کەس لاری نییە لەمە، چونکە لە هەموو حاڵەتێکدا دەوڵەتەکان پەنا بۆ قەرزکردن دەبەن، تەنانەت وڵاتە گەشەکردووەکانیش. بەڵام لەبەر ئەوەی ئێمە دەوڵەت نین و خاوەنی زیاد لە سەرچاوەیەکی داهات نین، ئەوا ئەگەر نەمانتوانی قەرز بدەینەوە، ئەوا تاکە سەرچاوەیەکی داهاتمان هەیە کە نەوتە ئەویش بۆ دانەوەی قەرز دەستی بەسەردا دەگیرێت. کەواتە دەبێت هەوڵ بدرێت سەرچاوەکانی داهات زیاتر بکرێت و ناکرێت هەموو هێلکەکانی خۆمان بخەینە یەك سەبەتەوە، کە ئەمە ئەگەری ماڵوێرانی بە دوای خۆیدا دەهێنێت، ئومێدەکە ئەوەیە ئەم قەیرانە ئەوەندەی ئێمە تاساندبێت کە بیر لەم مەسەلەیە بکەینەوە و پلان و تێڕوانینمان هەبێت و پێویستە حکومەت جددیتر بیر لە باری ئابووری بکاتەوە، دواتر لە کاتی گفتوگۆکاندا ڕای پێچەوانەش هەبوو سەبارەت بەوەی لەم کاتەدا قەرزکردن پێویستە بە مەرجێك هەرێمی کوردستان لە دەسەبەرکردنی داهاتدا تەنیا پشت بە نەوت نەبەستێت بەڵکو کشتوکاڵ وکەرتی گەشتیاری و کەرتی پیشەسازی بچووکی پێ ئەکتیڤ بکات و بەرهەمی لەو بوارانەدا هەبێت، هەروەها باجی داهات وەك لە وڵاتانی پێشکەوتوودا هەیە بە پێی سیستمێکی ڕێکوپێك ئەکتیڤ بکرێت بۆ ئەوەی ببێتە پاڵنەرێکی باش بۆ وەدەسختستنی داهات.

**کاتی ئەوە نییە حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بووژاندنەوە و بنیاتنانەوەی ژێرخانی ئابووری قەرز بکات، چونکە ئەمانە پرۆژەی درێژخایەنن و لە مەودایەکی کورتدا ناتوانن داهاتیان هەبێت و کوردستانیش ئێستا توانای ئەوەی نییە ئەو قەرزە بداتەوە. واتە بە هەڵەداچوونە ئەگەر ئەم قەرزە بکرێت**